**کتێبخانەیەکە تایبەت بە:**


**١. کتێب و گۆڤاری کوردی**

**٢. کتێب و گۆڤاری بیانیی سەبارەت بە کورد**

📚 **لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن: @kurdica ، دوایە کرتەی لەسەر بکەن و ببنە ئەندامی کتێبخانەی کوردیکا.**

📚 **تکایە ئەم کتێبخانەیە بە هاوڕێکانتان بناسێنن.**

انتشارات علمی کالج
College Scientific Publication



(ئاسۆ)

١٣٨٩-١٣٩١

# نەورۆز

محەمەدسەعید نەجاری

بۆ کتێبخانەی گشتی مامۆستایانی بۆکان

وسپاس لە ز. حەمزەی ٢ کاک حوسێنی

نێتر بەگی. هیوادارم دوای خوێندنەوە

ی هەستەوە شوێنی خۆی.

ئاسۆ - بۆکان - ٨/٨/٩٥

١٤٠٠/٨/٢٤

کتابخانه کانون بازنشستگان
آموزش و پرورش بوکان

# نەورۆز

١٧٠٠٢٤١٦

# نەورۆز

محەممەدسەعید نەججاڕی

(ئاسۆ)

انتشارات علمی کالج
College Scientific Publication

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | نجاری، محمدسعید، ۱۳۳۵ - |
| عنوان و نام پدیدآور | : | نوروز/ شاعر محمد سعید نجاری(ئاسو). |
| مشخصات نشر | : | سنندج: انتشارات علمی کالج، ۱۳۹۵. |
| مشخصات ظاهری | : | ۲۲۴ ص. |
| شابک | : | ٩٧٨-٦٠٠٠-٨٠٠٣-٤٥-٨ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| موضوع | : | شعر کردی -- قرن ۱۴ |
| موضوع | : | Kurdish poetry -- ۲۰th century |
| موضوع | : | شعر فارسی-- قرن ۱۴ |
| موضوع | : | Persian poetry -- ۲۰th century |
| رده بندی کنگره | : | ۱۳۹۵ ۳ن/۸۴۳م ۳۲۵۶PIR |
| رده بندی دیویی | : | ۸فا۹/۲۱ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۴۲۴۸۱۷۵ |

انتشارات علمی کالج
College Scientific Publication

ناوی کتێب: نەورۆز

نووسینی: محەممەدسەعید نەججاری (ئاسۆ)

ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوی زانستی کالێج

بەڕێوەبەر: کەیوومەرس کەرباسی

ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان: شاهۆ ئەحمەدیان

ساڵی چاپ: یەکەم- ۱۳۹۵

ئەژمار: ۱۰۰۰ بەرگ

نرخ: ۱۲۰۰۰ تمەن

مرکز پخش: سنندج، سه راه ادب، مجتمع تجاری کردستان،طبقه دوم، واحد ۲۲۳

انتشارات علمی کالج

تلفن: ۰۸۷۳۳۲۲۹۹۶۸ - ۰۹۱۸۸۷۱۰۷۲۱

حق چاپ برای ناشر محفوظ است

# پێرست


بەیانی زریوار........................................ ١٢
بازنشەست........................................ ١٤
پەیام........................................ ١٥
ئیمەیل........................................ ١٦
هەوای ئاشنا........................................ ١٧
یاسا........................................ ١٨
خەرابی خەراباتی ئەوین........................................ ١٩
نەچووە بچۆ........................................ ٢٠
لە کەرکووک........................................ ٢١
مباز........................................ ٢٢
بۆ چاوکاڵێکی سلێمانی........................................ ٢٣
میتوان........................................ ٢٤
شوعلە........................................ ٢٥
پێڵێنان........................................ ٢٦
ئالا........................................ ٢٧
پیغام........................................ ٢٨
بەرەو کوێستان........................................ ٣٠
گلەیی........................................ ٣١
ژانویە........................................ ٣٢
نۆزدەی گولان........................................ ٣٣
بهار........................................ ٣٤
حەوشە........................................ ٣٥
تینی عەشق و گەل........................................ ٣٦
شوێنی پێی یاران........................................ ٣٧
داوەتی هێمن........................................ ٣٨
وفاداران........................................ ٣٩
لە گورستان ڕۆژی جەژن........................................ ٤٠

ئەوین و فەلسەفە و ئیمان........................ ٤١
نامە........................ ٤٢
غەم مەخۆ........................ ٤٣
خۆشەویستی........................ ٤٤
بۆ گۆیژەی سولەیمانی........................ ٤٥
بۆ مامۆستا هێدی........................ ٤٦
بۆ چاومەستێ........................ ٤٧
افسوس........................ ٤٨
وەرگێراو لە ناسرخوسرەو........................ ٤٩
چوارینە........................ ٥٠
یادی پەشمین........................ ٥١
بۆ گوڵی لاولاوەکەم........................ ٥٢
سۆز........................ ٥٣
خاڵە........................ ٥٤
بۆ چاوکاڵەکەی بانگ........................ ٥٥
بۆ لاقە دەوڵەتیەکەی مامۆستا کەماڵ........................ ٥٦
چاوبڕکێ........................ ٥٧
لێم گەڕێ........................ ٥٨
ڕەشئەسمەر........................ ٥٩
دوایین وتەی دایە........................ ٦٠
ئارەزوو........................ ٦٧
بەرەو هەورامان........................ ٦٨
هەور........................ ٧٢
هەلوێست........................ ٧٣
دەواری عەشق........................ ٧٤
غەزەلی کەسنەکردوو........................ ٧٥
شینی ڕێبەر........................ ٧٦
بۆ مورتەزایی٧٧داری بێسەدا........................ ٧٨

ئەنیستیتۆی درۆ........................................................................................ ٧٩
بۆ کیژێکی هەورامی.................................................................................. ٨٠
شریتی ئاوەژوو........................................................................................ ٨٢
دوو بەیتی............................................................................................... ٨٣
ئەوینی نهێنی........................................................................................... ٨٤
دەگوزەرێ................................................................................................. ٨٥
غەزەلی هیچ............................................................................................ ٨٦
پرسیار.................................................................................................... ٨٧
باوەفایێ بۆ نییە؟...................................................................................... ٨٨
بۆ شایەری چاوەکانت................................................................................ ٨٩
خێڵی بقە................................................................................................. ٩٠
گورگاڵ.................................................................................................... ٩١
گوڵی خەزانی........................................................................................... ٩٢
هەتا عاشق نەبی....................................................................................... ٩٣
دەبیرستانە تاقانەکەی بۆکان....................................................................... ٩٤
ساڵگەرد................................................................................................. ٩٧
بۆکان..................................................................................................... ٩٨
فرۆکەخانەی میهرئاباد............................................................................... ٩٩
اندیشه.................................................................................................... ١٠٠
عیشقی سەرەڕێ....................................................................................... ١٠١
شبي با او.................................................................................................. ١٠٢
گێژاو...................................................................................................... ١٠٣
کەسی ئاسۆ............................................................................................. ١٠٤
بۆ دوو نەتەوە.......................................................................................... ١٠٥
زیندانی دووکەڵ....................................................................................... ١٠٦
پاییز...................................................................................................... ١٠٨
سەفەرێکی بێ کۆتایی.................................................................................. ١٠٩
سێبەری شیعری ئەوین................................................................................ ١١٢

بي تو........................................................................................ ١١٣
نەورۆزی شەپاوی.............................................................................. ١١٥
بۆ قەلادزێ................................................................................... ١١٦
گل‌پرست...................................................................................... ١١٧
شوعلەی ناز................................................................................... ١١٨
بێسیمی دل.................................................................................... ١١٩
راز پنهان...................................................................................... ١٢٠
پەیرەوی گۆران................................................................................ ١٢١
لە بیارە........................................................................................ ١٢٢
بۆ دیوارە ڕووخاوەکەی مەولەوی.............................................................. ١٢٣
کێشەی دەروون................................................................................ ١٢٤
تەماشای خەس................................................................................ ١٢٥
گریانی بەکول................................................................................. ١٢٦
لە دوورەوە مالاوایی........................................................................... ١٢٧
ئومید.......................................................................................... ١٢٩
خال............................................................................................ ١٣٠
قەرار........................................................................................... ١٣١
امید............................................................................................ ١٣٢
حەسرەت....................................................................................... ١٣٣
پەیامنێران..................................................................................... ١٣٤
سجیل.......................................................................................... ١٣٥
لە سەر چۆم................................................................................... ١٣٦
مستی عشق.................................................................................... ١٣٧
پاتەخت........................................................................................ ١٣٨
بۆ کێوی شایمەردان........................................................................... ١٣٩
لەیلا........................................................................................... ١٤٠
بۆ پەیکەرەی شەهریار......................................................................... ١٤١
لە وان.......................................................................................... ١٤٢

خاکی باشوور.......................................................... ١٤٣
غوربەت.......................................................... ١٤٤
مەرحەبای سیگنالی.......................................................... ١٤٥
لە بەر قەلآی ئامێد.......................................................... ١٤٦
پێت وایە ئاوا چا دەکەی.......................................................... ١٤٧
هەدیە.......................................................... ١٤٨
مەرتەبەی ئەفلاکی.......................................................... ١٤٩
تشنەی جام.......................................................... ١٥٠
هەندەسەی ئەوین.......................................................... ١٥١
سووکباری.......................................................... ١٥٢
دەردی نەبوون.......................................................... ١٥٣
ئاهەنگی خاک.......................................................... ١٥٤
بێ دەستەلاتی.......................................................... ١٥٥
ئاو ڕۆیی نایەتەوە.......................................................... ١٥٦
ڕۆمانی خەزان.......................................................... ١٥٧
بابەگەورە.......................................................... ١٥٨
روزە.......................................................... ١٥٩
پیر عشق.......................................................... ١٦٠
فکر پروین.......................................................... ١٦١
مەیخانەی مەسیح.......................................................... ١٦٢
مەگەر نەتکوت.......................................................... ١٦٣
دەزووی کۆلارە.......................................................... ١٦٤
سەوزەدار.......................................................... ١٦٥
دەرفەت.......................................................... ١٦٦
ئاوابوونی عیشق.......................................................... ١٦٨
ژن.......................................................... ١٦٩
چەپگەڕی گەردوون.......................................................... ١٧٠
رازی بێ پەردە.......................................................... ١٧١

غەریبی نیشتمان.......... ١٧٣
حەسرەتی رابردوو.......... ١٧٤
هوای هجرت.......... ١٧٥
غروب دلداری.......... ١٧٦
مژدە.......... ١٧٧
شیعری پتەو.......... ١٧٨
کرمی خۆیی.......... ١٧٩
سالیادی موقبیل.......... ١٨٠
عیشقی پیری.......... ١٨١
زمانی گول.......... ١٨٢
لۆتکەی غەزەل.......... ١٨٣
هەمیسان پووشپەڕ.......... ١٨٤
خەون.......... ١٨٥
خۆزگە بێ بە بێبال.......... ١٨٦
لە خانەباغی عەزیز ئەمیری.......... ١٨٧
دلبەرێکی شێتە دونیا.......... ١٨٨
خەتی سەر ڕوومەت.......... ١٨٩
پیرە تاران.......... ١٩٠
بۆ حوسەینی مامۆستەمی.......... ١٩١
ناهومێدی.......... ١٩٣
لە سەر گڵکۆی بابە.......... ١٩٤
نامە.......... ١٩٥
حەڤدەهەمین فستیوالی گەلاوێژ.......... ١٩٦
زمستان مو.......... ١٩٧
هەستی شاعیری.......... ١٩٨
بۆ ئەردۆغان.......... ١٩٩
سەفەر و زەرەر.......... ٢٠٠
مێرگی خاشخاشە.......... ٢٠١

پیری و مەعرەکەگیری ............ ۲۰۲
جۆزەردان ............ ۲۰۳
تۆ مامۆستای منی ............ ۲۰٤
ئەختەری پووشپەڕ ............ ۲۰٥
پلار ............ ۲۰٦
لە حەوشەی سەعدیە ............ ۲۰۷
لە حافزیە ............ ۲۰۸
در شیراز در اندوه حلبچه ............ ۲۰۹
زرپبرا ............ ۲۱۰
یادی یەڵدا ............ ۲۱۱
دیدار ............ ۲۱۲
مەودا ............ ۲۱۳
چاوپشکووتن ............ ۲۱٤
بۆنی بەهار ............ ۲۱٥
راه و رسم عشق ............ ۲۱٦
سۆنامی ئەوین ............ ۲۱۷
نەکەم چ بکەم؟ ............ ۲۱۸
بۆ کاک «دیار»ی نەوەم ............ ۲۱۹

## بەیانی زرێوار

کە جریواندی مەلی بەربەیان
مانگ نرایە تاقی ئاسمان
زرێوار وەک کیژێ تەرپۆش
مانگەشەوی گرتبووە کۆش
ئەستێران پێدەکەنین گشت
بە پشت پشتی قامکی سورووشت
بەیان بە پێکەنینەوە
گشت ئەستێرەی چنینەوە
چاوم لێڵە و خەواڵووی شەو
مەستی شیعر و تامەزرۆی خەو
هەر وەک سانیەبژێری سەعات
دەگەڕا و زرێوار کش و مات
نە هاژەی با، نە فرتەی ڕەگ
مەگەر سرتە و خورتەی چەن سەگ
جارجار خشەی پێی ڕێبوارێک
کە بۆ خۆی دەڕوا پەی کارێک
لە نێو چادری گلەیی و ناز
چاو نابینێ، پڕن لە ڕاز
من نەبێ ئاوا بێدارم
مەستی جوانی زرێوارم

هــــاوالآن پـــاکی کـــرِ خـــەون
مانـــدووی ســـەیری مانگەشـــەون
هـیچ کـەس بـە خەبـەر شـک نابـەم
تــا وڵات ڕوون دەبـــێ کـــەمکـــەم
مـــەلا لـــە منـــارەی مزگـــەوتان
ئـــەڵڵا و وەڵـــڵای خـــۆی نەفـــەوتان
پـــڕ بـــە چوارگۆشـــەی مـــەریوان
بـــە دەنگـــی نـــاخۆش دەیقریـــوان
مـــەلان دەســـتیان کـــرد بـــە جریـــوە
مـــەلاش وسـکوت بـــوون لـــە قریـــوە
ئەســـتێران ورشـــەیان نـــەما
دەتکـــوت ون بـــوون لـــە نێـــو تـــەما
هـــەرچی شـــوێنەواری جـــوانین
بەنـــدی چارشـــێوی بـــەیانین
ڕاســـتی! هـــەر ئـــەم پـــارک و ئـــاوەن؟
جێژوانـــی موســـلیح و چـــاوەن؟
بۆیـــە بـــەم ســـوبحەی جـــۆزەردان
ئـــا لـــەم کاتـــەی بـــەیانبـــەردان
لـــەرزی شـــیعرێ گرتمـــی لـــە خـــۆ
تـــا هـــەتـــاو هـــەڵهـات لـــە «ئـــاســـۆ»

مەریوان، زرێبار، ٨٩/٩/٦

## بازنشەست

لەو هەموو یارانە، ئێستا تاقە یەکیان دیار نییە
دۆست و یاری ئەم زەمانەش، تاقە یەکیان یار نییە
کوانێ ئەو یارەی کە ئاوێزانی بووم ترسام شەوێ
پێی کوتم: لە منت کەوێ! پەلکەن! مەترسێ مار نییە
عاشقیش زۆرن بەڵام عەشق و ئەوین بۆتە هەوەس
دڵ هەمووی بەسوێن کەچی هیچ دڵبەرێ دڵدار نییە
هەر دەڵەی دونیا هەواری کۆنە جێی بێری چەلەنگ
ڕانەمەڕ خەوتوون دەنا هاوین دەمی کۆچبار نییە
ماڵی چاوت ئاوەدان، ڕێگای بەرەو کۆشکی دڵە
گەرچی ماڵی دڵ وەهاش ڕووخاوە، جێی بۆ یار نییە
پێت لە سەر چاوم ئەگەر دووبارە ئاشتت بێتەوە
ماڵی دڵ ئی خۆتە قوربان، جێگەپێی ئەغیار نییە
هێندە گریاوم مژۆڵم وا تەڕ و جووت‌جووت بووە
پێی لە سەر دانێ مەترسێ چاوەکەم، بزمار نییە
شیعری من ئاوێنەیە خۆی تیا دەبینی دەم بە دەم
گەرچی خودبینی خراپە، بۆ ئەویندار عار نییە
گەر کرێکارت دەوێ بۆ دەرکەوانی ماڵەکەت
بازنشەستە ئێستە «ئاسۆ» کەس وەک ئەو بێکار نییە

کانی‌شێتە، بەهاری ٨٩

# پەیام

خۆزگــە بــەو لاوە نیگـــای توولەنـــەمامێکی هەیـــە
جاربـــەجار نووکەیـــەک و کورتەپـــەیامێکی هەیـــە
خۆزگـە بـەو چاوە ئەگـەر مەنزڵەکـەی مـاڵی دڵـە
لـە هـەموو شـێوەیەکی گوفـت و کـەلامێکی هەیـە
هەڵیگێرێتــەوە لێــت، مــەیلی شــەڕی وا لــە ســەرا
کـە بـە نـاز ڕوانـی، ئـەوا مــەیلی سـەلامێکی هەیـە
سـوبحی سەردەشتە، تەماشـای گـوڵ و گـوڵزاری ڕوخـی
وەک ترێـی بانـە، ڕەشـی زولفـی چ شـامێکی هەیـە
لابـە سـۆفی! دە مـەڵێ بـادە حـەرامن لـە بـەهار!
تـۆ کـە نـەتخواردووە چـووزانی چ تـامێکی هەیـە!
ڕیشـی وشـک و دڵـی تـەڕ ڕێگەکـەیان دوورە لـە یـەک
بارەگـــای عەشـــق و خـــودا تاقـە شـەقامێکی هەیـە
لێـی گـەڕێ سـێوی درەختـی قـەدی یـار بۆنخـۆش بـێ
چونکـە هـەر میوەیـەکیش دەور و ئـەییامێکی هەیـە
تۆ کـە پێـت وایـە منـی شـاعیری ڕووت عـاشقی ڕووم؟
پیر کە عـاشق بـوو، عەجـەب حوسنیخیـتامێکی هەیـە
سەیرە پێت «ئاسۆ» بە پیریش کچی نێو شیعری دەوێ؟
دیـــارە هـــەر مەریەمـــەیێ عیســـیکـەلامێکی هەیـە

بۆکان ، ٨٩/٤/٩

# ئیمەیل

کێ پێی کوتی ئەم شارە بەجێبێڵە سەفەر کە!؟
خۆت لەو هەموو زنجیر و پەت و دارە بەدەر کە!
ئاخر گوڵەکەم! ئێمە هەموو شێتی وڵاتین
شێت نابێ کە زنجیری درێژتر بێ لە دەرکە
بۆ کێ دەگەڕێی؟ کێت لە دڵا داوە حەشارە!
لەو شارە بە جێی مانتۆیە ڕەش، سووری لەبەر کە
بۆ ئەو جل و لیباسە لە خوێن سوورترە ڕەنگی؟
تۆ، وەرزی گوڵان جارێ لە ئەم خاکە گوزەر کە
سەرپاکی لە سەر خوێنی شەهیدان گوڵی سوورە!
مەردانە وەرە و لەم سەفەرەی سەرفەنەزەر کە!
ئێستا کە دەڕۆی باشە بڕۆ خوات لە پەنا بێ
ئەمما گوڵەکەم فەلسەفەی ئەم شیعرە لە بەر کە
خاکت کە نەبێ، وەک یەکە ئازادی و ئەسارەت
بۆ میللەتە قوڕ زۆر کەمە، تۆ لەچکە لە سەر کە
پێت وایە کە وا لەوبەری ئاو داییمە جەژنە!
نا! وانییە، کەم خۆت بە خەیاڵ تووشی خەتەر کە
لەم کۆنە جێیانە ئەگەر تووش نەختێ وەفا بووی
ئیمەیلێ بنێرە و وەرە «ئاسۆ»ش بەخەبەر کە

بۆکان ، ۸۹/۹/۳۰

# هەوای ئاشنا

شیعر و عەشقی من بە دەنگی ئاشنای دڵ گوڵ دەکەن
هەر وەکوو قومری خەیاڵی دار و نەغمە و چڵ دەکەن
ئەم کەژ و کێو و چەم و ڕۆبارە پاکی ئاشنان
دەنگ و ڕەنگ و دار و بەردی باسی عەشق و دڵ دەکەن
هەرکەسێ عاشق نەبێ بێهۆیە مەستی بادە بێ
عەشق و مەستی پیاو لە دەردی گەورەکان غافڵ دەکەن
ئەو کەسانەی ئاشنای شیعری بەهاری و عاشقین
هەر ئەوانەن سەیری سیروان و سەراوی بڵ دەکەن
باسی دەردی گەل مەکە، دۆستانی من دەردئاشنان
بۆ بنی پێی دوژمنی گەل کاری سەد پێکوڵ دەکەن
ئۆف لە دەست ئەو چاوە نەرمانەی کە وا ڕاوچی دڵن
سەد حەج و نوێژت بە چاوقرتاندنێ باتڵ دەکەن
عەشق و شیعر و مۆسیقە و مەی، چوار برالەی غیرەتین
مەجلیسی یارانی یەکڕەنگت تەواو کامڵ دەکەن
کێ لە دونیا بێخەبەر بێ و لا لە کەس ناکاتەوە
هەر کە مەستی کرد تەماشای ڕێ و ڕچەی عاقڵ دەکەن
داندانەی شیعری «ئاسۆ» وەک پەڕەندەی لانەواز
دەچنە نێو خوێنی دڵی هاوڕێ و لەوێ مەنزڵ دەکەن

ترکاشە ، ٨٨/١٠/٢٥

# یاسا

ئەوی قانوونی جەنگەڵ بێ بە یاسای گەل دەبەن نێوی
ئەگەر وابێ هەزار خۆزگەم بە ڕێوڕەسمی کەژ و کێوی
وەها ئاڵۆزە دەوران و تەرازوو سوست و لاسەنگە
چەقۆ تیمارکەری زامە و دەبێش نەبزێوێ دوو لێوی
ئەوەی وەک مس لە ژەنگا زەرد بووە، لای گەل دەڵێ زێڕم
بە ناچاری بە فافۆنیش دەڵێ نا کاکە تۆ زێوی
لە جەنگەڵ شێر لە برسانا پەراسووی یەک بە یەک دیارە
لە سەر بەرماڵی مزگەوتیش بە کلکی شەن دەکا ڕێوی
ئەتۆ مەجبووری ڕێ و ڕەسمێکی نووسراوی لەوەو پێشی
بە دەستی خۆت نەنووسراوە کەچی مەحکوومی! نەیپێوی
مەگەر دەستی ئەوین فریات کەوێ لەم ژینە گێژاوە
دەنا تۆ ئەو فریشتەی وا ئەسیری پەنجەکەی دێوی
ئەوین تامی تەمەنمانە، ئەوین هێزی بەدەنمانە
حەقیقەت یا مەجازی، هەر ئەوە زۆر دوورە لە دزێوی
وەرە تۆ ڕابەری ئەم ڕێگەیەم بە، سەختە ئەم ژینە
دەسی نەرمی ئەوین لەم عەسرەدا گشت بوونەتە کێوی
ئەوینی نیشتمان و تۆ بوو «ئاسۆ»ی فێری شیعران کرد
وشە ئێستا لە دەستیدا شکڵ دەگرێ وەکوو مێوی

٨٩/٤/٢٨

## خەرابی خەراباتی ئەوین

هەر دەڵـێم کـاتێ ئەگـەر دیتم بـە هەسـتێ پاکـەوە
پێـی دەڵـێم ڕازی دڵـم بـەم حاڵەتـە غەمناکـەوە
هـەر کـە دەتبیـنم زمـانم لاڵ ئـەبێ و نایێتـە گـۆ
چـاوی شـینت دەمخەنـە بـەحرێکی زۆر سـامناکەوە
سینەکەت سینای تەجـەللای سینەسافی و پـاکی‌یـە
دەسـتی شـێتی تێـوەچێ، مووسـایە بـەو ئیدراکـەوە
مـن خـەرابی نێـو خـەراباتی ئـەوینم چاوەکـەم
تۆ کە ساقیت! پیاڵـەیێک و ئەم چەلەشمان چا کەوە
ڕەوڕەوەی ژیـن وەک کچـی جـوان وایـە لا ناکاتـەوە
بۆ ئـەوەی تـامێ بە ژینم دەی، کچی جوان! لا کەوە
تـا بەکـەی چەشـنی گـەلم هـەر چـاوەڕێی ئایەنـدە بین
دایمـە تینـوو، بێوەتـەن، بـەو هـەموە ئـاو و خاکـەوە!
چاوەکـەم لـەو لیسـتی نێـوی یارەکـانی پێشـترم
غـەیری ناوی خـۆت نـەبێ یـەکیـەک هـەموویان پاکـەوە
چـاوەڕێم ڕۆژێ وەهـا دادێ تـرس مانـای نـەبێ
هـەڵمژین شـیلەی ترێـی شـیرین بـە سـینەی تاکـەوە
چیتە «ئاسۆ» چاوەڕێی چەند چاک و چۆنی تا بەکەی؟
وا چل و چەند ساڵە چیت دی؟ بەستە ئیدی داکەوە!

بۆکان، بەهاری ٨٦

# نەچووە بچێ

خۆزگە بەو ڕۆژە کە دوو چاوی ئەتۆ قیبلەم بوو
ئەوی زۆر بوو بزە بوو، شیوەن و ماتەم کەم بوو
تۆ بە لاتیلی دوو چاوت دڵی ئەمنت دەهەژاند
مووی دەماغی غەم و دەرد، تاڵێ لە ئەبرۆی خەم بوو
تۆ جەوان بووی و منیش هێندە بە ساڵا نەچبووم
ڕووت گڕ و دڵ وەکوو پەروانەیی دەوری شەم بوو
کوا وەکوو ئێستە خەمی کۆچی هەواڵان کۆ بوون؟
جەمعی یارانێ نەماون! لە هەموو جێ جەم بوو
تۆ بڵێی چی بوو کە وا بوویتە تەرەی ئەم خاکە؟
جوان نەبووی؟گەورە نەبووی؟ئاخە لە چیت تۆ کەم بوو؟
دەشتی ئەم خاکە بەهەشتێ بوو، ئەوێ هەر خێزە
ئاوی کانیاوێ لە ئەم خاکە وەکوو زەمزەم بوو
ئێستەکەش نەچووە بچێ، بێرەوە هێشتاکە زووە
گەر کرا باسێ لە ئەزموون، بڵێ ئەودەم نەم بوو
شیعری ئاسۆت بە فیدا، چاوی ئەتۆ چاوگەی بوو
بیری ئەو کاتە وەکوو قافیەکەم بەرهەم بوو

بۆکان ٨٩/٥/١٤

# له كه‌ركووك

سـوجده‌يه‌كی بـه‌ره بـۆر خاكـه وه‌كـوو ڕۆژی بـه‌رێ
جـوابی شـه‌يتان مـه‌ده‌وه لێـی گـه‌ڕێ بـا چـاوی ده‌رێ
خـاك موقـه‌دده‌س نـه‌بێ بـۆ داری به‌هه‌شتی قه‌ده‌غـه‌ن
خـاكی خـه‌ڵكی، له‌تـه گـه‌نمێكی ده‌خـۆی نـاگوزه‌رێ
ئـه‌ی چ بـوو بـۆچی لـه نێـو ئـه‌و گه‌لـه بێچاره‌يی مـه
خـاك و نـه‌وت و حـه‌ق و نێومـان ده‌خه‌نـه بـن چه‌پـه‌رێ؟
ئێـره كه‌ركووكـه شـه‌ماڵ زوو وه‌ره تـۆی قاسـيدی مـن
كـێيـه وه‌ك تـۆ به‌په‌لـه ئـه‌م كه‌ته‌شـيعرانه بـه‌رێ
بڵـێ بـه‌و خوايـه كـه وا بـۆ گـه‌لی بـێ‌كـه‌س ئـه‌وه كـه‌س
بابـه‌گوڕگوڕ چ گڕێكـه ده‌چـزێ پێـی جگـه‌رێ؟
بـا كـوتی شـاعيری ئـاواره‌يی مـوكری! بـه يـه‌قين
پێـت بڵـێم ڕازی چييـه ئـه‌و گـڕه وا دێتـه سـه‌رێ؟
گـڕی ئـه‌م شـاره نـه هـی غـازه نـه هـی نه‌وته‌كه‌يـه
دووكـه‌ڵی بـێ‌كه‌سـی كوردانـه بـه كـوڵ دێتـه ده‌رێ
لـه ڕه‌حيمـاوه كـه تێپـه‌ڕ ده‌بـی جوان ورد بـه‌وه لێـی
پـاكی جامانه‌يـه نـابينی لـه هـيچ شتێ ئه‌سـه‌رێ
خـاكی بێگانـه بكـا حـوكمی، نه‌فـه‌س به‌نـدی‌يـه لێـی
ده‌س بـه‌ری بـۆ هـه‌چی مێديايـه درۆی لـێ ده‌وه‌رێ
شـێری خۆماڵيـه ئـه‌و فـه‌رقی نييـه سـوور و سـپی
چـون لـه قامووسـی ئـه‌وينيا نييـه تـه‌نها نه‌فـه‌رێ
ئـه‌و كه‌سـه‌ی كـه‌يفی لـه گۆڕانـه ئه‌گـه‌ر پياوه بڵـێ
بێتـه كـه‌ركووك و بڵـێ هاوه‌ڵـه مـافم بـده‌رێ
قـه‌ت مـه‌ڵێن «ئاسـۆ» لـه خۆڕايـه ده‌كا زه‌مبی تـه‌غير
نا! له بـۆ دوژمنی يه‌كرێزی!،له بۆ ئاشتی ئـه‌رێ!

## مباز

در تمام زندگی جز عشق چیزی را مباز
گر زمان با تو نسازد، تو ولی با او بساز
نان خالی گر میسّر شد بخور! شکرش مکن
شکر از بهر شراب است و کباب ران غاز
یار اگر یاری ندارد، دوست مشمُر دشمن است
دشمن ار بد کرد با تو، نیست جای اعتراض
گر ز بهرِ نام، حاجی از پی کعبه دَوَد؟
پس چه ارزد این سر بی موی و این لنگ دراز؟
هرکسی آن اهلیت را نیست درد دل شنود
همدلی می‌یاب و گو شرحش ده سیرت تا پیاز
افتخارت خدمت و محبوب انسان بودن است
با مقام و ثروت و آباء و اجدادت مناز
ناامیدی را ز ریشه برکن و آماده باش
بر نشین بر اسب آمال و به سوی دل بتاز
از «افق» تا روشنایی دیده‌ای اندر جهان
بر میاور پیش کس غیر از خدا دست نیاز

سنندج، ۸۹/۶/۲۸

## بۆ چاوکاڵێکی سلێمانی

لە ناسکی خۆت دەپرسی تۆ؟ بە چاوی ئەمنی ببینە
درۆیە کەی نوقوڵ وەک لێوی ناسکت سوور و شیرینە
ئەتۆ ئاسکێ لەوانەی کانیئاسکانیان بە وی ناو نا
وەکوو خاڵت لە نێو باخچەی سەرا کەی شۆڕشە و شینە
کە لوولی زولفی تۆ دێنێتە یادم ڕۆژەکەی ئەیلوول
لە سەیری سینەکەی تۆ قانعئاسا دڵ لە ناڵینە
ئەوندەم حەسرەتی بێ هاوتەریبی خواردووە وەک تۆ
وەکوو ئەم شارەزوورە باغی شیعرم کێڵگەیی مینە
دەبێ ماچێکی لێوت قیمەتی چەن دانە گەوهەر بێ
کەوا ئێستا لە مەدحیدا وشەی من قورس و سەنگینە
فیدای ئەو چاوە بازەت سەد نیگای چاوی هەڵۆ و بازان
دەزانم چاوی تۆش وەک چاوی بازان بەستەیی دینە
منیش هەر بێبەشی باغی هەنار و سێو و ڕێحانەم
دڵم تەزبێحی ئاهی بۆ ئەوێ سەد دانە دوو جینە
وەکوو من کەی مەمی ئالان شێتی سینە و مەم بوو
بەڵێ یایزینی ئەو کیژی وڵاتی میری زێندینە
ئەرێ «ئاسۆ» هەتا کەنگێ ئەسیری بسکی لاولاوی
دەزانم حەقتە فەرقی زۆرە شیشەیی سینە تا سینە

سلێمانی، ٢٠١٠/٩/٢٤

## می‌توان

مـی‌تـوان در عـین نکبـت شـاد زیسـت
فـارغ از هـر قیـد و بنـد آزاد زیسـت
مـی‌تـوان خسـرو نبـود انـدر جهـان
عاشـق امّـا همچنـان فرهـاد زیسـت
لیـک جانکـاه اسـت انـدر خـاک خـود
زیـر یـوغ سـخت اسـتبداد زیسـت
ای خـوش آن شـاعر کـه در ایّـام عمـر
در کشـاکش بـر لـه بیـداد زیسـت
مـی‌تـوان انـدر میـان پارسـها
پـای برجـا همچـو قـوم مـاد زیسـت
لیـک نتـوان راحـت و آسـوده بـا
همرهـان بُـزدل و شـیّاد زیسـت
مـی‌شناسـم رهـروی صـادق کـه او
دسـت خـالی بـا کفـی بـس راد زیسـت
مـرگ یـک حـقّ مسـلّم بـود و او
از پـس آن روز گـر جـان داد زیسـت
در لفـاف شـعر ئاسـو زنـده اسـت
گرچـه او در لنـدن و بغـداد زیسـت

بوکان ، ۸۹/۶/۱۷

## شوعله

وەرزەکـان بـۆ عیشـق و عاشـقبوونـە گشـت لـەحزە و دەمـی
هەر یەکن عیشق و تەمەن گوێ مـەگرە قـەت زۆری و کـەمی

کـێ دەڵـێ پیـری و ئەویـنداری ڕچـەی ڕیسـوائی‌یـە؟
تـا تەمـەن زۆرتـر دەبـێ زۆرتـر ئـەتۆش خاترجـەمی

یـاری منـداڵ مـەگرە قـەت ڕاینـاگرێ ڕازی ئـەوین
یـاری قـەیرە چەشـنی پـۆڵا قـایم و قورسـن دەمـی

دیوتـە چـۆن ڕەنگـی شـەرابی کۆنـە سـوور و گـەش‌تـرە؟
کـاری دووسـەد پێکـی دیکـەن تاقـە یـەک قـەترە و نـەمی

خـاک ئەونـدە خۆشەویسـتە عاشـقی بـە تـا دەژیـت
خـاک نەبایـە بـۆچی شـەیتان دەبـووە زیـددی ئـادەمی

خـاکی کوردسـتان وەکـوو دایکـم بـە جـێم نـاهێڵێ قـەت
کـاری شـیری ئـەو دەکـەن سـەرپاکی کانیلکـە و چـەمی

مـن کـە یـەک لـەحزەی تەمـەن نـەبووە ئـەوینێکم نـەبێ
چـۆن دەترسـێی تـۆم لـە بیـر چێ، تـۆ گـرێ سـەرماکەمی

بـۆچی پێـت وا هێنـدە کـاڵم خێڵـی شـەو ناناسـمەوە؟
باسـی دەرد و خـەم مەکـە پـاکی بـە پووشـێ بەرهـەمی

بۆیـە وەک دێوانـە ترسـی وەرزی تـاریکیم نییـە
ڕوونە «ئاسۆ»م، چون بـە تـەنیا هـەر ئـەتۆم شوعلە و شـەمی

بۆکان ٨٩/٧/٢٨

## پێ‌لێنان

خۆم دەزانم وردە وردە و زۆر بە هێدی پیر ئەبم
ئەو دڵەی پڕ بوو لە شادی پڕ دەبێ و دڵگیر ئەبم
سەیرە تا زۆرتر دەبێ عومر و کەمیش سۆمایی چا
من پتر سەوداسەری خاڵ و کەزی و پێسیر ئەبم
هێندە لەم دەزگا و درۆگایە دڵم ڕەش بۆتەوە
تا بمێنم هەر دژی کۆشک و مەقامی میر ئەبم
چاو لە هەر باڵانشینێکی دەکەم هێند نزمە لام
نەفرەتم باڵا دەچێ و جا دۆستی چینی زیر ئەبم
خۆزگە دەمزانی ئەمن بۆ خاکم هێندە خۆش دەوێ
خۆ دەزانم عاقیبەت لەو خاکەشا تەخمیر ئەبم
جاری وایە شێتی بۆکانم، دەمێ سابلاغ و کۆظجاری
قامیشلی و سەرێ سەوداسەری ئەزمیر ئەبم
من لە زانستگای ئەوین‌دا دەرسی عەقڵم خوێندووە
تازە چۆن هاوڕێی گەلی بێ‌ڕای و بێ‌تەگبیر ئەبم
ڕاوچییێکم تیری چاوم قەت خەتا ناکا و کەچی
هێندە بەدبەختم بەحەستەم تووشی یەک نێچیر ئەبم
ئێستە «ئاسۆ»ی چاوی چاوجوانم لەبەر چاو لێڵ دەبێ
خۆم ئەزانم وردە وردە و زۆر بە حەستەم پیر ئەبم

بۆکان ۸۸/۸/۲۷

# ئالا

سەد بەڵێنت دا و کەچی یەک کردەوەی تێدا نەبوو
دوکتوری دڵسۆزی من بووی و منت پێ چا نەبوو
ئەودەمەی دەورانی گەرمی عاشقی باوی هەبوو
شیعری من هەر مشتەری بوو داخەکەم سەودا نەبوو
ماڵی چاوت ئاوەدان وەک سەقرە دەفڕێنێ دڵم
دڵبەرم زۆر بوون بەڵام دڵیان هەموو ئاوا نەبوو
من لە بیرمە ڕۆحی مەجنوون فێری دڵداریمی کرد
وەک ئەمن مەجنوون هەبوون کەس وەک ئەتۆ لەیلا نەبوو
سۆفی و شێخ و مەلا زۆر وەعزیان داوم کەچی
زۆر چەلیش بەقسەم دەکردن، گوفتی هیچیان وا نەبوو
تا سەری زوڵفت بە دەنکی شانەوە دەشنێتەوە
هاوتەرازی تەبعی دڵداری دڵی من، شا نەبوو
هیچ پەشیمان نیم لە ڕێگەم، ڕێگەیە و دیتوومەوە
دەرسی نێو زانکۆی ئەوینم مەتڵەبێ بێجا نەبوو
تا لە بەژنی شیعرەکەم هاڵاوە لاولاوی ئەوین
کەس وەکوو «ئاسۆ» و وڵاتی خاوەنی ئالا نەبوو

بۆکان ۸۹/۹/۱۰

## پیغام

خواهم که شوم مست ولی جام ندارم
دل والــه‌ی درد اســت، دلارام نــدارم

ای مرغ طرب از چه ز من دور زنی بال
رو سوی ریاکار که من دام ندارم

اکنون که بناگشته که ما را نشناسی
ره باز و بفرما که من ابرام ندارم

بر شاخه‌ی طوبای خوش اقبال بزن بال
کی سوی من آیی که در و بام ندارم

دیر آمدی و زود برفتی به سلامت
وقتی که مرا دیدی اگر نام ندارم

تا باده‌ی یکرنگی وحدت بچشیدم
غیر از دو لب یار دگر کام ندارم

جز حسرت دیدار توام نیست تمنّا
جز شدّت آزار تو پیغام ندارم

دانم که به جز تلخی مَی حاصل من نیست
چون کشتی بشکسته سرانجام ندارم

در خاک خودم همچو غریبم بشناسند
یارای کمی گردش ایام ندارم

صبحی که به سردشت روم دل پر درد است
در بانه به شب تشنه‌ام و شام ندارم

دانی ز چه رو هم‌نفسی نیست به دَورَم؟
جرمم همه آن است که ابهام ندارم
تا نور افق سرخ ز بیداد زمان است
جز باده و مستی هوس خام ندارم

درزیولی، پاییز ۸۹

## بەرەو کوێستان

هەر بەرەو کوێستان دەڕۆم تاکوو سەری وا تەم بکا
شەو دەبێ ڕوو بکەیتە یارێ چاوی خۆی وەک شەم بکا
من کە وا خاکی بەری پێی خاکپەرەستی عاشقم
لێی گەڕێن با کاکی عاقڵ هەر لە بۆ خۆی زەم بکا
یەک دەچێتە کێو هەتاکوو میللەتێ ڕزگار بکا
ئەم لەبەر وەی دەچێتە شاخ تا چەوری خوێنی کەم بکا
تاکوو هاڕەی ئاوی هەڵدێری چیای کوردان هەبێ
عەیبە ئیدی باسی ئاوی چاڵەکەی زەمزەم بکا
وەک هەڵۆ چاوی بە دەندووک دەردەهێنم ئەو کەسەی
گەر بە قەستی دارمان چاوێ لە هێلانەم بکا
چاوکەژاڵێکم لە ڕێ دی هێندە ناسک بوو و لەتیف
تیشکی کوڵمەی وەختەبوو گاڵتە بە جامی‌جەم بکا
چووم و پێم کوت تۆ کە شوعلەی بۆ لە ئاهم ڕەم دەکەی؟
ئەو کوتی پێت سەیرە ئاسک گەر لە ئاور ڕەم بکا؟!
پێم کوت ئەی سوودی چیە «ئاسۆ» دەبوغزێنن؟، کوتی
ئاخە شەیتان هەر دەبێ گەر دوژمنی ئادەم بکا

بۆکان ۸۹/۱۰/۹

## گلەیی

بە کار نایە لەسەر گۆڕم بکەی شیوەن ئەگەر مردم
بە پووشێ کاتێ ڕۆیشتن سەری مەست و دەس‌وبردم
لە عازابی قیامەت قەت نەترساوم قەسەم بە خودا
بە تینی عیشقی تۆ یەکسەر بە باڵێ لەوبەری پردم
تەواوی قەوم و قیلەی من مەلا و دارتاش و وەستا بوون
ئەوینی نیشتمان و تۆ بوو فێری شاعیری کردم
شەکاوەی پەرچەمی شیعرم لە دونیایدا دەبوو شۆرەت
بەڵام چ بکەم گەلم بێ‌مافە؛ ئاخر شاعیری کوردم
ئەتۆش هەر وەک نەیارانی گەلم بێ‌ڕەحم و ئیمدادی
بە سووکی هەڵدەسەنگێنی ئەوین و شیعر و دەسکردم
لە بیرت دێ چەلێکی سەیری خاڵی گەردنم کردی
بە باغی سێوی سینەتدا ئەمین‌دارانە ڕابوردم؟
شەوی یەڵدا بوو، تۆ ساقی ومنیش بۆ بەزمەکەت شاعیر
چ ماڵوێرانێ باعیس بوو لە بیر و هۆشی خۆت بردم
پەشیمانم لە ڕێی تۆدا سەرف بوو عەشقی چەند ساڵەم
گومم کردن خەیاڵ و شیعر و هەست و سەنعەتی وردم
ئەمن«ئاسۆ»ی خەمی کوردم بە سووکم هەڵمەسەنگێنە
پڵینگێکی برینداری بناری کێوی هەڵگوردم

بۆکان ١٣٨٩/١٢/١٥

## ژانویە

وەرن دەعـوەت کـەن ئـەو هەورانـە وا ئـاوهێنی بـارانن
وەرن ڕایمـاڵن ئـەو مەرزانـە وا پابەسـتی یـارانن
ئەگـەر دیـواری بێرلینـە، ئەگـەر ڕۆبـاری ئاسـتارا
وە یـا زنجیرەکێـوی سـەر تەتـەی لای جێ‌هـەوارانن
بـە پـا تـەختی کـەن ئەو پاتەختە پیسانەی دژی خـەڵکن
بـە پووشـێکتان نـەوێن ئەسڵەن ئەگـەر مۆڵگەی نـەیارانن
ئەوا جەژنی سـەری ساڵی مەسـیحە و یـەک جـەهان شادن
کـەچی هێشـتا گـەلێ شاری جـەهان هـەر شاری مـارانن
لە قەڕنی بیستویەک زۆر عەیبە بگری بۆ هەزارساڵ پێش
هـەمووی بێ‌کەڵکـە ئێسـتا قـەڕنی چالاک و بـەکارانن
هـەتا مـاون لـە عەشق و خۆشەویستی وەر مـەگێڕن ڕوو
فریشـتە و حـۆر و غیلمانیـان لـە دونیـا چاوخومـارانن
مـەهێڵن مفتـەخۆر عـومری جـەوانیتان بـە بـادا دا
ئەوان یـەک دوو کەسـن ئـەمما گـەلی ئێـوە هـەزارانن
بەشـەر پـاکی ڕفێقـی یـەکترن دوژمـن قسـەی پووچـە
بـەڵێ دوژمـن فەقـەت فـەقر و نەخۆشـی نێـو هـەژارانن
ئەوانەی تێدەگەن «ئاسۆ» لـە سـەر چی جـەرگی پڕ خوێنـە
هەر ئـەو تیپـەن بـەرەو پێش چـوون دژی ئـەفکاری جـارانن

بۆکان ١٣٨٩/١٠/١١ بەرامبەری ٢٠١١/١/١

## نۆزدەی گوڵان

گوێ لـە هـەر دەنگێکی دەگری شکڵی فـەریادی هەیـە
باسـی بـەزم و مـەجلیس و شـادی فەقـەت یـادی هەیـە
وا گوڵانـە و شین و سـوور سـەریان لـە گـڵ هێنایـە دەر
ئـەی چیـە؟ بولبـول لەسـەر چـی قـەلبێ ناشـادی هەیـە؟
بـۆ دەوێـری پـەیکێ هـەڵباوی بـە یـادی ڕێـوان
شیعری شـین و یـادی بادە؟ حـوکمی ئـەزدادی هەیـە
باسی عاشـق گـەر دەکـەی شیرین گـەرووی پڕ حەسـرەتە
ئـارەزووی خۆکوشـتنی بـۆ ڕەنجـی فـەرهادی هەیـە
شـاعیری ئەوڕۆکـە شـیعری مەسـنەوی پـێ کۆنەیـە
حەقیـە ئێسـتا مەرسـیەی «شـیرین» و «فـەرزاد»ی هەیـە
قـەت نەکـەن نـۆزدەی گـوڵان شـادی بگێـڕن هـاوەڵان
ڕۆژی شـین شـادی بگێـڕی دیـارە ئیـرادی هەیـە
لـەو نیزامـەی مـەنتقی دار و پـەت و سـێدارەیە
بەدبـەخت ئـەو شـاعیرە گـەر چاوەڕێی دادی هەیـە
خانەقا و مزگەوت و تەکیە بـوون بە تەپـکەی فێـڵ و فەن
گـورگ و ڕێـوی عابیـدە و دز مەیلـی ئیرشـادی هەیە
شـیعری «ئاسـۆ» بـەم بـەهارە ڕەنگـی سـووری زەرد بـووە
چونکـە شـینی نەوڕەسـانی تۆرەمـەی مـادی هەیـە

بۆکان ١٣٨٩/٢/١٩

## بهار

باز شده سبزه‌پوش دشت و درخت و چمن
عرصه‌ی بلبل شده تپّه و باغ و چمن
یار ز من گشته دور بلبل سرگشته کو؟
من ز غم و او شَعف تا که بنالد چو من
بو نکنی دست را کَی بشناسی چنار؟
رقص‌کنان آمده هم‌بر سرو و سمن
راغ پر از لاله شد، باغ پر از ژاله شد
راغ شده محشر و باغ بهشت عَدَن
لاله به یادآور خون شهیدان راه
نه ورکه یاد آورد از علی و از حسن
غنچه‌ی گل را ببو، شاخ طمع را بِبُر
درب جفا را ببند، تار وفا را بِتَن
تا نشوی خاک ره مَحرم درگَه نه‌ای
بی‌خبر از خود شَو و آگَهِ سرّ از عَلَن
عشق ز شرق آمد و عقل نمودش ز غرب
گر به هم آمیزیش رو به سئول و پکن
مفتعلن فاعلن راه غزل را نبست
سهل سخن گفتن است بسته «افق» را دهن

درزیولی، بهار ۸۹

# حەوشە

حەوشـەتان دارە، گوڵـە، باغـە، بەهەشـتە، عەدەنـە
مێوە، دارگوێزە، تووەسوووەرە، هوڵـوو و یاسـەمەنە
کە بە چاوی نەزەری شیعری عـەرەب چاوی بکـەی
ئـاوە، سـەوزاییە ڕووی تۆشـە کـە وەجهـی حەسـەنە
بابـــەئادەم کـــە بهاتایەتـــە نێـــو حەوشـــەکەتان
نـەدەگریا، نـەزەری وابـوو ئـەوێش هـەر وەتەنـە
بولبولێکی کەمە ئەو باغـە بکا چەهچەهـە بـۆت
مـنم ئـەو بولبولـە زاری پـڕی شـیعری ڕەسـەنە
تـۆ بڵێـی ڕۆژێ مـن و تـۆ لـە چیـای قەنـدیلدا
بـەزمی ئـازادی بـدینین بـە دەهـۆڵ و چەقەنـە؟
ئەوە خـەرمانی خـەمی مـن بـە کـەلی کورتەکـەوەن
تـاڵێ لـەو زوڵفـە بنێـرە کـە ئـەوا فەسـڵی شـەنە
وەکوو هێدی خـەمی من بۆیـە لـە سـایەت دەڕەوێ
زوڵفەکـەت پەرچەمـە بـۆم و قەدەکـەت نارەوەنـە
وەرە هــەل زۆر کەمــە تــاوێ بــژین پێکــەوە تــا
نە ئـەمن بوومەتـە بـاوە و نـە ئـەتۆش بوویە نەنە
لەوە مەڕوانە کـە «ئاسـۆ» لـە پـەنای حەوشـە کپـە
ئـاهی ساردی بـەخودا چەشـنی ئووەیسـی قەرەنـە

بۆکان ١٣٨٩/٦/١٤

# تینی عەشق و گەل

تۆ کە ڕۆیشتی ئەدی جوانی لە هەر جێ ون ئەبێ
دڵ وەکوو بەحری خەیاڵێکی گەلێ بێبن ئەبێ
چەندە دڵتەنگم ئەم ئێوارەیە بێ تیشکی نیگات
ڕووت وەدەرخە کە هەتاو پاشگەزی ئەم ڕۆیینە بێ
حەیفە شاعیر بە خەیاڵی کزەوە شیعرێ بڵێ
شیعرێ دڵتەنگی بهێنێ لەوە باشتر کە نەبێ
شیعری من خوێنی دڵی هەستە کە دەتکێ لە قەڵەم
بۆ چەپک کردنی دەست کیژی گوڵی گوڵچن ئەبێ
دڵ ئەگەر هێندە ئەوینی ئەم و ئەو دەستی بڕێ
دەمی پیری لە ئەویندارێ ئەدی نەوسن ئەبێ
کێ دەڵێ پیری و ڕیسوایی لە یەک نایەنەوە
دا بڵێن هیچکە نەترسێ ئەگە بووش وەک من ئەبێ
تەپڵی ڕیسوایی منی شاعیری عاشق لە چ لا
هەیە گەر لێ نەدرابێ؟ کەچی بۆ ناشتن ئەبێ
دڵی «ئاسۆ» وەکوو لامپێکی هەزار وۆڵتە بەڵام
هەر بە تینی گەل و عەشقی وەتەنە ڕۆشن ئەبێ

بۆکان ١٣٨٩/٤/١٦

## شوێنی پێی یاران

کاتێ سەیری سەر شەتاو و کێوەکەی پشت باخ ئەکەم
مووی سپی خۆشم دەبینم پشتدەسی خۆم داخ ئەکەم
شەرتە ئیدی لەو هەموو جێهێشتنە عاجز نەبم
چەرخی گەردوون هەر لە گەڕدا بێخودە من ئاخەکەم
دێتە بیرم چاوی یارێ لێرەوە دڵمی ڕفاند
ئێستەکەش تا ناوی دەبرێ دەشڵەقێنێ ناخەکەم
هێندە مەزڵوومی شەوانەی ژینی نێو کۆخم بژارد
تا بمێنێ بوردی شیعرم دوژمنی نێو کاخ ئەکەم
دار و بەرد و ئاو و خاکی ئەم هەرێمە گەوهەرە
شوێنی پێی یارانە جا زۆریان نەماون داخەکەم
حەقمە بیری ئاوی سەرچاوەی چەلان و چۆم ئەکەم
حەقمە یادی کۆنە جێژوانانی نێو چارداخ ئەکەم
بوومە سەرچاوەی شیعر ئەمما هەزار هێندەش بژیم
سەد هەزار خۆزگەم بە شیعری دەرسی ڕووبا و زاخەکەم
شیعرەکانم چون بە یادی دۆستە بۆیە دوژمنیش
دێ و دەڵێ من شیعری «ئاسۆ» پاکی ئیستنساخ ئەکەم

سارووقامیش ١٣٨٩/١٠/٢٠

## داوەتی هێمن

ئەوە کوا تیشکێ کە پێی فکرێ لە بۆ ئەم شەوە کەم
ئەوە کوا مەی؟ بڕەوێنێ خەم و دەرد و خەوەکەم؟
ودرە داهاتوو نەهاتوون ئەدی بۆچ بۆی بە خەمی؟
ئەرێ کوا ئەرزشی هێندەن ئەگە بیرێ لەوە کەم؟
چوار و پەنجا خولی ئەم عەرزە خولام پێم نەگرا
چۆن نەڵێم خۆزگە بە گاگۆڵکێ دەگەڵ ڕەوڕەوەکەم
مەکە مەنعم بە جیازی کوڕ و بووکم دەگریم
من بە بێژنگی مژۆڵم جەژنی شادیم کەوەکەم
خەڵک ئەڵێن داوەتی «هێمن» وەکوو میتینگ بوو بەڵێ
لەوە بەشکۆتر ئەبوو تۆزێ گەرم با جەوەکەم
مامە هێمن بە هەوای جوانی و ئازادی ژیا
بۆیە ئێستاکە منیش ناو و رچەی پەیڕەوەکەم
من و دڵ ڕۆژێ لە باکۆ بە هەوای گەنجە خزاین
تازە چۆن یادی وتە و فەلسەفەکەی مەسکەوەکەم
گوڕوگاڵی چتە ئەی دڵ تەڕی تاکەی دە بەسە
بکە دوعا کە ببینم گوڕوگاڵی نەوەکەم
بەڵێ «ئاسۆ»م و بە هیوای دەمی ئازادی گەلە
هەموو ڕابواردن و عومر و هەموو ڕۆژ و شەوەکەم

ڕۆژی داوەتی هێمن، ١٣٨٩/٥/١٢

## وفاداران

وفـــاداران ! وفـــاداران کجاینـــد
کـــه یـــاران کنـــونی بـــی‌وفاینـــد
چه دستی بود بست ایـن درب‌هـا را
ولـی دزدان ز هـــر کـــویی رهاینـــد
دلم از حسرت یک جرعه خـون شـد
در میخانـــه‌هـــا را کـــی گشـــایند؟
بیـــا ای پیـــر چنگـــی بـــاز کـــن در
کـــه دل‌هـــا چشـــم بـــر راه شـــمایند
یـــک امشـــب میهمـــانم کـــن خـــرابم
خرابـــاتی همـــه اهـــل صـــفایند
مبنـــد ایـــن پنجـــره تـــا بنگـــرم روت
تـــو بگـــذارش کـــه تعزیـــرم نماینـــد
بخوانیـــد ان یکـــاد و بـــاز کـــن در
کـــه مســـتوران و مســـتان باخداینـــد
صفای عشق را یک شب چشـی گـر
دگـــر دانـــی بقیّـــه بـــی‌بهاینـــد
چو سر زد از «افق» خورشـید آنگـه
همـــه دلّـــال شـــب در اختفاینـــد

۱۳۸۹/۵/۱۵

## لە گورستان ڕۆژی جەژن

ئەوا جەژنە و هەموو کەس شاد و سەرخۆش
برێکیان چاو بە فرمێسکن بەڵام تۆش
بە کۆچی مەرگی ئازیزان غەمینی
ئەچی بەرگت عەوەز کەی ببیە ڕەشپۆش
شەڕابێ تاڵە مەرگ و هەر دەبێ گەر
کە دای ساقی ئەجەل خێرای بکەی نۆش
بچۆ قەبران و چاوکە چەن ڕەفیقت
لە نێو ئەو شارە نوستوون مات و خامۆش
نییە جوابێ تەنانەت مەرحەباشت
نییە گوێیێ ببیستێ بانگ و ڕۆڕۆش
خودایا کام شەڕاب بوو دات بەمانە
کەوا تا ڕۆژی حەشرن مەست و مەدهۆش
کەسێ عەقڵی هەبێ لەم کۆنە کەپرە
بە کاری نایە حیرس و توورەیی و جۆش
تەواوی حاسڵی ئەم ژینە قەدری
ئەوەندەی نابێ ساقی پێت بڵێ نۆش!
دەبێ لەم ژینە هەر ئەزموون وەکۆ کەی
پڕی گیرفان و جەیب و باخەڵ و کۆش
مەڵێ «ئاسۆ» بە بێ ڕەحمی بزەی دێ
بەزەم دێ بەو کەسانەی بوون فەرامۆش

جەژنی ڕەمەزانی ٨٩، لە سەر گڵکۆی بابە و دایە

# ئەوین و فەلسەفە و ئیمان

زۆر لـەمێژە دڵ بـە یـادی کـۆچی یـاران ژان ئـەکا
باری قورسی دەردی میللی و عیشقی شانەوشان ئـەکا
گەرچی سێلاوی ستەم لـەم خاکـە هـەر وەک خۆیـەتی
هـەر لـە مـەوجی هێرشـی سێلاوی پاکستان ئـەکا
جۆشـی عیشـقی نیشـتمان و خۆشەویسـتی یـار نـەبێ
دڵ لـە شـادی نـەفرەتی دێ و هـاوەڵی گریـان ئـەکا
لـەم غـەم و دەردەی لـەدەسچـوونی عـەزیزانی ڕەفیـق
شـیعرەکانم حەقیـەتی وا شـیوەنی پـەنهان ئـەکا
چونکە هەر شیعرێ بەحاڵ ئیحساسی میللی تیا هەبێ
لـەم عـەیام و دەورە باسـی بـەرلەن و ئـەڵمان ئـەکا
مـن چلـۆن پیـری بـەرەو پیـریم نـەیێ لـەم دەورەدا
دژبەرم دڕتر ئـەبێ و چاوجوانەکـەش خۆی جوان ئەکا
ئەو خەیاڵی کوشتنی خـەڵکی هەیـە و پێی شـەرعییە
تـۆ بڵێـی کامیـان بەڕاسـتیان بـێ فریـوی تیـا نـەبێ
لایـێ دیکـەش یـەک خـەیاڵی سـووتنی قورعـان ئـەکا
کێهـەیان ئێسـتا بەڕاسـتی دوژمنـی شـەیتان ئـەکا
هەر بە تەنیا شیعری «ئاسۆ»یە لە قـەڕنی بیسـتویـەک
بـێ درۆ باسـی ئـەوین و فەلسـەفە و ئیمـان ئـەکا

٨٩/٦/٢٣

# نامە

تۆ گوڵی سەرمای بە هاواڵی ئەوینم گەش دەبی
بچیە بەر تاوی ئەوینی دوژمنانت ڕەش دەبی
تۆ پەپوولەی بێ‌گوناهی ڕێی گوڵت گوم کردووە
چاو! ترووسکەی زێڕی باڵت شەوقی زێڕی بردووە!
تۆ شلێرەی دەشتی خوێناوی شەهیدی شین بووی
بۆیە لەم وەرزی سەهۆڵبەندانە وا بێ‌تین بووی
تۆ ئەگەر پێت خۆشە جوانیت قەت نەچێتە بن گڵی
ڕوو بکە ناو گوڵدانی شیعرم تا ئەبەد هەر وا گوڵی
بای‌سەبوون و ساردی زریان دەبنە بای ڕەحمەت لەبۆت
دامەنم پڕ کەی لە خونچە، نەک ئەمن داوێنی خۆت
جا لەوێدا پێکەوە تاوێ لە بەر جەوری درۆو
هەر وەکوو منداڵی ساوا دین لە یەک دەگرین گوڕوو
من ئەوەند تینووم بە ئاوی شەونمی سەر پەلکی گوڵ
بولبولی وەرزی خەزانم ناچریکێنم بە دڵ
جاربەجار گەر دێ جریوەی شیعرەکانم ساردە با
دێ دەخنکێنێ گەرووم وەک دز وشەی گەرمم دەبا
جا منیش ئەودەم لە گۆشەی بێ‌کەسی و ترس و وزە
زامی هەستم دێتە سۆ و بەو دەردە زامم ئاودزە
دێم بە شیعری عاشقانە نامەیەک وەک پەیکی چاک
بۆت بنێرم دەبمە قاچاخی ڕفیق و باب و کاک
بۆیە خۆم ژێرێ دەکەم بەم شیعرە مەعنا لە بنەوە
بشکە زامی کۆلی «ئاسۆ» بەم قسانە چا بنەوە

ورمێ، ٨٩/٧/٢٤

# غەم مەخۆ

ئەی دڵی غەرقاوی مەینەت دەور ئەگۆڕێ غەم مەخۆ
باسی خەندەی مەیگوساران دێتە گۆڕێ غەم مەخۆ

میقنەعە و چارشێوی نەگبەت ڕادەماڵێ تیشکی تاو
دەچنە ژێر بەندی کەمەندی پەلکەشۆڕێ غەم مەخۆ

بابی«ئیحسان»[1]من دەزانم دێ کزەی جەرگت بەڵام
لەو بزەی جەرگت هەموو دونیا دەنۆڕێ غەم مەخۆ

لەم قوماری عاشقانە هەر براوەی تۆ برا
هەرکەسێ «سادق» نەبێ هەر ئەو دەدۆڕێ غەم مەخۆ

کێ دەڵێ عەشق و سیاسەت هاوکەلاسی یەک نەبوون
عاقیبەت خومرەی ستەم هەر هەڵدەچۆڕێ غەم مەخۆ

دادەپۆشێ تەلدڕووی دیواری زاڵم سوورە گوڵ
تاقەداری گوێی شەتاوان دەبنە کۆڕێ غەم مەخۆ

بەستەییێکت بۆ دەڵێ قومری دەگەڵ بولبول بە جووت
سەقر و سێروو دەبنە کۆرسی بارەتۆڕێ غەم مەخۆ

ڕاستە هێشتا ڕێگە زۆری ماوە بۆ دوندی چیا
هیممەتی عەشقت دەبێتە تۆشە بۆ ڕێ غەم مەخۆ

تاو لە «ئاسۆ» دێتە دەر بەو تیشکی زێڕینکارەوە
پڕ دەکا جووتیاری کورد توربێن و هۆڕێ غەم مەخۆ

بۆکان ۱۳۸۸/۸/٤



---

[1]. شەهید ئیحسان فەتتاحی کە لەو ساڵەدا شەهید کرا

## خۆشەویستی

مـن دەزانـم هـەرچی گیانـدار بێ دڵ و گیـانی هەیـە
تۆ دڕندەت خۆش بوێ، بێخـەم بـە جـوابـدانـی هەیـە

خۆزگـە داری خۆشـەویسـتی هـەر بـەهار با وەرزەکـەی
چون لە سەر هەر پەلک و پڕژێ، جێگە هێلانی هەیە

بێت و لێـوی تـەڕ نـەکا جارجـار بـە شـەوئاوی ئـەوین
هەر لە تینوانـاش دەخنکێ ئـەو کەسـەی نانی هەیـە

خوا نـەکا ڕۆژێ موحیببـەت کـۆچ بکـا لـەم خاکـەدا
جـا دەبینـی زۆر و کـەم کـێ پاکـە تـاوانی هەیـە

دا بڵـێن قـەت مـەم نەترسێ خـوێنی ئەو ون ناکرێ
تاکوو ورشـەی زێـڕی زیـن و هەسـتەکەی خانی هەیـە

تـا بـە ڕووناکی نـەبینێ چـوارچرا چـوار دەورەکـەی
تۆرەمەی مافخوازی گەل کـوا ترسـی خنکـانی هەیـە

دیمەنی بـەفری چیـا و هـاڕەی شـەتاو و دەنگی مـەڕ
شـوان و شمشـاڵ و شـلێرە کـوا لـە کـن مـانی هەیـە

قـەت مـەڵێن «ئاسـۆ» ئـەدی ئیدیۆمـەکانت کۆنەیـە
شەرتی شاعیر چەشتنە گەر چاو هـەبێ جوانی هەیـە

بۆکان ١٣٨٩/٨/٦

## بۆ گۆیژەی سولەیمانی

لــە دارەلمــولکی بابــانڕا ســڵاوێ بــۆ شــکۆ و شــانت
ئــەوەی تــا تــۆ بــە ســەربەرزی ببینــێ بــوو بــە قوربانــت
بــەڵام ئــەی خــاکی پــاکم بۆیــە گریــان ئــەوکی داگرتــووم
ئەوەنــدەت دیــوە زوڵــم و زۆر لــە بێگانــەی حوکمڕانــت
ئەوەی نوێت ئێستەکەش بۆیــە ڕەگــی بــۆ هەنــدەران دەفڕێ
لە بەر چاوی گەلی سووکە گەلۆ و ئای‌ئای و حەیرانت
لــە ئاهــەنگی زەعیــف و بیــری کــورتی تاکســیەک زانــیم
دژانــت کــاری خۆیــان کــردە مێشــکی پــاکی لاوانــت
دەزانی تا «سەرا» وەک ئێستە وابێ چەن کەسان کوژران؟
ئــەدی ئێســتا دەڵــێ چــی ســەرچناری مەســتی گۆڕانــت؟
بەڵام ئەی شاری هەڵمەت خۆم بە قوربانت ئەمەش دەڕوا
وەدی دێ خەونەکەی «ئەحمەد»[1] شــەهیدی چۆمی سیروانت
بــە شــاڵی ســەوزی داری بەرقــەدی گــۆیژەت قەســەم گیانــە
دەبــێ ڕۆژێ بــە ئــازادی ببیــنم شــاری بۆکانــت
کــوڕان و کیــژی دڵپــاکی مــەهاباد و ســنە و ورمــێ
دەگــەڵ هــەولێر و زاخــۆیی لــە دەوری کــانی‌ئاسکانت
بگێڕن بەزمی سەرچۆپی هەموویان دەست لە دەستی یــەک
فەرامۆشــی بکــەن شــیعر و کلیپــی ڕەپشناســانت
بــە گــۆرانی ئەســیلی «ناســر» و ئاهــەنگی خۆمــاڵی
لــە شیعری کــوردی «ئــاسۆ» پــڕ دەبێ جێژوانی جارانت

سولەیمانی، ٨٩/٨/٤

---

[1]. ئەحمەد موختار دەفەرمێ: ئەمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ دەبێ ئەولادی کورد/ دێتەوە مەیدان بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە

# بۆ مامۆستا هێدی

چاو کە هەڵدێنێ لە خەو هەولێر وەکوو بووکێ بەناز
لادەدا شیبایێ فێنک، ڕووسەری دوێنێیی بە ڕاز
دێتە دونیا ڕۆژێ ئاواتی گەلێ لەم شارەدا
لەودەمەیدا عارەبیش دێنێ لەبۆت دەستی نیاز
هەور ئەگەر جارجارە دەگرێ گۆشەیەکی عاسمان
چاوەڕێی دایداتە بارانێکی پەلکی گوڵ نەواز
وەرزی زێڕینی منالێمان هەزار یادی بە خێر
چەندە چاوەڕوانی بەردێ بووین ببێتە بەردەباز
داخەکەم هەر بەردی خەڵکی دی سەری ئێمەی شکاند
خوا شوکور منداڵی ئەم شارە چ شادە و کەیفی ساز
گەورەکانی کورد دەخیلتان بم وەهایان گەورە کەن
بیخەنە زیلانی مێژوو زوڵم و ترس و حیرس و ئاز
فورسەتێ با دەس نەدا بۆ تێکدەران و دڵڕەشان
حوکمی ئێوە چون لە شەرقیئەوسەتا ناسرا بە شاز
چاوەکانی جوانی «عەنکاوە» دەبینم جوان و گەش
عەینی «کاوە» جەرگی زەحاکی گەلی کێشا بە گاز
حەقیەتی بولبول لە سەر بەرماڵی گوڵ بەو سەوتەوە
شەرحی دا دەردی غەمی پێشووی لە سیرڕا تا پیاز
جا مەگەر دەنگی قەلی تێکدەر هەواکەی تێک بدا
خۆ دەنا ئاسمان وەجۆش دێنێ لە سەر دەزگای حیجاز
بۆیە «ئاسۆ» بەم بەیانە دادەنێ شیعری ڕەوان
«هێدی» مامۆستایەتی و فێری دەکا شیعری تەراز

ئەم غەزەلەم دانا لە هەولێر و چوومە خزمەت مامۆستا هێدی، وەک دیارییەک بۆم برد. کە بۆم خوێندەوە فەرمووی: «چۆنت ئەو هەمووە ئاوا زوو بۆ نووسراوە؟»
هەولێر، ١٣٨٩/٨/٣

# بۆ چاوەستێ

هەر کەسێ لەیلای ئەتۆ بێ ئەو گەلێ مەجنوونترە
قەت مەلێ بۆ دڵ هەڵەم کرد نا هەڵە مەمنوونترە
چاو دەبینێ و دڵ دەکا سەودا و ئەوینیش موشتەری
ئەو کەسەی عەشقی بە هەرزانتر فرۆشت مەغموونترە
کێ دەڵێ نەرگس لە چاوی تۆ دەچێ؟ ئای لەو هەڵە
تۆ هەلاڵەی چاوەکانیشت لە گوڵ بەیبوونترە
من کە وا کڕیاری باغی سینەیی تۆم ڕاست دەکەم
عاشقی بە درۆ لە شەیتانیش گەلێ مەلعوونترە
ئەو تەقەددوسبازییەت مەفرۆشە پێم من نایکڕم
شاعیری عاشق لەوانەی دیکە پڕئەزموونترە
بۆیە لاقی دڵ لە سەر سینەت خلیسکا ئەو شەوە
خۆت دەزانی پێی هەوەس ژێرپێی پڕی سابوونترە
خۆم بە قوربانی هەوای کوێستانی ڕوخسارت گوڵم
چاوی تۆ مەستە و بە مەستیش بۆ دڵم مەیگوونترە
هەر غولامی تۆیە «ئاسۆ» گەر دەریکەی دێتەوە
چونکە لای تۆیە لە دونیادا دەراوی ڕوونترە

تاران ١٣٨٨/١٠/١٦

## افسوس

افسوس که ایّام جوانی سپری شد
دوران خوش عاشقی و جلوه‌گری شد
گر نوبتی هم بود دگر نوبت ما رفت
ذوق دل ما از کشش چشم پری شد
ای زلف و رُخت رشک گُل یاسمن تر
رُخ را تو میارای زدل ذوق و تری شد
خشک است اگر شعر و شعور منِ عاشق
مهر آمد و گرمای دَم شهرِوری شد
چنگی نزند بر دل ما زخمه‌ی ناهید
تا عود دلم پاره از آن بی‌خبری شد
تا یاد کنی غنچه‌ی لب‌های کسی را
چون غنچه شود دل که از آن بوی بری شد
سرخی طلبی از «افق» افسوس که زرد است
سبزینه شعاری است که با بی‌ثمری شد

۱۳۸۸/۱۲/۱۴

## وەرگێڕاو لە ناسرخوسرەو

بیستووتە بڕکە کوولەیەک لە بنی دار چنار
مانگێکی نەخایاند کە گوڵی کرد و گەورە بوو
پرسی لە «چنار» کاکی برا! چەندە عومری تۆ؟
فەرمووی چنار: «کاکە بەهار دەبمە بیستودوو»
قاقایەکی لێدا و کوتی چەند تەمبەڵی چنار
من مانگێ تەواو نیم و ئەوا گەیمە داربەڕوو
سرتاندی بە گوێیدا چنار و کوتی: «با کرێوە بێت
لێت ڕوون دەبێ کە تەمبەڵ ئەگەر ئەمنە یا ئەتوو!»

بۆکان، ١٣٨٩/٣/١٤

## چوارینه

دەڵێن «ئاسۆ» کەمێ پیرە و لە بۆ دەرسی کچان چاکە
دەترسێ و سابیقەی زۆرە و کەمێکیش دامەنی پاکە
کچ و حیلکە ئەگەرچی پێکەوەن ئەمما بە ویژدانم
کە حیلکەی کچ دەبیستم من لەوان عاشقترم کاکە!

باخی میراوا، ١٣٨٣/٣/١٥

# یادی پەشمین

یـادی ئـەو ڕۆژە بـەخێر هێشـتا وزەی چـاوم هـەبوو
جاربـەجار ئێوارەیـەک جێژوانـی لاولاوم هـەبوو
یـار لـە نێـو غـاری سـەهۆڵان ئـەو کـراس پەشـمینەیە
باسـی بۆکـانی دەکـرد مـن ترسـی میانـدواوم هـەبوو
هێنـد وەکـوو ئێسـتا لـە کـۆڕی عاشـقان نـامۆ نـەبووم
گـەر کرابـا باسـی عەشـق و نیشـتمان نـاوم هـەبوو
ڕاسـتە دانـە و داوی سـەر تەپکـە فریـوی هـەر نـەدام
بـەس لـە تـاڵی بسـکی کـاکۆڵی کچـان داوم هـەبوو
تـۆ ئەگـەر پێـت وا خـەیاڵی خـاوە ئـاڵای میللـەتێ
وەک هەیـە ئێسـتا ئـەوێدەم پەرچـەمی خـاوم هەیـە
وەک هـەڵۆی تـەڕلان هـەتا لانـم تـەڕی نێچیـر نـەبا
نەمـدەخوارد سـەهمی کەسـێک و دایمـە بەرماوم هـەبوو
خوێنی دڵ پیاڵەی شـەڕاب و دەردی گـەل مەسـتیشکێن
بـۆ کـەبابی بـەزمی شـیعریش جـەرگی بـرژاوم هـەبوو
ڕۆژ لـە بـاغی خۆشەویسـتی دەسـچنی میـوەم دەکـرد
شـەو لـە نێـو دەشـتی ئـەوینـدا دایمـە شـەوڕاوم هـەبوو
ئێسـتە «ئاسـۆ»ی خۆشەویستیم تـەڕ بـە فرمێسـکی دڵـە
نـانی گـەر تێـدا نـەبوو شـیعریش ئـەمن ئـاوم هـەبوو

بۆکان ١٣٨٩/٣/٢٤

# بۆ گوڵی لاولاوەکەم

داخەکەم ئەو هەستە ئاشق مەستەکا زۆر باو نییە
ئەو خەیاڵ و تەجربەی بۆ پیر هەیە بۆ لاو نییە
ڕاوچییێکم دی کوتم: «ئێستا لەگەڵ ڕاو چۆنی چۆن؟»
پێکەنی و فەرمووی: «لە جاران خۆشترە هەنگاو نییە»
دڵ لە پەنجادا بە داوی عەقڵەوە زوو گیر دەکا
گرتنی دڵ لەودەمەیدا کاری زولفی خاو نییە
پیاو و ژن وێکڕا دەنەخشێنن کتێبی زیندەگی
تا بزەی دایکێ نەبێ هیچ قارەمانێ پیاو نییە
ئەی سەراپا عەینی گوڵ من تۆم نەبێ زۆر بێکەسم
هێندە خۆشت جوان مەکە هیشتێ بە وێنەی چاو نییە
بۆچی ناترسی کە ئاهی من دەگەڵ چاوی حەسوود
گەر بتئەنگێون گوڵم، گوڵ هێندە ڕاوەستاو نییە
ناحەقم مەگرن ئەوەندە گوڵپەرەست و عاشقم
ناو نەبەی باشە دەنا خۆ هیچ گوڵێ بێ ناو نییە
سۆسنە و هێرۆ و گەزیزە هەر گوڵن «ئاسۆ» بەڵام
هیچ گوڵێ بۆ ئاشقی چەشنی گوڵی لاولاو نییە

زستانی ١٣٨٨

# سۆز

بەم گەلاوێژەش دڵم هەر ئارەزووی سەیران ئەکا
ئارەزووی بۆنی شەمامەی نەورەسی بێستان ئەکا
گەورەیی عیشقە کە وا قیبلەی دڵم هەر جوانییە
دڵ وەکوو حاجی تەوافی خاڵی مەحبووبان ئەکا
گەر بە چاوی دڵ تەماشای دەفتەری شیعرم بکەی
تێدەگەی هەر باسی عیشق و نیشتمانی جوان ئەکا
فەرشی بەرپێم تا چەمەن بێ و پەردەشم چارشێوی گوڵ
کوا دڵم ئیدی خەیاڵی مەرتەبەی خانان ئەکا
بۆیە هەر ئاواتی تاوێ نیشتنەوەی هێلان ئەکا باڵی
سەوزی هەڵفڕینی کۆتری حەز شل بووە
باسی کۆڕ و مەجلیس و بەزمی گەلی یاران ئەکا
هەر شەتاو و جۆگەلە و کانیاو و چۆمێکت کە دی
دیارە تەقلیدی تکەی ئەسرینی دوای جێژوان ئەکا
هەر تکەی بارانی وەرزی پاییزت دی هەڵوەری
هەر وەکوو ئاگر بە گریەی جەرگی شەو گریان ئەکا
ئاهی ساردی عاشقانەی سینەمە بۆ دەم بەیان
وا لە «ئاسۆ»ی دوورەوە سۆزێ بە گوێمدا دێ و دەڵێ
هەر لە سۆزی شاعیرانەی شێتەکەی بۆکان ئەکا

مەهاباد، ١٣٨٦/٥/٢٧

# خاڵە

هێندە لەم کەوتن و هەستانەوە هیلاکە لەشم
بووتە جاڕی دڕوو مێرگی خەیاڵاتی گەشم
من کە میحرابی دڵم شووشەیی گەردن بوو شەوێ
ئێستە بەم ڕۆژە لەبۆچی نییە یەک پیاڵە بەشم
گەرچی گەشبینە دڵم چاو لە گوڵی سوور کە دەکەم
زەردەبینێ بە عەمەل ئەو دڵی لەم حاڵە ڕەشم
لە سەر ئەم گردە ڕەشە بەفری سپی هێند باری
شۆڕەکاتێکە سەرم مەی نەبێ قەت نایە کەشم
دڵ گڕوگاڵی بەرەو سینە و مەم لێ نەبڕا
گەرچی نێزیکە ببینم گوڕوگاڵی نەوەشم
وەک چەلان هێزی نەماوە گوڵەکەم چاوی خەیاڵ
وا بە ناز ڕامەبرێ هێندە بە کەشم و بە نەشم
قەڵەمم ویشکە وەکوو داری سەری چاکەچکۆڵ
هەرچی بیرپێسێ بە یەک خاڵە دەبێتۆ بە پەشم!
گەرچی وەرزی تەمەنم پاییزە ئەمما بە خودا
هەر کچێ جوان کە دەبینم بە تەمای ئەم کەشەشم
پێم مەڵێ خاڵە گوڵم خاڵ بە فەدای خاڵی ئەتۆ
ئەمن «ئاسۆ»ی غەزەلی کوڵمی سپی و چاوی گەشم

بۆکان ١٣٨٣

# بۆ چاوکاڵەکەی بانگ

وەی قەزای چاوێکی تۆ لەم بانگ و عەکسانە کەوێ
من لە چاو حاڵیم دەزانم چاوی تۆ چی لێم دەوێ
چاوی تۆ هێند مەستە هوشیاری نەهێشت لەم بانگەدا
خاڵ و میلت ڕشتووە هەر عەینی سەرباڵی کەوێ
هێند خەواڵوون و کەچی وا خەونی عالەمیان زڕاند
من دەزانم چاوی تۆ بۆ هێندە لێڵن بۆ خەوێ
هەر ئەمن شەیدای ئەوین و حوسنی ڕەفتارت نەبووم
هەر کەسێ گەر دێت و دەتبینێ وەکوو من ناسرەوێ
گەر دڵت وەک دەنگی نەرمت با لە حاندی عاشقان
شێت دەبوون دەتزانی ئیدی عاقڵێ گیر ناکەوێ
چاکە شیعرم بووەتە سەرمایە و نیازت پێی هەیە
خۆ دەنا گەنجی وشەم گشت ون دەبوون لێرە و لەوێ
گەر سەریشت لێم بوێ بۆ بەردەبازی ڕێگەکەت
دەیخەمە ژێر پێت عەزیزم شەرتە بێ تۆ نامەوێ
کەس وەکوو «ئاسۆ» بە داوی بسکی تۆ پێوە نەبوو
ڕەسمی ڕوخساری لەتیفت بۆتە مەشقم هەر شەوێ

بۆکان ۱۳۸۲/٤/۱۸

# بۆ لاقە دەوڵەتیەکەی مامۆستا کەماڵ

ئەوێ ڕۆژێ کە بابادەم لە سەر ئەم خاکە پێی دانا
لە تووبا بێبەش و گریا بە ڕووی داو و تەڵەی دانا
لە بۆ ماڵ و مەقامێ وێڵ نەبوو بۆ خاکی خۆی گریا
لەسەر خاکی بەهەشتی خۆتە کاکم تۆش کە پێت دانا
کە ماڵت بۆ نەهێڵن لانشینی چەشنی زیندانی
ئەتۆ عەینی کەماڵی کوا غەمت بگرێ لە زیندانا
ژیان ئەورۆ عەلیلە، دڵ نەخۆشە بێت وخۆشی کەی
وەکوو جەڕڕاحی موعتەللاتە پێت دەکوتین لە دەرسانا
ئەتۆ نابێ بەوەی شل بیتەوە نا کاکە تۆ شەل نیت
ئەتۆ قاڵ بووی لە بۆتەی حەقپەرەستی خاکی کوردانا
هەتا بارانی ڕەحمەت دانیەکا هەر بەفر و زستانە
بەڵام کێ دیویە تا سەر، ساڵ بمێنێ هەر لە زستانا؟
بەرێزم چاوەکەی چاوم مەترسێ ڕوونە «ئاسۆ» کەت
ئەگەر سەد هەوری ڕەش بگرن بەری تیشکت لە ئاسمانا

ڕێگای مەهاباد – بۆکان ١٣٧٨/٦/١

# چاوبڕکێ

باسی قەیتان بۆ دەکەم هەرتاکوو لیوی تۆ هەبێ
باسی پەرچەم بۆ دەکەم هەرتاکوو زولفی لۆ هەبێ
خوا شوکور دیم و نەمردم پەرچەمی ئەم میللەتەش
کوا ژیانە ژینی ئەو خاکەی لەوێ نامۆ هەبێ
چاوی تۆ فێرم دەکا چۆن جوان ببینم زێدەکەم
شەرتی پاک پەیمانی چاوە با هەزار ناتۆ هەبێ
من بڕۆی تۆم تاقی میحرابی دڵە بۆ نوێژەکەم
چاوی تۆ ئەستێرەمە با سەد تەرازوو و کۆ هەبێ
ڕووت لە من قەت وەرمەگێڕە من وەکوو ئاوێنە وام
چاو لە چاوی من بڕە و جا گوێت لە جوانی خۆ هەبێ
شەرتە شیعری چاوی تۆ بۆ گشت قەناتێکی بەرم
عالەمێ عاشق بە چاوت کەم ئەگەر بە درۆ نەبێ
بەم چلەی هاوینە ڕوخسارت دەڵەی باغی گوڵە
کوڵمی تۆم پێ سوورترە با سەد گوڵی هێرۆ هەبێ
چاوەکەت کاتێ خەواڵوون زۆر لە گەل بێدارترن
گل دەکەن بۆ چاوەبڕکێ شەخسێ وەک «ئاسۆ» هەبێ

ڕێگای مەهاباد – بۆکان، هاوینی ١٣٨٦

# لێم گەڕێ

باخەڵم پڕ شیعری پاراوە ئەگەر غەم لێم گەڕێ
شۆرەت و ناوم بە پووشێ ناوێ گەر زەم لێم گەڕێ

سەر لە سەر ئەستێرە دەسوێ شاهەڵۆی ئاواتەکەم
گەر لەمەولا باسی ڕەنج و شین و ماتەم لێم گەڕێ

کەی وەکوو منداڵ بە بووکی چینی شیعرم ژێر ئەبم
گەر خەیاڵی باغی بەروێ و شەودزی مەم لێم گەڕێ

گۆی زەوی وەک تۆپی کایەی هەستی شیعریمە ئەگەر
لەم وڵاتە جوانەدا کەمبوودی پەرچەم لێم گەڕێ

بۆ ئەوەی تەیری ئەوین هێلانە لای شیعرم بکا
گێژەڵووکەی باڵشکێن هەر تاقە یەک ژەم لێم گەڕێ

من چریکەم ئاشنای گوێی دڵپەژارانی گەلە
بۆ نەیارانم هەیاران! هۆرە ناکەم لێم گەڕێ

با وەکوو پەروانە جێژوانم لە سەر گوڵ بێ منیش
ئەی خەیاڵی هیجرەت و باسی وەلی و شەم لێم گەڕێ

تاکوو «ئاسۆ»م ڕوون دەبێ شەو چاو لە ئەستێران دەکەم
نامهەوێ گوڵزاری تینوو و جامی کەمکەم لێم گەڕێ

بۆکان ١٣٧٥/٤/١٢

# ڕەشئەسمەر

لێم گەڕێن من ژیلەمۆی پەروانەیێ سەوداسەرم
تا بەدی کەم نووری عەشقێ ڕۆحەکەم دێتۆ بەرم
بووکی ئازادیم لەگەڵ دێ خۆی دەبێتە ڕێبەرم
بەرهەڵەستی ئاسنینیشم لە سەر ڕێ دابنێن
مستی پۆڵام دایدەهێنێ تۆرەمەی ئاسنگەرم
لێم گەڕێن چۆن پێم دەڵێن لایلای لەبۆ شەوگار بکەم
من کوڕی شەوقم ڕەواجی نوورە بازاڕی سەرم
شەقڵی ماچی من لە سەر کوڵمی هەتاوا دیارە هەر
دەی چڵۆن بێزم دەهێنێ گەر پەنا بۆ شەو بەرم
من گڵی دڵیان بە ئاوی عیشقە پێژاوم برا
بۆیە هەر ڕەشئەسمەرێ دێ زوو دەبێتە دڵبەرم
سەد کەژاوەی کۆچی یارانم بەڕێ کردوون کەچی
بووکی بن تارای شیعر قەت هەر نەهاتە یاوەرم
تاوەکوو «ئاسۆ»ی خەیاڵی شەوقێ ڕووی تۆم دەرکەوێ
من سەراپا دەبمە گڕ نامێنێ شوێنی سێبەرم

بۆکان ١٣٧٤/٨/٢١

## دوایین وتەی دایە

منداڵێکی سەربزێو بووم
عاشقی چۆم و دار و کێو بووم
وەک ئێستاش دیارە ڕەشتاڵە
پێخواس و پێخە ئاواڵە
چاوم پشکووت بە شایمەردان
خانووی کۆنە، ئاسمانی جوان
بە کۆڵەکەی دووکەڵی ڕەش
هەڵدەچووم تا هەتاوی گەش
لەگەڵ گەڵای تازەی چنار
هەر سەوز دەبووم پایز و بەهار
بە هاڕەی ئاوی سەر شەتاو
عاشقتر دەبووم لە لاولاو
لە گەڵ کاڕەی مێگەلی مەڕ
دەمنایە چاڵ دزێوی و شەڕ
هاوین دەهاتەوە مێگەل
فەرقم دەخست چالاک و شەل
ئەرخەوانسووری جەغەتوو
دەستەخوشکەکەی تەتەهوو
لێیان فێر کردم بە هەڵبەست
داسی قەڵەمیان دامە دەست

خـــەرمانان بـــۆ خـــەرمانلۆغـــە
کـــونکـــون دەبـــوو داوێـــن چۆغـــە
ئێـــــواران مانـــــدوو و تـــــۆزاوی
بـــــە قـــــژی ڕەش و ئاڵۆزکـــاوی
دەهاتمـــەوە بـــەرەو نێـــو مـــاڵ
بـــۆ کایـــە و بـــازی ســـەر هـــەرزاڵ
تاقـــە خوشـــکێک و دوو بـــرا بـــووین
بە ڕۆح یەک بووین بە لەش جیا بووین
لـــە بـــاوەش دایکێکـــی دڵســـۆز
بابمـــان مـــەلاییکی بـــێپـــۆز
دەمانخوێنـــد دەرســـی نیشـــتمان
ئـــەم بـــە لای‌لای ئـــەو بـــە قورعـــان
کـــاتێ چـــاو لێـــڵ دەبـــوو بـــۆ خـــەو
گـــوێم دەدایـــە چیرۆکـــی شـــەو
شـــەڕی بانـــە و کۆلکەســـووتان
شۆڕشـــــــی حەمەڕەشـــــــیدخان
نـــانی وشـــک و شـــۆڕش و چـــەک
دەوری شـــەڕی بـــەران و شـــەک
دەبوونـــە یـــەک دژی و خـــۆیی
ئـــــاوارەیی تیلـــــەکۆیی
هـەر بـۆ سـەر و هـەر بـۆ سـەر چـووم

دیـــــان گــەورە و گــەورەتر بـــووم
مەدرەســـــەمان دیــــوی خانـــــه
نێرامــــــه نێــــو قوتابخانـــــه
دەســـــرەیەکی نـــــا گیرفـــانم
دایکـــــی یـــــەکجار میهرەبـــانم
میـــرزا دەبـــێ و قـــەت نـادا جـــوێن
کـــورم دەبێتـــه قورعـــانخـــوێن
خوێنـــــدنم دەکـــــرد ئـــــەژماره
هـــەتا پێـــنج ســـاڵ بـــەم ئاکـــاره
غـــەریبی بـــۆی کـــردم ســـەما
ئێـــدی دەرزم لـــــەوێ نـــــەما
ئێســـــتاش داخـــــه و لـــــه دڵمایـــــه
دوور لـــــه دێ لـــــه بـــاب و دایـــــه
دوور لـــــه گـــوڵی هێـــرۆ و لاولاو
دوور لـــــه هـــارەی ئـــاوی شـــەتاو
دوور لـــــه مێـــزەر و پێـــی خـــاوس
دوور لـــــه دەنگـــی مەشـــکەی گـــاوس
دوور لـــــەو بـــاخ و شـــاخه زەرده
دوور لـــــه چـــۆمی پلەوبـــــەرده
بێگانـــــه بـــوو هـــەرچی دەمبیســـت
دوور لـــــه هـــەرچی خۆشـــم دەویســـت

لـه سـەر هـەر گـوێی چـۆمێ کـوڕێ
لـــە سـەر هـەر کانیـاوێ چـۆڕێ
منـــداڵیمیان بــردۆ لـــە بیـــر
ژەکــی داکیــان لـێ کردمـــە شیر
خورپەیەکـــــە و لــــە دڵمایــــە
بـــەڵام ئـــاخ هـــەر دووری دایــــە
وەرزی ئـــارەق و تـــین دەهـــات
هـــەتا وەرزی هـــاوی دەهـــات
لای قلـــیچقایـــە و قاســـپەی کـــەو
دەهاتمـــەوە داوێنـــی ئـــەو
دیســـانەوە پـــاییز دەهـــات
مـــۆرەی دڵ ئـــەو دەم زیـــز دەهـــات
کـــە هـــەر خشـــتی وەک ئاوێنـــە
دەبـــوا جـــێ بـــێڵم ئـــەو شـــوێنە
ڕەت نـــابێ کـــێ لێـــی بخـــوێنێ
جـــوانی کردگـــار دەنـــوێنێ
جـــێ بـــێڵم و بکـــرم دەورە
دەبـــوا ئـــەم زانســـتگا گـــەورە
ســـەرکەوتوو بـــم نـــەک بـــە شـــەلی
تـــا لـــە مەکتـــەبی بووعـــەلی
بچمـــە نێـــو شـــار وەک پێـــی تـــاوس

گوێ نەگرم لە مەشکەی گاوس
بیرم هەر لای جەغەتوو بوو
سەقز هەرچەند پێشکەوتوو بوو
نەدەبووە دەستاوی دایە
چی چێشتی خۆشی تێدایە
کە بەقەد ڕۆحم شیرینە
وردە وردە ئەم ئەوینە
کردمیە غەریبی شاران
لای دا لە سەر ڕەیلی جاران
ورمێ و تەورێز و سەبزەوار
سەقز، بۆکان، سنە ئەمجار
چۆن بۆ خوێندن ببمە سۆنە
فێریان کردم ئەوین چۆنە
بۆ ڕووحم ببنە سەرمایە
عیشقی نیشتمان و دایە
هەتا بوومە شاعیری کورد
سی و شەش پاییزم وا ڕابورد
بە ڕەنگی زەرد و تامی تاڵ
بەڵام ئەم پاییزەی ئەمساڵ
تامی هەتیویمی پێ چێشت
ئەو یەکجاری منی جێ هێشت

کە بە ناخی ڕۆحما ڕۆ چوو
دوا وتەی بۆم یەک بزە بوو
دایکی بمێنێ پیر نابێ
پیاو لە هەر تەمەنێکدا بێ
چاوی بێ دایکیم کردی گل
تەمەنم گەییە هەشت و چل
لەم ژینە پڕ ئەوینەمدا
بەڵام لەم ماوەی ژینەمدا
کەوتووم بەڵام لە سەرڕاوە
زۆر ئەوینی دیم گۆڕاوە
قەسەم بەو گڵکۆ تازەی تۆ
دایە گیان گوێ گرە بۆ ئاسۆ
چاوەڕێی لایلایە و شیر نیم
ئیدی من تازە سەغیر نیم
دایە وەک تۆ خۆشم دەوێ
هەرکەس دایکی شەهیدێ بێ
ئاویان وەک شیری تۆ پاکە
تەواوی کانی ئەم خاکە
وەک تۆ ئەملاوێنن تاوێک
سەرگۆی مەمکی هەر کانیاوێک

دایـــە وەک تـــۆ خۆشـــم دەوێ

هـــەر کـــەس بـــە زمـــانی تـــۆ بـــدوێ

تێدەگـــەن دایکـــی مـــن دوانـــن

لـــە ئاســـۆی فیکـــرم بـــڕوانن

سارۆقامیش، خەرمانانی ١٣٨٣

# ئارەزوو

سەردەمێکە ئارەزووی چاوێکی وەک دەریا دەکەم
ئارەزووی بەر تینی تاوی بەندی دەست سەرما دەکەم
لێی گەڕێ با هەر لە فێڵێ بن گەلی خۆخۆرەکان
من بە یادی چاوی تۆم، تۆ چی بڵێی هەر وا دەکەم
سێبەری عیشقم لە سەر بێ تاجی شاهیم بۆچیە
تیشکی چاوێکم هەبێ گاڵتە بە شێخ و شا دەکەم
تا تروسکەی بەرقی جوانیی دەرکەوێ پەروانەییم
بۆ ویسالی نوور هەمیشە کاری بێپەروا دەکەم
گەر هەواڵی تۆ بە شەودا بای شەماڵ بێنێ لە بۆم
ڕیزەملوێنکێ وشەی جوان پێشکەشی شەوبا دەکەم
کوانێ ئەو بەرگ و لیباسەم بچمە کۆشکی حاکمان
یا ئەگەر بشڵێن وەرە! هەر خۆم لە قودرەت جیا دەکەم
من دڵم کانگەی ئەوین و دار و بێری و کانییە
نا! پەشیمان نیم لە ڕێگەم، دڵنیا بە چا دەکەم!
نایەڵن تاوێ لە ئاوێنەی خەیاڵما دەرکەوی
بۆیە وەک مەجنوونی بێکەس دایمە یالەیلا دەکەم
تۆ هیلالی دوو بڕۆت دەرخە لە «ئاسۆ»ی جەژنەوە
جا دەزانی چۆن لە وەسفت مەحشەرێ بەرپا دەکام

بۆکان ١٣٨٥/١١/٢٥

# بەرەو هەورامان

کاکی هەورامی وەکوو کەو نیشتووە بەو بەردەوە
پێچەکەی خوار و خلێچ ناوە بە سەر گشت دەردەوە
خاسەکەوئاسا دەخوێنێ لەو سەرە بەو زەردەوە
خۆی لە خەم ڕەخساندووە و دەیلێ بە جووت و فەردەوە
کیژی هەورامیش سپیوسۆڵ بەو کراسی زەردەوە
شاخی هەورامان دەڵەی لەو عەرزی خۆی بێزار بووە
هەر سەراسەر شاخ و بەردە و ڕوو بە عاسمان هەڵچووە
چۆمی سیروان شینەماری پڕڕق و فیگرتووە
شاخ و بەردی دەور و پشتی وەک پەنیر قاش کردووە
گەرچی بێنازە بە دەستی خاوەنی نامەردەوە
ئاو ئەگەر مایەی ژیانی گیا و مرۆڤ و ئاژەڵە
لێرە وەک خاکی وڵاتی دەشتەکی بێهاوەڵە
خاک و ئاو ویکڕا دەنەخشێنن ژیانی کۆمەڵە
گەنم و جۆ لێرە غەریبن جا مەگەر یەک دوو پەڵە
دیارە وەک خاڵێ بە سەر کوڵمێکی زۆر بێگەردەوە
ماندوویی هیچ نایەڵێ بن سێبەری دارگوێز و توو
گوڵهەنار وەک سوورەتاری بووکی تازەی خەندەڕوو
بولبول و قومری لە سەربان گورڕەیانە دوو بە دوو
شەرحی شادی و ڕەنجی کوردان دادەڕێژن موو بە موو
مەست و سەرخۆشن بە دەوری دایەرەی مێژووەردەوە

کیژی هەورامی بە جلکی زەرد و سوور و شینەوە
جاربەجار چاو لێدەکا ئەمما بە بێ هیچ تینەوە
هێندە ڕازی و خۆشدڵە بەم خاک و ئاو و ژینەوە
چاو لە کەس ناکەن ئەمەش مەجبوور دەبین لێی بینەوە
هەر بناڵێنن لە حەسرەت عاشقی بن پەردەوە
دەنگی هاڕەی ئاوی بڵ ژەنگی خەفەت دەسڕێتەوە
هەر بڵەی کۆسەی هەجیج! ئیدی بەسە و دەبڕێتەوە
هەر گوناحێکت هەبێ بەم فاتیحا دەسڕێتەوە
تا بەرەو پاوەی دەڕۆی بەو دار و بەردەی ڕێتەوە
دڵ دەلەرزێ هەر وەکوو منداڵ بە ئاوێ سەردەوە
شاخی هەورامان بەڕاستی عاشقی ئەستێرەیە
هێندە ڕژد و بەرزە پێم وا بانی عەرزی ئێرەیە
ژێری دەستی شێری عاسمان شاخی ئەم شمشێرەیە
بەفری شاهۆ باعیسی ئەم چۆم و ئاوهەڵدێرەیە
پاوە هەر ماوە بە پاوە بەم گ ڕەنج و دەردەوە
لادەبا وەک ئاوی زەمزەم سەدهەزار دەرد و بەلا
تاقە یەک شەربەی لە ئاوی غارەکەی قۆری قەلا
سەیری جوانی ئەم ولاتە جا لەگەڵ چەند هاوەلا
دەفعی دەرد و چاوەزارە چەشنی نووشتەی مام مەلا
با بڵێم یارانی ئاسۆ کێن بە جووت و فەردەوە؛
کۆلکەزێرینە ئەگەر جارجارە بێتاقەت دەبوو

گەر «سەعید» نەبوایە بێشک تاقەتی گشتمان دەچوو
خۆ لە بەر تیری عەزیزیش هیچ کەسێ بێبەش نەبوو
گەرچی تاریف ناکرێ پیاوچاکی ڕحمان و عەبوو
بانەیی شۆفیری چاکە بەو دڵەی بێگەردەوە
بۆ عەبەی سوڵتانی شوێنێ وا نەبوو نەڕفێ دڵی
کاکە عوسمان ماڵی ئاوا و چادری چەشنی گوڵی
کامە شوێن سەرسەوزە خۆشە جا لە سەر بەرد یان گڵی
بۆی کەبابە و شۆخییە و ئیسکان و قلیانە و قوڵی
کێ بە وێنەی سەیدعەلی کێوپێوە بەو سەر هەردەوە
بۆ کەسێ زەوقی هەبێ شاری ڕەوانسەر جەننەتە
حەوز و ئاو و پارک و پردی گشت نموونەی شەوکەتە
لاوی ئازا و کوردیپۆش خەڵکی نموونەی هیممەتە
داخەکەم ئەم شوێنە هەندێ دەستەبەستەی سوننەتە
خۆ دەنا وەیسیشی دەبوە قەیسی لەیلای پەردەوە
حەیفە باسی ئاویەریش نەکرێ لە نێو شیعرێ بە کوڵ
هەر دەبێ باسی ئەوی بخرێتە نێو سەندووقی دڵ
پەرچەم و ڕێحانە تێکەڵ ڕاوگەیە بۆ ئاسکی سڵ
جا مەگەر پیری نەهێڵێ ڕاوی ئاسک و پۆڕێ شڵ
خۆت بخەیتە جەغزی جەنگی نێو گرێو و نەردەوە
مۆز بخۆیت و مۆز بکەی تاکوو موکوریان بێ وچان

داخەکەم بۆ هاوەڵێ بەرز بێ بە بەرزی ئاسمان

دڵ وەکوو بەحری خەزەر بێ و خۆی چکۆڵەی هاوەڵان

هەر مەبەستم شیعرە ئەینا هاوەڵانم گشت وەهان

چیتە «ئاسۆ» بەستە دەستی بێوەفایی بەردەوە

# هەور

دڵەی ئەم هەورە وەک من دڵپڕە و بارانی پێخۆشە
عەرز وەک هەستی من ویشکە و تەڕی جارانی پێخۆشە
کەژ و کێو شاڵی سەوزی کردە بەر کفنی دڕی یەکسەر
بەڵێ بەردیش لە ئەم وەرزە هەوای بارانی پێخۆشە
بەهارە و بولبول و قومری لە بادەی شەونمان مەستن
مەلیش هەر وەک بەشەر سەیرانی ئێوارانی پێخۆشە
کەسێ هەستی هەبێ لەم وەرزەدا شار کونجی زیندانە
بەحاڵ عەقڵی هەبێ جێژوانی گوڵزارانی پێخۆشە
گوڵان و خاکەلێوە وەک تەمەن زوو ڕادەبوورن ها!
کەسێ گوڵ شک بەرێ کوا پارکی نێو شارانی پێخۆشە
گوڵ و بولبول دەر و دەشت و ڕەفیقێک و قەراغاوێ
ئەگەر بۆت دەس بدا کێ سەیری بێکارانی پێخۆشە
وەرن چاو کەن تەنانەت مار و مێرووش شاد و سەرخۆشن
ئەشا مێروولە چەندە یارمەتی یارانی پێخۆشە
مەڵێن شاعیر خەیاڵی خاو دەکا ئەو چاوی دوربینە
خەڵک زاری دەوێ ئەو ماچی نێو زارانی پێخۆشە
ئەگەرچی تا هەیە «ئاسۆ» دژی جەنگ و هەرا و زوڵمە
ئەوەی ڕووی دا لە بەغدادا لەبۆ تارانی پێخۆشە!

بۆکان ۱۳۸۱/۱/۲۷

## هەڵوێست

چەن گوناحن واژەی ئەو شیعرانە زیندانی کران
چەندە زیندوون ئەو وشانەی وا بە دەس زاڵم مران
بۆ شیعر گەر هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون بێ هۆ نییە
ساڵەهایە لەم وڵاتە شیعر و فرمێسک بران
ئەو ئەگەر تا ئەسپە ڕێی دووری منیش تا زولفی تۆن
فەخرە بۆ عاشق بە حەڵقەی زولفەوە هەڵواسران
کوانێ گوێی مێژوو کەڕە زێڕی لە گوێدا هەر هەیە
بێجگە لەو ئاوازە بێ‌وەزنانە وا پشت‌گوێ خران
شیعری چاک ئەوڕۆکە سووکە کێشەکەی کێشەی لە دوون
ڕاستە هەر وا سووکە زێڕ و قیمەتیشی هەر گران
گەر بەهەشتم پاک دەنێ دەستم لە هەستم هەڵگرم
هەر دەڵێم خۆزگەم بەوانەی وا لە جەنگەی ئاوران
با بسووتێ هەستی دڵداریم بە عیشقی پاکەوە
نووری ئەو سووتمانەیە ئێستاکە بۆ ڕێمان چران
ئێستە پۆستمۆدێرنە «ئاسۆ»! خشڵی بووکی شیعری کورد
کوانێ ئەو شیعرانە وەک گوللەی بەرەو دژگەل خران

بۆکان هاوینی ١٣٨١

# دەواری عەشق

کەس نەبوو گەر خەنجەری عەشقی بە پیری گڕ نەبێ
کەس نەبوو پەنجەی گوشینی زەردەبەی لێ سڕ نەبێ

وردەوردە کۆن دەبێ چیرۆکی عەشقی ئەمن و تۆش
حەیفە ئەو تین و ئەوینە هەر بە سۆز و گڕ نەبێ

لەم هەوارە هەر دەواری عیشقە وا قەت ناپوێ
بێجگە لەو نەمدی دەوارێ گەر بە بای ژین شڕ نەبێ

نایەتە سەر لێوی کەس بادەی خەیاڵی مانەوە
تاوەکوو پیاڵەی دڵی بۆ خۆشەویستی پڕ نەبێ

کەی لە جۆگەی شادمانیت پووشی خەم دەخرێتە لا
گەر شەتاوی پڕخوڕۆشی جوانپەرەستیت پڕ نەبێ

تۆ ئەگەر غەمباری جەوری گورگی خوێنڕێژی منی
دوور بە لێی نەیدیوە کەس خێڵی گورگ زگدڕ نەبێ

هەر کەسێ لافی برایی و گەلپەرەستی لێدەدا
جوانی تێبڕوانە «ئاسۆ»! ئاگەدار بە زڕ نەبێ

مەهاباد، ١٣٧٦/٣/٢

## غەزەلی کەس نەکردوو

هەر دەڵێم و هەر دەڵێم و هەر دەڵێم
هەر شەوێم و هەر شەوێم و هەر شەوێم
هەر خراپە و هەر خراپە و هەر خراپ
دێتە ڕێم و دێتە ڕێم و دێتە ڕێم
هەر مەهێڵن هەر مەهێڵن هەر مەهێڵ
هەر لەوێم و هەر لەوێم و هەر لەوێم
هەر دەڕۆم و هەر دەڕۆم و هەر دەڕۆم
تاکوو دێم و تاکوو دێم و تاکوو دێم
با دەرم کەن با دەرم کەن با دەرم
نیشتەجێم و نیشتەجێم و نیشتەجێم
هەر لە ڕوو ناچم لە ڕوو ناچم لە ڕوو
بەردەپێم و بەردەپێم و بەردەپێم
بەرزە «ئاسۆ»م بەرزە ئاسۆم بەرزە هەر
ناچەمێم و ناچەمێم و ناچەمێم

بۆکان ١٣٨٤/١٠/٤

# شینی ڕێبەر

لەودەمەی‌ڕا باسی دارا و شاهی ئەسکەندەر بووە
شینی مەرگ و کۆچی دوایی پیاوی ناوئاوەر بووە
جاری وایە ڕێبەرێ سەرشانی میللەت جێیەتی
وەک «موبارەک» زۆری پێ ناچێ لە شارا دەر بووە
سەیر نییە بەرد تا بەرەو عاسمان بچێ هەر عاقیبەت
هاتنە خوارێی حەتمیە، کێ تا ئەبەد جێی سەر بووە
مەرگی ئەو ئالابەدەستەی قەت لەبیر ناچێتەوە
بۆ نیزامی ئەژدەهاکی کاوەی ئاسنگەر بووە
هەر لە یادی گەل دەمێنێ تاوەکوو شۆڕش هەبێ
ئەو کەسەی وەک شێخی مە تا مەرگی هەر ڕێبەر بووە
خاکی خۆی بۆ مردنیش گیر ناکەوێ، چونکا لە ژین
دوژمنی چینی ستەمکاران و داگیرکەر بووە
چەندە سەختە ئەودەمەی یەک گەل خەمینن بۆ کەسێ
فەلسەفەی وەحدەت لە عەینی کەسرەتیدا هەر بووە
زامی کۆنی کۆچی دووری گۆڕغەریبان هاتە سۆ
دیوتە چۆن چوارپارچە کورد چاویان لەخوێناو وەربووە
قەت بووە سەربەست نەوێری تەسلیەت بێژی بە کەس
تا کەمێ فێنکی کەی ئەو جەرگەی گڕی تێ‌بەربووە
دەک سیاسەت بێتە نێو ئەم دینە «ئاسۆ» تا ئەدی
قەت نەبینی حاکمی زالم مەلای مینبەر بووە

۱۳۸۹/۱۱/۲۲

# ئەنیستیتۆی درۆ

بە سەر شانی شیعرما دێتە خوار لەنگێزەبارانێ
ئەوەی ڕەنگزەردی پاییزی نەبێ قەت قەدری نازانێ

بەهار هات و وڵات خەملا وەکوو کوێستانی گرشیلان
لە بەر خەیمەی گوڵاڵان بووک دەبێ تارای سەری دانێ

بەهار یارەب بەخێر بێی خێروخۆشیت بۆ سورووشت هێنا
ئەدی ئاخر بەهاری نەشئەیی ئەم میللەتە کوانێ؟

دەیان وەرزی بەهار هات و هەزاران خۆزگە بەو زستان
کە ڕێبەندان بەهارمان بێ دڵم چۆن خۆش دەبێ جوانێ

ئەوەی نەخش و کری دەستی خودامان لێ دەشارێتۆ
ژیانی ژێردەسی دێنێ بە قیمەت نیولەتێ نانێ

ئەوەی جوانی نەبینێ کوانێ هاوڕێی شاعیری ڕەندە
ئەنیستیتۆی درۆ ئوستادی ناوی غەیری شەیتانێ

بەڵام هەر دێ زەمانێ گوڵوشەی شیعرم بە ڕێز بگرن
ئەوین سەرداری میللەت بێ و سپای دەرد و درۆ ڕانێ

ئەدی ئەو کاتەیە «ئاسۆ» بزەی سەر لێوی هەڵبەستی
دەبێتە تیشکی شەوگاری کچ و لاوانی بۆکانێ

بۆکان ١٣٨١/٣/٦

# بۆ کیژێکی هەورامی

کـەنگێ چـاوی تـۆ لـە چـاومدا وەکـوو بێگانەیـە
یـەک نەناسـینمان لەسـەر چاومـان بـە وێنـەی تانەیـە
لای ئـەمن ئـازادی ئـەووەڵ ئاشـنایی عیشـقییە
خۆشەویسـتی بـێ شناسـی باشـترینی وانەیـە
سـەروەتی مـن سـەوتی تۆیـە دەنگـی داوودی چیـە؟
سـەوتی داوودی لـە حانـدت کۆنەیـە، ئەفسـانەیە
وەک ئەمن کەم کەس دەزانێ تۆ لە کام بورجی خودای
جێـی فڕینـی تـۆ لـە کوێـی ئـەم خاکـە بێ‌ئاسمانەیە
عەتری گوفتارت بەلامدا دێ وەکـوو مـەی مەستمەکا
چێـژی دیـدارت دەوای زامـی دڵـی سـەد دێوانەیـە
سەیری چاوی خۆت بە چاوی شاعیرانەت قـەت مەکـە
هەر کەسێ عاشق بە خۆی بێ لای خـەڵک بێگانەیـە
مـن دڵـم ئاوێنەیـە بـۆ بـووکی هەسـتی پـاکی تـۆ
پەنجەکانیشـم لـە بـۆ زولفـت بـە وێنـەی شانەیە
ئەی فیدای ئەو خاکە بم وا تـۆ لـەوێ پـەروەردە بـووی
شـیرنیت هـی ئـاردەتووی ئـەم خـاکی هەورامانەیـە
نامەوێ مـن بـاغی ڕوخسـارت بـە زەردی سـەیر بکـەم
سـەیری باغـت خـۆی لـە ڕێـزەی مەرتەبـەی شاهانەیە
پێـرێ پـەیمانی ئـەوینت یـەک نیگـا نووسـیمەوە
بـۆچی ئێسـتا ئـەو نیگـات وەک کـۆتری بێ‌هێلانەیـە

وا وەرە نێزیک بە لێم وەک جامی بادەی هەستی تۆم

با دڵی من پیاڵە بێ هی خەڵکی داو و دانەیە

ڕێی نییە «ئاسۆ» لە باغت تاقە یەک گوڵ بۆن بکا

بەختی ئەو هەر وایە، شاعیر مافی ئەم شیعرانەیە

هەولێر، ٢١/٩/٤ نەورۆز

٢٠٠٥/١٢/١٢

# شریتی ئاوەژوو

دار و بەرد و کێو و ئاو جێ‌پێی چەلانی لاوییە
دەنگی پێی ئەسپی تەمەن دێ لەم کەژە بەرداویە
ئەم کەژانە ئاڵ و زەردن هێندەیان دی چاوکەژاڵ
سووڕەتێکی کردگارین کانیەکانیان چاویە
وا شریتی عومری لاوی ئاوەژوو دەخولێتەوە
سەد هەزار سەوزەی تیا بێژراوە هێشتا ماویە
تاڵێ مووی پەلکەی گوڵێکم لێ بووە پەلکێ شێعر
خاڵی ئەو خۆراکی شێعرە و زولفی تەپکە و داویە
بۆیە تا ئێستەش مەلی ڕۆحی خەیاڵم عاشقە
تاکوو مردن هەر بە یادی ئارەزووی فەوتاویە
عیشقی لاوی هەر وەکوو لاولاو لە دڵ هاڵاوە هەر
بۆیە پیریش بم هەمیشە عیشقی من لاولاویە
شیعری «ئاسۆ» پاکی دەردی خۆی و گەلیە چاوەکەم
تاکوو دەستی ڕوو نەبێ هەر بۆیە «نەورۆز» ناویە

سارۆقامیش، ١٣٨٤/٩/١٦

## دوو بەیتی

چـەکچ‌ومـــاڵۆکی پـــەنای میرقـــازی
پـاکی گـوێی دابـووە ســەلاح و ســازی
هـەموو ئـەم شـوێنە لـە «ئاسـۆ» تـاڵ بـوون
بــێ پـــەزیرایی کـــەماڵی قـــازی

نەورۆز

قزڵجە، ۸۴/۳/۱۵

# ئەوینی نهێنی

شیعری مـن چـاوی سـەرم بـۆ گوڵـەکانم دەدوێ
چـاوی تـۆش بـۆ منـی «شـەیدا» لـە خـەزانم دەدوێ
یارەکـەم پـاییزی مـن زۆر لـە بـەهار خۆشترە چـون
مامەکـەم ئێستا لـە «یوو- ئێن» بـە زمـانم دەدوێ
دیارە من ڕەنج و غـەمم کردمـی مـاندوو لـە ژیان
چاوەکـەم چاوەکـەت ئـەمڕۆ لـە وچـانم دەدوێ
ئەو هەموو ناز و عیتابەت بەسە بۆ ئەمنی هـەژار
بەسیە «قوربـانی» جیهـان وا لـە ژیـانم دەدوێ
قەومی کورد ئێستە لە دونیا شەڕەفی بەرزە کەسـم
دەنگـی ئـەم بـێکەسـە ئـەمڕۆ لـە جیهـانم دەدوێ
ڕەببـی ئـاوا بـێ وڵاتـم کـە ئـەتۆی کـردە گـوڵم
دڵ بـە کـۆی عـەشق و سیاسـەت لـە شـەوانم دەدوێ
بـەم هـەموو ئاهـەوە قـازانجی منـە قـەڕنی ئـەتۆم
دوژمنـــە کۆنەکەیـــە هـــەر لـــە زیـــانم دەدوێ
ئەی خودا شـوکری ئـەتۆ چونکـە منـی دوورە بـەهار
وا چریکـەی کـەوی‌خاسـە لـە کـەژانم دەدوێ
نامەوێ دەنگی قـەل و داڵی لەسـەر لاشـە کـە مـن
وا ورینگـەی مـەلی شـەیدا لـە گـوڵانم دەدوێ
یەک بە یەک بەیتی ئەوینی منی «ئاسۆ» بکـە شـی
تێدەگەی چۆن کە لە سـەر عیشقی نیهـانیم دەدوێ!

بۆکان ۱۳۸٤/٦/۲٥

## دەگوزەرێ

ئەم عومرە کە وا پڕ گڕ و بۆسۆیە دەگوزەرێ
پڕ شادییە یا پڕ غەم و ڕۆڕۆیە دەگوزەرێ
لەم وەرزە کە هەر دارە گەڵای زەرد دەبێ گوڵم
سووری گوڵی ڕوخساری من و تۆیە دەگوزەرێ
دانیشە لە سەر کانییەک و هاوەڵێکی چاک
پەیدا کە تەمەن ئاوە لە ئەم جۆیە دەگوزەرێ
ئەسرین مەڕێژە کاکە لە بۆ نامورادی خۆت
ئەمڕۆش کە لە دەورت درۆو کۆکۆیە دەگوزەرێ
ئەو ڕۆژە کە پێت وایە ژیان خۆشە لا دەچێ
ئەو ڕۆژە دەڵێی ژینە کە بێهۆیە دەگوزەرێ
باڵێ کە خودا داویەتی بۆ هەڵفڕینی مەل
دەشکێ و لەبەر هەوەسی دەنکە جۆیێ دەگوزەرێ
ئەم ژینە کە وا پڕپڕی جوانی و سەفا و شتە
لات وایە کە نەتدیوە چ نامۆیە دەگوزەرێ
هەر عیشقە کە وا سابتە، قەت کۆنە ناکرێ
خاڵۆت تەبەقەی هەشتە وە یا نۆیە دەگوزەرێ
ئەم پاس و وەڕینەی سەگەهارانەش عاقیبەت
وەک دژبەرەکەی لاوەتی «ئاسۆ»یە دەگوزەرێ

بۆکان پردی کۆسە ۱۳۸٤/۷/۱۹

# غەزەلی هیچ

چیە ئەم سەوزی و زەردی و لە پڕا بوونەوە هیچ
ئەگە بێ فەلسەفە بێ هەر، بەڵێ ئیدی ئەوە هیچ

خۆ ئەگەر زیندەگی مانای هەبێ لەم دایرەدا
بە خەمی عیشقەوە هەر شەو نەخەوی، ئەو شەوە هیچ

تۆ بەبێ هیچ لە هەوەڵ هاتیە سەر ئەم تۆپە گڵە
سەدهەزار هێندە وەخرِ کەی لە پڕا دەبیەوە هیچ

هەر وەکوو خەونە ژیانی لەوە پێشت چ دەکەی؟
گەر کەمێ لەززەتی بۆ ئێستە نەبێ، ئەو خەوە هیچ

باب و باپیرە لە بەر چاو دەکەوێ بۆ هەوەسێ
بۆ تەمەع بابە کە هیچ و کوڕە هیچ و نەوە هیچ

لە مناڵیمەوە زانیومە ژیان هەر ڕاوە
ئەو هەموو ڕاوەئەوین و هەموو داوئانەوە هیچ

عاقیبەت لاقی تەمەن بوو لە چڵێ داوی کەوت
ئەو هەموو لاف و گەفین و هەموو خۆبەستنەوە هیچ

ژین هەموو هیچە مەڵێن «ئاسۆ» نەهیلستە کەسم
ڕەوڕەوەت پوولە ئەگەر پێت نەبێ ئەو ڕەوڕەوە هیچ

بۆکان هاوینی ١٣٨٤

# پرسیار

گەر گەڵایەک وشک ئەبینم
قاقا پێدەکەنێ پێم و باسی چرۆیی و بەهار و باران و سەوزیم بۆ دەکا
دەچمە سەر چۆم
به پەلەیە بگاتە دەریا و قسە لەگەڵ هیچکەس ناکا
لە ترۆپکی چیاش بەفر هەر وا دەگری و
باسی توانەوەم بۆ دەکا

کۆتر دەگەڕێ بۆ جووتێ
دار هەر باسی سێبەر دەکا
کانی هەر وا
هەر خەریکی هەڵقوڵینە و هاواریەتی
ڕێبوار خەمی پرسیاریەتی.
دەچمەوە کن باوکم، بەڵام
خاڵۆ قوربان، سمایلاغا، عورووسی زوو و باسی خەونەکەی دایکمە
قورعانێکیان لە بۆ بردن
لە پاشان من هاتمە دنیا
هەموو شتێ لە ڕابردووی خۆیان دەدوێن
کەس باسی داهاتوو ناکات

ڕێبوار دیسان پرسیار دەکا
بڵەی لە داهاتووی نزیک
بەبێ ترس و خورپە و گومان ڕووبەڕووی گەل لە پیر و جوان
لە ژێر ئاڵای کوردستاندا
بخوێنمەوە شیعری ئازادی کوردستان؟!

**بۆکان ١٣٨٤/٥/١٦**

# باوەفایێ بۆ نییە؟

لـــەم وڵاتـــە باســـەفادا باوەفـــایێ بـــۆ نییـــە؟
ئاشـــنا زۆرن بـــەڵام دەردئاشـــنایێ بـــۆ نییـــە

هەر کـەنار و دەشـت و کێـوی پـاکی کونسێرتی مەلـە
ئەو مەلـەی فـەرقی نـەبێ لای شـا و گـەدایێ بـۆ نییـە

لەم شەوەی ئەنگوستەچاوە ڕوو لە کوێ کا شیعری مـن
ڕەنگـی غاڵـب هـەر ڕەشـە ئـەی شـەوچرایێ بـۆ نییـە

تۆ شەمی شەوگاری مـن بـووی چۆنـە شـەوقت لـێ بـڕا
نامـــەیێکـــت ئێســـتەکە بـــۆ بێنـــەوایێ بـــۆ نییـــە

کـۆن بـووە چیرۆکـی عەشـق و خۆشەویسـتی چاوەکـەم
چـی لـە دونیـا زۆرە دوژمـن ئـەی برایـێ بـۆ نییـە

هێنـدە لـەو پـەنجێرەوە ڕوانیمـە دونیـای دەورەدەسـت
ڕێگەشـم لـێ ون بـووە ئـەی ڕەهنومـایێ بـۆ نییـە

کێ دەڵێ هەرکەس لـە بەر چـاوان نـەما ڕەنگـی نـەما
دڵ حەســابە دایــە گیــان ئــەی لایــەلایێ بــۆ نییــە

دڵ نەبا «ئاسۆ» بـە چـی دەسچینـی چـاوی کـۆ دەکـرد
کـۆ لـە سـەر خەرمانـە ئێسـتا فێنکـەبایی بـۆ نییـە

ساروقامیش، سەر گڵکۆی دایە
١٣٨٤/٣/٢١

# بۆ شایەری چاوەکانت

چاوەکانی خۆت نەدیوە گشت گەلی کوردیان هەژاند
چاوەکانت دوو هەڵۆن ئەمما دڵی منیان ڕفاند
خۆزگە بەو چاوەی ئەمن جارێ نیگای خۆتت دەکرد
تا بزانی چاوی تۆ چۆن ڕەونەقی تیشکی شکاند
کیژی دونیا کۆوەبوون ئەمجار دەڵێن کیژان پیان
تۆ بە تەنیا چاوەکەم ناوت لە سەر پاکیان فڕاند
دەنگی تۆ مەوجی هەوا هێنای و دەنگت کارەبا
هەرچی جوانی بوو لە جاندت پاکی ناحەزیان نواند
خۆزگە جارێ دیش لە ئاوێنەی کەناڵی کوردەوە
ڕووت وەدەرخەی تا وەلابەی دووبەری و هەم تیپ و باند
شەپڵە ماڵی شێوێ یارەب چونکە ئەمشەو شکڵی تۆی
کردە شەتڵی شیعر و هێنای و لە نێو دڵمی چەقاند
کاتێ فرمێسکت لە چاو دەرکەوت و دیم لەو جامەوە
دەس‌بەجێ پیاڵەی خەیاڵی تاڵی هیوای خۆمم ڕژاند
تۆ لە ئاوێنەی غەزەلدا جوانتری پیر نابی قەت
کەم وەکوو تۆو ئەو بزانەت جەرگی شاعیریان تەزاند
کێ وەکوو «ئاسۆ» بە داوی یەک بزەت خۆی پێوە کرد
هەر خەتێ بوو غەیری خەتتی لێوی تۆ پاکی کڕاند

بۆکان ١٣٨٤/١/٢٤

## خێڵی بقە

تۆ بڵەی چی بێ کەوا بولبول هەمووی شەیدا بووە
بۆ پەپوولەی بێنەوا شێتی شەمی سارا بووە

یانی ڕیشتن گەلی قالاوی زستانی گەلۆ!
ئێستە وەرزی نەوبەهارە و بۆنی گوڵ پەیدا بووە

دەشتوکێو پاکی سەفاخانەن هەموو جێگەی سەفان
وا لە شاڵ و شین و شالوور شۆڕشێ بەرپا بووە

هەر ئەتۆی لەم نەوبەهارە بوویتە ژاڵەی پاییزی
هەر منم تاڵەم ڕەشە کوا کەنگێ ژاڵەی وا بووە

خۆ منیش کوردم ئەدی بۆچی لە مافم بێبەشم
چونکە ئێستا مامی کوردە و حاکمی بەغدا بووە

خوایە ئاوای کەی وڵاتم چش منیش هەر بێبەشم
خوا شوکور ئێستا لە نێومان دوو هەرێمی چا بووە

هەر کراس زەردی دەبینم ڕەنگی خۆمم دێتە بیر
چونکە هەر خێڵی بقە لەم خاکەدا کوێخا بووە

هۆ کراس زەردی تەلایی هەر کە چۆپیت گرتە دەس
باش بزانە زۆری وەک من شێتی ئەو باڵا بووە

هەر بە تەنیا شیعری «ئاسۆ»یە نەگۆڕا قیبلەکەی
وەک خەیاتەی زولفی یارم ڕاست و یەکهەودا بووە

باغی میراوا، ١٣٨٤/١/٢٩

# گوڕوگاڵ

گـوڵێکم بـوو لـە کـاتی لاوەتیما وەک گـوڵی ژاڵـە
هـەتا لێـوی ئـەوم دی تێگەشـتم لێـوی گـوڵ ئاڵـە
نیگای چاوی تڕووسکەی شادمانی و عیشق و شادی بوو
بـزەی لێـوی بلاڵـووکی ئـەوم بـوو شـەربەتی ناڵـە
وریشەی پووڵەکـەی دەسماڵی دەتکوت پەڕتـەوی عیشقە
بریقـەی کـوڵمی هـەر دەتکـوت تریفـەی بـەفری قەدپاڵـە
لە بیرم دێ چەلێکی هاتە ماڵم - ماڵی خۆشی بوو -
ئەوێستاش لام وەکوو کەعبـەی ئەوینە شکڵی ئەو ماڵە
بەڵام کوێر بم کە ئێستا تووشمەبێ نامناسێ وەک جاران
ئەویش بە زمانی منداڵی گەڕەک هەر پێم دەڵێ خاڵـە
ئـەویش وەک خـۆی نـەماوە نازەکـەی جارانی شێـواوە
خەزان گەستوویە ئەو باغە ئەگـەر دەتکوت بـەهێی کاڵـە
حەساری باوەشـی جاران لـە بـۆ مـن پارکی شاری بـوو
بـەڵام ئێسـتاکە دەبیـنم تـەلاری خـەونی منداڵـە
کە دەمـدی کـاتی ئێواران لـە ڕێـی کـانی وەکـوو تـاوس
بـە جیلـوەی ڕۆیینـی تێـر بـوو دڵـم لـەو یێخـە ئاواڵـە
درێـغ و داغـی سـەنگینم چـەلێک بـۆنم نـەکرد ڕۆیـی
دەڵەی دوێنێکە بوو ئـەمما بـەوەڵڵا بیسـتوهەشت ساڵە
منیش ئێستا چلوهەشتم سـەرم «ئاسـۆ»ی سـپی عیشقە
کـە ئـەورۆ هاتـە بـەر چـاوم دەڵـەی وەرزی گوڕوگاڵـە

بۆکان ۱۳۸۳/۷/۱۴

## گوڵی خەزانی

لەم خەزانەیدا گوڵێکی سوور لە من پەیدا بووە
ڕۆژی ڕوونم لێ هەڵاتووە و مانگی غەم ئاوا بووە

ماڵی چاوی ئاوەدان بێ کۆشکی ڕووخاوی دڵی
ئاوەدان کردووم دەنا گوڵ کەنگێ دڵئاوا بووە

بەفری زستانی سەری پڕعەشقی تاواندوومەوە
دەردی بێدەرمانی پیری زوورەسی پێ چا بووە

ئەو دەپرسێ چۆنە حاڵی عاشقانەی من لە بۆی؟
جوابی نامەی شاعیرانەی عاشقان کەی «نا» بووە

من دڵی خۆم داوەتێ ئەو دوو هەناری داوە پێم
کەس ئەوەندەی خێر نەکردوون لەودەمەی سەودا بووە

هەر من و ئەو نین لە ترسی چاوی بەد یەک ناکەوین
تا حەسوود هەبووە لە دونیا کاری عاشق وا بووە

من گەدای بەردەرکی باغی سینەکەت بم عەینی شام
سواڵکەری شاری ئەوین هەر عەینی ئیستغنا بووە

لادە چارشێوت گوڵم خۆ تۆ لە قورعان شارەزای
«لا» وەکوو شمشێرە دینیش چاوی هەر لەو«لا» بووە

ڕازی عیشقی تۆ لە کن هەر کەس دەڵێم ڕیسوا دەبێ
خەڵکی شاهید بن کە «ئاسۆ» بۆ گوڵێ ڕیسوا بووە

بۆکان ۱۳۸۳/٦/۲۵

# هەتا عاشق نەبی

هـەتا عاشـق نـەبی گیانـە لـە ڕێـدا شـارەزا نـابی
وەکـور چینـی بـە بـێ ئـاگر بـە قیمـەت پڕبـەها نـابی

بە خوێنی دڵ ئەگەر ڕووسووری دەرکی موڵک و میللەت بی
لـە بـەر قـاپی خـوداش ڕۆژی قیامـەت ڕووسـیا نـابی

پـەنات بـێ پەرچـەمی کـاڵی کـەزی چاوکـاڵی قـژزەردێ
لـە لـەنگێزەی ژیـان و بـەفر و تـەرزەی بـێ پـەنا نـابی

هەزار خۆزگـەم بە سـواڵکەر بچتە هـەر دەرکێکی قـەیناکا
گـەدای بـەردەرکی یـار بـی تـا قیامـەت پادشـا نـابی

ژیـان زۆر بـێوەفایـە خۆشـی هـەروا، هـەر غـەمـە سابت
دەزانـم تـۆ ئەوەنـدە پـاکی دەگـەڵ مـن بـێوەفـا نـابی

نەکـەی بشـکێنی ئاوێنـەی دڵـی پـڕرازی عەشـقی خـۆت
ئـەتۆ ئاسـکی خـەتای ئەوچـەل لـە ژینـدا بـێخـەتا نـابی

سـنوور هـەر چەنـدە سـەخت و ڕێگـرە خەتتێکـە بـێمانـا
ئـەوین پاسـپۆرتی ڕێگـات بـێ ئـەدی بـادیهـەوا نـابی

ئـەتۆ بـووکی خـەیاڵی شـیعری «ئاسـۆ»ی زۆر لەسـەرخۆ بـە
لـە نێـو باغچـەی شـیعردا واش مەزانـە بـێ هـەرا نـابی

بۆکان ١٣٨٣/١٢/٢٩

# دەبیرستانە تاقانەکەی بۆکان

کوورش ناوی پاشایەک بوو

بەڵام چل ساڵ بەر لە ئێستا

مەدرەسە نا!

هەر عەینی دانیشگایەک بوو

کچ و کوڕ لە پەنای یەکتر

دەغەڵی و ناپاکی قات بوو

وەک ئامریکا!

- ئەمە قسەی ڕەییس فەرهەنگی ئەو کات بوو -

بەیانیان

- وەک شارە مێروولەی هاوین -

لە هەر کۆڵانی شارەوە

بەرەو ئەم ناوەندی عیلمە

کچ و کوڕ ڕێیان دەپێوا

لە بەر زەوق و شادی ئێمە

دەرد و غەم و حەسرەت ون بوون

دەردان سەریان ل دەشێوا

دڵی قوتابی هێند گەرم وەک مەنجەنیق

کەچی لەپڕدا ڕووخان

کە دەهات دەنگی «ئای تۆفیق»

کاتی ڕیز بوون موعاونان نەسحەت و بەند

جارەجارەش بەدوبێرا

نموونەی ڕەحم و شیددەت بوو

کاک ڕەحیمی ئازادیخا!

چاومان لە یەکتر نەدەکرد لە پشت پەنجێرە و دوودەری

کچان ڕوومەتیان سوورتر بوو بە بێ ماتیک

ون بوون ئاساری ڕووسەری.

موعەللیمی قورعان و دین مامۆستا «شەفیعی» بوو

ڕشتەی دەرسیش تاقە «ڕشتەی تەبیعی» بوو.

سێ کتێبی گەورە و قەتوور

پڕ لە مانا، پڕ بوو لە عیلم و پڕ لە نوور

نەدەترساین، نە لە زۆری و نە لە کەمی

کاتێ بە دەسخەت و شکڵی جوانی بۆی

شەرح ئەدراین لە پای تەختە «ئای ئادەمی!»

یادیان بە خێر ئەوەی ڕۆیین

عومریان درێژ ئەوەی ماون

گەر پێت سەیرە و پێم دەڵەی ئاخر ئەی ئێوە چۆن ماون

چاکە مورومان چۆن سپی بوون؟

چاوکە پشتمان چۆن چەماون؟

ئەی بۆ فیزیک؟ ئای قورەیشی تا کاک ئەمیر

ئەم لیسانس و لاو ئەویش پیر

هەردوو دڵپاک، هەردووکیان چاک

وێنەی سەبر و تەحەممولی «ئاغای بێ باک»!

تاریخی ئای ئەحمەدزادە، جوغرافیاکەی ئای خوداداد

جەبر و ریازی ئەکبەرزادە، سمێڵی بابرِی پڕئیفادە!

یادیان بە خێر ئەوەی ڕۆیین

عومریان درێژ ئەوەی ماون

ئای «ئاسەف» و ئای «هەمزەیی» لە هەموان زۆرتر گۆڕاون!

هاوکلاسمان عیددەیەکیان هەر نەشماون

ئێستا شاریش بەم گەورەییە خۆشی جارانی نەماوە

ئەو کاتەوە حەوزەگەورە چارشێوی بە سەریا داوە

قەڵای سەرداریش ڕووخاوە.

خۆ من ناڵێم ئێستاکە پێش کەوتن نییە

بەڵام چ بکەم لە ڕۆژهەڵات هەتا بیری کۆن سالارە!

هەر ئەمساڵ خۆزگەم بە پارە!

زستانی ١٣٨٣

# ساڵگەرد

خۆزگە دەتزانی کە چەن مەجزووبی ئەو چاوانەتم
چەندە تامەزرۆی دەمێ سەیرانی ئەو بێستانەتم
من هەڵۆی ئاسمانی ڕاوچی کۆتر و کەو بووم کەچی
ئێستە پابەسراوی ئەو شابسکە کاڵ و جوانەتم
چیت لە چاوانتا حەشار داوە کە من نایبینمەوە؟
گێژ و ماخولیای خەتی ئەو دەفتەر و دیوانەتم
خۆزگە بەو پاسارییانەی وا بە دەوری ماڵتەوەن
گەر قوبووڵی کەی منیش باڵندەی ئەو گوێسوانەتم
تۆ حەسوودی هاوەڵی خۆتی بەڵام نازانی من
چەند حەسوودی ڕووسەری و ئەو دوگمە درگاوانەتم
گوارەکەش نامەحرەمە هەر سەیری کوڵمانت دەکا
بۆ مەگەر مردووم ئەمن؟ تاکوو ئەبەد لەرزانەتم
هەر شەمت هەڵکرد لەسەر کەیکی تەمەن زوو پێم بڵێ
تێدەگەی جا ئەودەمەی من باشترین پەروانەتم
نێوی «ئاسۆ»ش سووک لە لیستی عاشقانتا جێ کەوە
تا بمێنم هەر لە سەر ئەو عەهد و ئەو پەیمانەتم

سەدی بۆکان ۱۳۸۳/۱۲/۲۸

# بۆکان

لێم گەڕێ با بیدوێنم هێندێ شارە جوانەکەم
زێدی کوردی خۆشەویست و بووکی کوردستانەکەم
خەڵکی بۆ قوربانی جێژن کۆچ بە قوربانی دەکەن
من لەبۆ سەربەرزی بۆکان ڕۆح و سەر قوربان ئەکەم
باغی میراوای بەهەشتی عاشقانی دڵپڕە
باسی دڵپاکی و بەهەستی لاوەکانی با نەکەم
چون ورەی لاوانی ئازای هێند بەشان و شەوکەتە
نزمە بۆ بەرزی ئەوان هێڵ و خەتی دیوانەکەم
لێم گەڕێن با باسی دەردی دڵ نەکەم دڵ پڕ غەمە
نەک بشێوێ حاڵی تۆش وەک زولفی دەسگیرانەکەم
ئەو قەڵا بەرزەی هەزاران داوەتی ڕەنگاوی دی
دێ تەنینی دەنگی زیرەک بولبولە خۆشخوانەکەم
ڕەمزی ڕاوەستاوی خەڵکی کێوی ناڵەشکێنەیە
حەوزەگەورە شک بەرم کوا باسی کۆشکی خان ئەکەم
تاکوو چارشێویان بە سەر ئەو حەوزەدا داخەکەم
شێعر و هۆنراوەش دەڵێ وشکاوە سەرچاوانەکەم
کوا هەژار و کوا حەقیقی و کامیل و سوارەی جەوان
هێدی و نووریش کە ماون و با لەوانیان جیا نەکەم
گەرچی ئاسۆ خاک و خۆڵی هەرچی کوردییە
لێمگەڕێن با زولفی شێعری شاری بۆکان شانە کەم

بۆکان ١٣٧٥

# فڕۆکەخانەی میهرئاباد

چـاو هـەموو تـەڕ سـوور وەک یـاقووت

خواحـافیزی تـاق‌تـاق جـووت‌جـووت

دڵـۆپ‌دڵـۆپ فرمێـسکی شـین

ئەڕژێتـە سـەر عـەرزی غـەمگین

مـۆنج ئـەخوا سـەفی بەرێکـەر

موسـافیر یـەک‌یـەک دەچنـە دەر

نیـوەشـەوە و گشـت بێـدارن

چـاوەڕوانی کـۆچی یـارن

هێنـدێکیش چـاوەڕێی هـاتن

نـەک وەک ئەمانـەی دی مـاتن

تـەیارە کـاتێ هەڵـدەفڕێ

مـەیلی بـاب و فەرزەنـد دەبـڕێ

فڕگـە جـێ دێڵـن بـە زیـزی

دەسـت و چـاو بـۆ خواحـافیزی

شـل‌شـل دەبـن هێـزی ئـەژنۆ

چـاو پـڕ خـوێن دەبـێ وەک «ئاسـۆ»

تاران ۱۳۸۰

# اندیشه

مـن در اندیشـه‌ی آنـم کـه تـو در بـاز کنـی
تو برآنی کـه چـه سـان بهـر دلـم نـاز کنـی
دل مــن از غــم هجــران تــو بگرفــت ولــی
تــو برآنــی کــه بــرایم کلکـی ســاز کنــی
اگر از جلوه‌ی دیـدار تـو سـوزم چـه عجـب!
خـوب دانـم کـه بسـاط دگـری بـاز کنـی
کـاش مسـتانه تـو را صـبحدمی مـی‌دیـدم
بـو کـه ایـن میکـده‌ی سـینه ورانـداز کنـی
هرکـه در میکـده‌ی دل لبـی تـر کـرد شـبی
ناسـزا نیسـت کـه بـا وی بتـی آغـاز کنـی
بلبل از شوق گـل ایـن چهچهـه بـر لـب دارد
تـا نظـر بـر گـل پژمـرده‌ی ایـن راز کنـی
یک شبی غمکـده‌ی عشـق مـرا هـم دریـاب
تـو تـوانی غـزلِ دل پـر از ایجـاز کنـی
«افق» آن سان شده‌ای واله که خواهی به قلبی
صحبت از وسوسـه‌ی خواجـه‌ی شـیراز کنـی؟

بوکان، بهار ۱۳۸۳

# عیشقی سەرەڕێ

تـۆ نۆگـوڵی جوانیـت ئـەوە پشـکووتووە ئـازیز
مـن تـازە گـەڵام زەرد بـووە عـەینی گـوڵی پـاییز
کـوا لـەم سـەرەڕێ دەبیـە ڕفێقـی منـی بـێ‌کـەس
عیشـقی سـەرەڕێ ڕەنجـە لـە ئـەم واتـە نـەبی زیـز
ئـەمما بـە خـودا عیشـق و ئـەوین هێنـدە بـەرێزە
پێـی نـاوێ ئەبـەد شـەرم و حـەیا و خـۆگری و فیـز
گـەر کەوتـە سـەری هـەر کەسـێ ئـەم دەردی ئەوینـە
پیر بێت و جەوان بێ وەکوو یـەک دێنـە سـەف و ڕیز
مـن والـه و سرگشـتـه‌ی آن دختـر کُـردم
بِربـوده سَـبَق از همــه ترکـانِ بـه تبریـز
تـو خـود گُلـی آن شـاخه‌ی گـل را بِفکَـن دور
جـز عشـوه و طنّـازی بـه خـود نقشـی میاویز
ایـن طُرفـه جوانـانِ نـه عاشـق چـه شـرورند
ز آنجای که بنشسته‌ای چون شـعله بـه پا خیـز
بـەم سـوبحە هـەوا فێنکـە گـڕ بـەردە لـە «ئاسـۆ»
بـا کـەم بـە وشـەی کـورد و عەجـەم واژە بکـا ڕێـز

سنە، ئاویەر

١٣٨٣/٣/١٤

# شبي با او

به مرحمت باد صبات می‌خوانم
دلت پر از تپش است می‌دانم
تا گودترین اعماق محبّت به درود
بر بلندای قلّه‌ی عشق می‌مانم
هر شب به یاد تو با ستاره هم‌اشکم
یاد تو ابر است و من چو بارانم
بی تو واژه‌ای بی‌معنی‌ام لیکن
با تو معنا و لفظ را مانم
تو چه آسایش از برای نیاز
بیا که آرام بگیرد این طوفانم
مرا به لطف شاعرانه‌ای دریاب
همین یک امشب است بر تو مهمانم
آه که دل از تو لبریز می‌گردد
وای در این معامله پشیمانم!
«افق» ز نور پر شد و من اکنون
غمگسار آن سیه‌پوش تهرانم

تهران، ۱۳۸۳/۲/۳۰

## گێژاو

لە بەرزیڕایە گەر دیارە وەکوو یەک بەرزی و چاڵی
بە داوی عیشقە ئاسانتر دەگیرێ وەحشی و ماڵی
ئەگەر پێت وایە ئەم دونیا لەبۆ تۆ سەبت ئەکا یەزدان
لە دەرس و دەوری مامۆستای بەهار و گوڵ نەبووی حاڵی
بەهار دێ و تاجەگوڵ دێنێ خەزان دێ و زێڕی ئەڕفێنێ
کە زستان مووی سپی کردی ئەدی کوا وەک چەلان کاڵی
بزانی گەر ئەویندارێ دەوای هەر دەرد و ڕەنجێکە
ئەدی قەتقەت لە دەس ڕەنج و غەمی ئەم ژینە ناناڵی
هەتاکوو دیت لە مەزرادا گوڵێکی زەرد و سوور و شین
بزانە چاورەشێ بوو گەر وەری عومری بە منداڵی
بە داوی زولفی تەهمینە ئەبەسرێ باڵ و دەست و پێت
ئەگەر بەدوای ونی خۆتا بە وێنەی ڕۆستەمی زاڵی
هەتا هوشیار و زانا بی وەرە لەم ژینە گێژاوە
بە چۆڕێ مەی سەرت گێژ کە ئەرێ بۆ هێندە سەرقاڵی
مەڵێ «ئاسۆ» خەیاڵی خاو دەکا، نا، کرژە لۆی هەستم
هەتا کێو چەشنی سەیزادە گرێ دا نێوقەد و شاڵی

سارۆقامیش، ١٣٨٣/٢/٩

# کەسی ئاسۆ

گڕووی شیعرم کە لێدەگرێ خەیاڵی بێنەشە و هەستم
غەمێ دێ وەک کەڵەبچە توند دەبەستێ پەنجەکەی دەستم
دەڵێی بەندیم و بێکەس چاوەڕێی دەستێکی عاسمانیم
دەڵێی گوڵزاری تینووم چاوەڕێی بارانی هەڵبەستم
چ چاوەڕوانییێکم بێ لە ئەو پەنجێرە داخراوە
لەکاتێکدا بە غەیری خۆشەویستی هیچ نییە قەستم
وەرە با هەر ئەسیری دەست و پەنجەی ناسکی تۆ بم
ئەمن خۆ هەر ئەسیری حوکمی وشکی حاکمی پەستم
ئەوەندەم دیوە زەجر و دەردی بێدەرمانی ژێردەستی
لەگەڵ ئازادی بێگانەم مەگەر ئەو کاتە گەر مەستم
ئەتۆ لێم دامەخە درگای بەهەشتی باغی سینەی خۆت
لەمێژە وەک پەپوولە هەڵوەدای گوڵزاری نەورەستم
کە چاوم لێ دەکەی نایمێنێ غەم دەنکێکی بۆ دەرمان
برۆم لێ تێک مەنێ من شێتی ئەبرۆی قاشی پەیوەستم
هەزار هێندە دەس و پەنجەم لە بەر سەرما نەنووسێ هیچ
ئەمن پەیمان دەبەستم تا دەمی ڕزگاری ناوەستم
دەزانی شاعیرانی کورد هەژارن، قانع و بێکەس
دەبا ئاسۆی دڵم ڕوون بێ بفەرموو ئاسۆ من کەستم

بۆکان ١٣٨٣/٤/٧

# بۆ دوو نەتەوە

هەرچی گیا و چیمەن وگوڵ بوو هەموو شین بوونەتەوە
بەفری سەر دوندی چیا شوێنی نەما و چوونەتەوە
داخەکەم بەفرێ لە سەر گردی سەری من بووە کۆ
هەرچی هەست و کوڵ و تین بوو بەوە نیشتوونەتەوە
ئەو مەڵە کۆچەرییانەی کە لە گەرمێن دەژیان
ئەوە نەورۆز و بەهارە و هەموو هاتوونەتەوە
ئەی چ بوو؟ ئەو کەڵەکێویانە کە قوربانی کران
بۆ گەلی سپڵە کەچی پاکی لە بیر چوونەتەوە؟
کوا نەواری بەنەشەی تەپڵ و نەقارەی گەلی لاو
بۆچی جەریانی ستەم یەکیەکی شۆردوونەتەوە؟
هەر سەرێ تۆزێ هەڵێ و ئاوەزی سەرداری هەبێ
پەتی سەر دار و تەنافە و ملی بەستوونەتەوە
کوا ئەوەش ژینە خودا دەک ڕەبی بەزیادی نەکەی
هەرچی تاوانە هەموو بۆ ئەمە شۆڕ بوونەتەوە
تورکی چاومەست لەمە بەدبەختترە لێمان بووە شێر
خوایە «ئاسۆ»یەکی ڕوون دەرخە لە ئەم دوو نەتەوە!

بۆکان بەهاری ١٣٨٩

# زیندانی دووکەڵ

«بۆ هاوڕێی شاعیرم جەلال مەلەکشا»

کەم بکۆخە! کەم کووڕ بەوە!

دە جارێکیش قاقا بکێشە

لەم وڵاتە سووتاوەدا مەمێنەوە

کە لێرە ژێر پێت خۆڵەمێشە

کەم بکۆخە، بەس کووڕ بەوە

دە جارێکیش وێنەی لاویت گورج و گۆڵ بە

کوا ئەو شیعرە وەک گوڵانەت

لەگەڵ شمشاڵی تفەنگدا

بەرانبەر بوو و ڕقەی دەکرد

کوا ئەو وردەت

دوژمن لە ترسانی دەمرد.

لەم وڵاتە سووتاوەدا مەمێنەوە

بڕۆ بڕۆ!

بۆ ئەو شوێنەی گوڵە نەرگس چاو هەڵدێنێ

کچان وێنەی گوڵەباخن هەموو بەیانان دەپشکوێن

شەوان وێنەی گوڵی شەوبۆ

لە شادی و بۆنی خۆش دەدوێن.

ئەی بەندی ناو بەندیخانەی دووکەڵ و گڕ

ئەی قەڵەمت وێنەی مەشخەڵ

هەموو چیای کوردستانی دەکردە گڕ

بڕۆ بڕۆ بۆ ئەو باغەی بولبول ڕێزی لە سەر چاوە

گوڵەباخ و هێرۆ لەوێ گوڵیان داوە

لەوێ برین قاقا پێدەکەنی بە ئێش

لەوێ دەریا پێدەکەنێ بە گۆلکە و زەل

لەوێنە زام گاڵتە دەکا بە گوللە و خەنجەر و خەردەل

چۆمی سیروان هاژەی ئازادیت بۆ دەچڕێ

لەوێ دەنگی گەلۆ و حەیران ئیشتیای دووکەڵت لێ دەبڕێ

دەستی نەرمی حەریری ڕۆژنامەی میللەت

فرمێسکی غەریبیت ئەسڕێ

لێرە بڕۆ

تۆ پەپوولەی ناو باغێکی سەملێدراوی

تۆ بولبولی دارستانێکی سووتاوی

تۆ شاعیری میللەتێکی بەشخوراوی

ئێرە جێگای هەستی ناسکی تۆ نییە

ئەتۆ ورەت بەرزە بەڵام لە سەر دووکەڵ وەک فەقیری ئاسۆ نییە

بڕۆ بڕۆ ئاواتەکەت هاتووەتە دی زۆر بە جوانی

دەڵاڵانی بەر گاراجی شاری سنە هاوار دەکەن: " سولەیمانی، سولەیمانی "

شوانەکانی کوردەواری لێوی قەڵشاویان سارێژە لە سەر بلوێر،

بە شمشاڵی گەرووی شووشیان هاوار دەکەن

" هەولێر! هەولێر "

سنە ١٣٨٣/٢/٢٧

# پاییز

خشەی پێی تێگەیشتن دێ لە ڕەمزی جوانی پاییزی
لە بەرپێتدا کە دەنگی دێ گەڵای دارانی پاییزی

کە یەک کەوتن مەلانی کۆچەری ئەم شارە جێ بێڵن
سەهۆڵاوی سەفەریانە تکەی گریانی پاییزی

بەهاری وەرزی لاوی یادی خێر بێ چەندە زوو ڕۆیی
کەچی ئێستاکە تەڕ نابین لە بەر بارانی پاییزی

ئەتۆ عەینی گوڵی مانگی گوڵان پشکۆتووی ئەمما
منم کەوتوومە بەر سەرمای دڕی زریانی پاییزی

ئەتۆ شوعلەی گڕت پێیە چ باکت سایەقە و سەرما
منم دەستم دەلەرزێنێ برووسکەی ژانی پاییزی

ئەگەر شیعرێ دەنووسم بۆت دەلەرزێ دەست و دڵ وێکڕا
لە بەر سیخواری بێمیهری و هەوای ئابانی پاییزی

دەزانم تۆ ئەوەندە جوانی قەتقەت عاشقی زێڕ نابی
کە باغی کردە زێڕ یەکسەر گەڵاڕێزانی پاییزی

من و تۆ عاشقی کوردین لە سەر ئەم عیشقە قاچاخین
دەبێ هەر چاوەڕێی یەک بین لە چوارڕێیانی پاییزی

ببینە حاڵی «ئاسۆ»کەت کە چەند شێواوی بێتۆیە
هەمیشە ئارەزوومەندە لە بۆ یەک ژوانی پاییزی

بۆکان ــ سەقز - پاییزی ١٣٨٩

# سەفەرێکی بێ کۆتایی

بۆ یەکەم جار

لە بەر چنگی ئەم خەریتە پشیلەییە پێم نا دەرێ و

بەرەو قیبلەی ئاواتێکی چەن ساڵەی خۆم

نوێژی سەفەرێکم دابەست.

کێو هەر کێو بوو

ئاو هەر ئاو بوو

دار هەر دار بوو

ئەوەی لای من فەرقی هەبوو نیگای خەڵکی لادێ و شار بوو

ئێستا من وام لەوپەڕ سنوور

تازەم زانی سنوور خەتێ بێمانایە

ئێرەش وەکوو ئەوێ وایە

بەڵام لێرە خەڵکی زمانیان ئازادە

خەت و جل و بیر و بڕوا ناشارنەوە

بافتی شاریش دێهاتییە

مەتعەمەکان چێشت ناخۆشن، کەوچک و چنگاڵ قاتییە.

کەچی بە سەر ئەم حاڵەوەش

من ڕەگ ڕەگم هوشیار نییە

چونکا لێرە ئەوەی بۆنی بێگانە بێ هیچ دیار نییە

باسی چەکوش و بزمار نییە

شوێنێ لە شاری مار نییە

لێرە شەوان ئەستێرەکان نزیکترن

خەڵکی بە تاسەی مافەوە بەلای یەکدا ڕانابرن

کچان ڕوومەتیان سوورترە

گومە ترسی چاوبڕکێ

هیچکەس چاو لە یەکتر ناکەن لە پشت پەنجێرە و دوودەری

نەورۆز کچان کە چوونە دەر بێ ڕووسەری



هیچ ناترسێن لە تووسەری

خاک هەر خاکە

ئاو هەر ئاوە

دووکان هەموو پڕن لەو شتانە کە وا لەودیو دەمدین

بەڵام لێرە، پەنجێرەی دووکانەکانیان بە زمان و خەتێ نووسراوە

ساڵەهایە من وەک دەروێش حووی بۆ دەکەم

وێنەی سەرباز شەوان تا ڕۆژ

بە خەیاڵ یەک دووی بۆ دەکەم

لێرە ترس غەوارەیە

لێرە ئەسکیناس پارەیە

لێرە ماشێن سەیارەیە

لێرە هەناسە هەڵکێشان زۆر سادەیە

شادی سوار و غەم پیادەیە

کەمێ بێ نەزمی گەر هەبێ هی ئەوەیە

ژینی سەربەستی بۆ ئێمە ڕەنگێکی کاڵ و سادەیە

ئێرە وڵاتێکی دیە

پێتەختەکەی دڵی منە

ئەگەر شەوگەلی تاریکە

ڕێگا ئەگەر سەخت و ئەستەم و باریکە

بەوەی خۆشە غەوارە و ئەجنەبی ونە

بەرانبەری پیاو و ژنە

لێرە ئەگەر دیوار نەوین

شاریان کپە

لە عەوەزدا زاریان پڕە لە دڵداری و ژوان و چپە

ئێرە وڵاتێکی دیە

ئەرتەشەکەی شیعری پەشێو و شێرکۆ و هەژار

پارلەمانی ئاواتی خەڵکی نەدارە

شەقامەکان ڕەگی شەهیدانی گەلە

کارەبایان ئەگەر نییە

دڵی شاعیرانیان لە نێو دیوانی شیعرەکانیاندا وەک بێتەلە

هەزار دوژمن لە نێو حەوزێکی شیعریان

یان دەخنکێن یان گشت دەکەونە پامەلە

ئێرە کۆماری کوردانە

شوێنی کوردە

پێتەختەکەی ئەراڕات و قەندیل و شاهۆ و هەڵگوردە.

قەڵادزێ ١١ی سپتامبری ٢٠٠١

٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٠

## سێبەری شیعری ئەوین

لە سەر سپیایی کاغەز سێبەری شیعری ئەوین دیارە
ئەوەی هەستی نەکا یان ڕاونەزانە یان خەتی خوارە
ئەوەی خۆی بوو بە بەرد و یاری وەک ئاو گەییە نێو دەریا
ئەگەر بشبێتە ڕووگە هەر لە ودمی گەورەیی یارە
ئەوین نەبوایە ژەهری دەردی دووری قاتڵی گەل بوو
ئەوی ڕۆحی ئەوینی تیا نەبێ پێش مەرگی مورداره
لە دووری تۆیە پاکی ئاشناکان بوونە بێگانە
لە دووری تۆیە گوڵ لە حاندی دەردەکەم خارە
کە نەتبینم ئەوی گوڵزارە هەر وەک شۆرەکات وشکن
کە دەتبینم هەموو دەشت و کەژ و کێو چەشنی گوڵزارە
ئەمن پێم وا پەپوولە ڕۆحی یارێکی تەمەن کورتە
ئەتۆ نایناسی ئامما جیسمی تۆ بۆ ڕۆحی ئەو یارە
هەتاو خۆشی وەڕەز بوو لەم هەموو ئێوارە ڕۆژئاوا
لە خۆشی ڕۆژهەڵاتە هەر خەریکی مەشق و تیکرارە
بەیان کاتێ دەرێژێ چاوی چۆم و دەشت و کێو و باغ
غەمی جێهێشتنی دوێنێیی بە سەر ڕوخسارەوە بارە
کەسێ دووری نەچێژێ هەستی ناکا هۆی چییە «ئاسۆ»
دڵی پڕخوێنە لەم جێهێشتنە هەر سوبح و ئێوارە

بۆکان بەهاری ١٣٨٠

# بي تو

خنده‌ها بر لبم بـی تـو ز اجبـاری اسـت
بـی تـو حتّـا بهـار تکـراری اسـت
در چهـــارراه فصـــول کردســـتان
جویبـاری از غصّـه‌هـا جـاری اسـت
ابرهـا هـم بـه مـا نمـی‌بارنـد
کـار اصـحاب هـم ز بیکـاری اسـت
درخت‌ها شکوفه‌شان چه بی‌رنگ اسـت!
بلـبلان نوایشـان ز بیـداری اسـت
سـایه‌ی عمـر مـا دراز شـده اسـت
صـبح عقـل و غـروب دلـداری اسـت
تـو در آن‌سـوی آب‌هـای شـعور
مانـدنت در خفـا ز بیعـاری اسـت
پـای‌بنـد خـاک غریـب خـودم
مرزهـایم بـه زیـر پـا مـاری اسـت
مـن بـدان سـو نیـایمی برگـرد
رازق «ئاسـو» حضـرت بـاری اسـت
گـر بپرسـی هنـوز عاشـقمی؟
پـاسخ رگ‌رگ دلـم آری اسـت

بوکان، ۱۳۸۷/۱/۲۶

روز ۱۳۷۲/۵/۱۹ با همسرم جهت علاج مرض به تهران آمدیم، به علّت فقر مالی در میدان آزادی روی کارتون اقامت کردیم. در هتل کارتن تا صبح نخوابیدیم و این غزل را سرودم:

(...)

بار الاهـا بـه درت نامـه سـیاه آمـده‌ایـم
با دلی پاک ولـی بخـت سـیاه آمـده‌ایـم

تو به یک نیم نگه ی طـرق کـرده بـه مـا
لیک چون بس نگرم وه! که چه راه آمده‌ایم

ما در این شـهر بیـداد چـو تجّـار غمـیم
کـوه داریـم و بـرای پـر کـاه آمـده‌ایـم

مشتری کـرم و سـینه‌ی مـا کیسـه‌ی مـا
خُـرّه مملـو شـده از نالـه و آه آمـده‌ایـم

گر رضای تو به دریـوزه‌امـان مـی‌خوانـد؟
لک لبّیک به آزادی چـو شـاه آمـده‌ایـم

هرکس اینجا به طریـق هوسـی پویـد راه
ما بـه امّیـد شـفایت بـه پنـاه آمـده‌ایـم

ز مناجات «افق» می‌دهد هر لحظـه نگـاه
چون بدین در ز پی عفـو گنـاه آمـده‌ایـم

۱۳۷۲/۵/۱۹
میدان شهیاد

# نەورۆزی شەڕاوی

ئەگەرچی نەورۆزە و کەژ و کێو پاکی ڕازاوە
شەپۆلی ئاگری شەڕ دێ جیهان پڕ بوو لە ئاواژە ئاژاوە
بەهارە وکچ، گوڵە و جوانی، هەوارە و غونچەیە و باران
هەموو کۆڕن کەچی دڵ هەر لە بەر ئەم حاڵە گیراوە
چلۆن خۆش بێ دڵم ئاخر تەمەن دەڕوا و غەم و شەڕ دێ
کەچی بەم حاڵە غەمبارەش دڵم هەر گەرمە تا ماوە
کە ڕادەخوشێ بە نێو دڵدا ترووسکەی چاوی ئەستێرە
لە سەحرای سینەکەی مندا دەڵێی مەحشەر هەڵستاوە
لە گرمەی هەوری بارانڕێژ زراوی کانیەکان تۆقی
کەچی لەودیوی خاکی کورد کرێوەی شەڕ پەلەی داوە
ئەوا چەندین سەریساڵە گەلی من ئاگری نەورۆز
لە ماڵی وەر دەبێ لە جیات گڕی نەورۆزەکەی کاوە
بەلام من دڵنیام ڕۆژێ بەهاری ئێمە هەر دادێ
دەبینن داری سەربەستی گەلی ئێمەش گوڵی داوە
لە «ئاسۆ»سەر وەدەردێنێ هەتاوی ڕوونی ڕۆژی مەش
شەوی ڕەش هەرچی توولی بێ سەرەنجامی بزەی تاوە

بۆکان ١٣٨٢/١/٤

# بۆ قەڵادزێ

شوێنی ژاری ماری هێشتا دیارە بەم ڕووی شارەوە
شیرنی هەر ماوە هێشتا بەم هەموو ئازارەوە
تۆزی غوربەت قەت لە کورد نانیشێ لەم خاکەی بەڵام
تۆزێ فەقر و فاقەیە نیشتوون بە سەر هەر دارەوە
ئێرە کابەی تێکڕماوە کوا خەلیلێ ڕاپەڕێ
سازی کا چوارگۆشەیێ بەم جەرگە چوارپێنج پارەوە
هێند بە ترس و لەرزەوە هەستم دەنووسم دڵ دەڵێ
لێرە هەستی خۆت بڵێ ئازادیە مەیشارەوە
بازی خوشبەختی لە سەر شانی مە زۆر کەم نیشتووە
ئێستە دەبینم لە بانی شاری پڕئاوارەوە
دەنگ و ڕەنگ و بەرگ و نووسینم ئەگەر ئامادە بێ
تازە شیعرم ناکەوێتە شوێن کڵاوی لارەوە
دەچمە هەر شوێنێ چریکەی دێ مەلی ئاشتی و سەفا
خوایە هەر بەرز بێ چریکەی ئەم مەلە بەم دارەوە
من بە دەنگی باڵی ئەو باڵندە هاتم وەک هەڵۆ
پێمە پەیغامێ لە شاری زیرەک و سەردارەوە
ڕوونە «ئاسۆ»ی ئەم وڵاتە هاوەڵان کوا موژدەیەک
دەم لە سەر لێوی ئەوینە و دەست بە سیمی تارەوە

قەڵادزێ ١٣٨٠/٦/١٦ - ١٠ی سپتامبری ٢٠٠١

## گل‌پرست

نمی‌دانم ای گل چرا این‌چنینی
چو پروانه بر گل رسی می‌نشینی
چو بوسیدی آن آستان مقدّس
مکانی سزاوار برمی‌گزینی
بسوزی، بسازی، بنالی و لیکن
به‌جز شوق دیدار دیگر نبینی
ندانی که خنجر برآهیخته خار
زند بر دلت تا بخواهی بچینی
صداقت پرش نیست آبی چو بالت
چو پر می‌گشایی نه اهل زمینی
ندانی که دانم مرا خوار کردی
و دانی که دانم نداری قرینی
دلی را ندیدم بدین گل‌پرستی
بله ای دل غافل من تو اینی!!
«افق» سرخ شد پر بزن گاهِ وَجد است
ولی تا گلی را نبویی نچینی!!

تبریز، بهار ۱۳۸۰

# شوعلەی ناز

زۆر لـەمێژە چـاوەڕێم دیـسـان ئەویـنـدار ببمـەوە
تاوەکوو مەستی هەبێ پێم حەیفە هوشیار ببمەوە
هـەر بە پیری لازمـە پیـاو ڕووگـەیێ پـاکی هـەبێ
تـا نەیێتـە خودپەرەسـتی گـوڵپەرەسـتار ببمـەوە
ئێستە ناپرسن لە من یارانی جاران، مـووی سپیم
ڕووڕەشی بێ هـەر بەشی بـا خـاوەنی یـار ببمـەوە
تۆ وەرە گڕ بـەردە جەسـتەی خەسـتەکەم لـەم حاڵـەدا
با بە شوعلەی نازی تۆ وەک نـووری بێـنـار ببمـەوە
چون بە ئاوی ئاشقی من مەستی شیعری تـەڕ دەبـم
حەیف نیە لەم حاڵەدا یەک لـەحزە ئـەغیار ببمـەوە؟
دەنگی چۆمـە و تینـی تـاوە و شـادمانی نەوبـەهار
با نەشـەی وان و شـنەی ڕەقسـی گـەڵای دار ببمـەوە
هێنـدە بێـزارم لـە شـار و هاڕەهـاڕی سـەر شـەقام
وەک چـەلانی ژینـی لادێ بـێ خـەمی شـار ببمـەوە
لـەم بـەهارە بێ نەشـەیدا وا گـوڵیش شـەوقی نییـە
بـۆ گـەل و بـۆ نیشـتمانم زار بـە هـاوار ببمـەوە
لێی گەڕێ بـا هێنـدە قاچاخی کەلیمەشـان نـەبێ
من کە «ئاسۆ»ی دەردی کوردم خێوی گوفتار ببمەوە

بۆکان ١٣٨٧/٢/١٦

ئەم شیعرە پێشکەش بە «وەفا»ی کوڕم بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی هاتنە سەر دونیای.

# بێسیمی دڵ

لێم یەقینە چاوی تۆش فێری ئەوینێ دیم دەکا
سەد ئەوەن سرک و ڕەوەک بم ئاخری ماڵیم دەکا

چاوی تۆ وەک ئاوی دەریا وایە من وای تێدەگەم
تاکوو زۆرتر چاو لە من کەی ئەو پتر توونیم دەکا

من دەترسام وەک هەڵۆ بشکێنێ شاباڵی دڵم
چاو دەڵێ نا، لێی مەترسە ئەو بە من بێسیم دەکا

ڕەمزی مانی ئەم گەلە شاخ و چڕ و کانی و کەوە
بۆیە لەنجە و لێوی تۆ ئاشقی کەو و کانیم دەکا

تا دەبینم داوەتی گوڵ بێنەشەن مانگی گوڵان
دڵ بە سۆزی شاعیرانە سەد هەوای تەقدیم دەکا

هەوری ڕەش ئەوساڵ لە مەڵبەندی مە شوێنی هەر نەبوو
هەوری پشتی تۆ حەواڵەی ژوانی بن داربیم دەکا

چاوەکەم دڵ چاوەڕێی چەن چاک و چۆنی ماوە هەر
بۆیە چەلچەل دێت و داوای میم و ئەلف و چیم دەکا

زولفەکەت بۆ من مەکە زنجیر و بەژنت دارچنار
دار و زنجیر و ئەسارەت ئاشقی ئازادیم دەکا

کێ دەڵێ ئەشق و ئەسارەت «ئاسۆ» هاوڕێ نین بڵێ:
ئەو دڵەی من هەرکەسی ویست خۆی ئەسیری ویم دەکا

بۆکان ١٣٨٧/٢/١٨

# راز پنهان

شیوه‌ی کُردان بـه احسـان مـی‌دهـی
یک شبم رخصت چو مهمان مـی‌دهـی؟
عـــار باشـد رانـدن مهمـــان اگـــر
عاشـقان را وعـده‌ی خـوان مـی‌دهـی
لب پراز شـعر و دلـت پـر شـور عشـق
لـــذّت عشـــقم فـــراوان مـــی‌دهـــی
هـــای هـــای گریـــه‌ام را بشـــنوی
قـــاه قـــاه خنـــده درمـــان مـــی‌دهـــی
بی تـــو همچـــون تـــک‌درخـــتم در کـــویر
بـــوی آب ســـبزه‌زاران مـــی‌دهـــی
یـــار مـــن بـــاش و متـــرس از عاقبـــت
بـــوی گـــل، بـــوی گلســـتان مـــی‌دهـــی
گـــر مـــرا از خـــود برانـــی وای مـــن!
ور بخـــوانم بـــر تـــنم جـــان مـــی‌دهـــی
زیـــر ابـــر گیســـوان زرد رنـــگ
بـــوی پـــاک عطـــر بـــاران مـــی‌دهـــی
ای تـــو مـــا را یـــار نـــو بـــا عمـــر کـــم
موقـــع پیـــریم ســـامان مـــی‌دهـــی؟
درد مـــن درد جـــدایی از گلـــی اســـت
تو کنون هـــم، بـــوی هجـــران مـــی‌دهـــی
هـــان «افـــق» اســـرار ناگفتـــه مگـــوی
چـــون نشـــان از راز پنهـــان مـــی‌دهـــی؟

بوکان، ۱۳۸۷/۲/۲۳

# پەیڕەوی گۆران

حەیفە تا چاوت دەبینێ عاشقی چاوی جوان نەبی
حەیفە تا پەیمانە پڕ بێ هەر لە سەر پەیمان نەبی
ئەو کەسەی مەنعم دەکا بۆچ عاشقی تۆ بووم ئەگەر
بۆچی نایێ پێت بڵێ با تۆش ئەوەندە جوان نەبی
نابێ ژێر پێت سست و لەرزۆک ئەگەر گرتت قەرار
حەیفە بۆ هەر کارێ کە دەیکەی خاوەنی ئیمان نەبی
لەو گوڵ و گوڵزارە وا قۆرخ کراوە و نایەڵن
بولبولی وەرزی گوڵیش بی، قەت شەوێ میوان نەبی
ئەو کەسانەی فەرقی ناخەن بولبول و قەل یان هەڵۆ
خۆت لە لایان سووک و قەت چاوەڕێی ئیحسان نەبی
چۆن دڵم بەو حاڵە خۆش بێ تۆ کەوا ئەهلی دڵی
پێت دەڵێن بۆ مەرگی ئەو هاوڕێی شەهید گریان نەبی
گوڵ نەبی، سونبوڵ نەبی، کامڵ و عاقڵ نەبی
بۆ لەشی بێ‌تینی عەشقی میللەتی خۆت گیان نەبی
کاتێ گەر هەستی بەهاریت ئاگرە و تێتبەردەبێ
حەیفە تۆش بۆ هەستی سرپیان وەک چلەی زستان نەبی
ناڵەناڵی چەشنی ناڵیش گەر لە شیعرا کۆنەیە
بۆچی تۆش «ئاسۆ» لە شیعرا پەیڕەوی گۆران نەبی

١٣٨٧/٢/٢٣

## لە بیارە

دەڵێن ئەم شوێنە ڕێگەی ڕاستەکانە، خاسە یان عامە
دەبێتە پوختە لێرە ئەو کەسەی نەکوڵاوە هەر خامە
لە کێو و چۆم و داری ئەم کەژە نەخشی خودا دیارە
بەڵام ئەو مورشیدەی نازانێ ڕێگا ڕاستەکەی کامە
سیاسەت بێتە ناو ئەم خانەقا ئەشخاس و عیرفانە
بەری داری سیاسەت غەیری تاڵی چی‌تری تامە؟
ئەوەی وا تاڵ دەنۆشێ و شیرین ئەدوێ پێی دەڵێن کافر
ئەوەی شیرین دەنۆشێ و تاڵە خوێنی شەیخولئیسلامە
هەزار شێر بێتە نێو ئەم بێشە نەعرەی نایەتە گوێی کەس
لە ئەشقی جوانی هەورامان ئەوەش وا وەحشیە ڕامە
کە هەوری شیعری کوردی مەولەوی دادەگرێ هەورامان
کەلامی «بولوەفا» جێگەی حەسوودی شێخەکەی شامە
لەمێژە شێتی ئەم شاخانە لێرە هەڵوەدای خاکن
کەچی ئاقڵ وەهای کردووە هەموو کەس دڵ پڕی زامە
گرێی شیعری کەناچەی ناسکێ جوانم موتاڵا کرد
تەماشام کرد ئەویش تەڕلان تەوالی عێلی هەورامە
لە نێو خاکی بیارە شیعری «ئاسۆ» دەگری بۆ موکری
بیارش ساقی مستان ز سوی دوست یک نامە

بیارە، ١٣٨٨/٢/١٠

# بۆ دیواره ڕووخاوەکەی مەولەوی

لە خەڵوەتخانەکەی دڵتا هەزاران دەنگ و ڕەنگم دی
لە ئاتەشخانەکەی دڵما تەواری خوێنبەچنگم دی
ئەمە شوێنی کەلام و شیعری تۆیە پیری مەعدوومم؟
کە من ئەورۆکە لێرانە موریدانی فەرەنگم دی
گوڵان لەم خاکە خەیمەی داکوتاوە و دڵتەڕی ڕۆیی
دەنا لەم باغ و شاخ و جادە سەدها شۆخ و شەنگم دی
سەگی هاری لە دەورە پاک ڕەویوە و ئیدی ئازادە
بەڵام هێشتا لە سەر داربرقەکان شوێنی تفەنگم دی
لە حەوشەی خانەقا هەورامی مەستی شیعرەکانی تۆن
بە ئەفیون گێژ و ماخولیای بەبێ تریاک و بەنگم دی
تەرەبنۆشانی ئەم شاخانە مەستی دەستی کام ساقین؟
کە وا من چەندەها مەستی بەبێ شەهد و شەرەنگم دی
لە ئاوی کێو و شیو و دۆڵ و هاڕەی ئاوی هەڵدێران
هەوای پڕشەوق و ئاهەنگی بەبێ سێتار و چەنگم دی
ژەرەژ با خۆی وەشارێ قومری دەنگی ناڵەکەی هەر دێ
لەرێدا من قوتابخانەی سەدان جوان و چەلەنگم دی
لە سووری دەسرەکەی چۆپی ئەوی «لوقمانی» مەعلوومە
لە موژگانی کچان چەن تیری ڕاستی وەک خەدەنگم دی
یەکێ مەست بوو یەکێ مەجزووب ئەوی دی ئاشقی جوانی
موریدی بێئیرادەت چەشنی «ئاسۆ»ی سەر وەسەنگم دی

تەوێڵە ۱۳۸۸/۲/۱۰

## کێشەی دەروون

خۆم لەگەڵ خۆم کێشەمە یان بەختی من هەر وا بووە
کوا حەریفی ئاهی ساردی ئاشقیم شەوبا بووە
ئاگری زەرتەشتە پێم وا تێبەری ناخم بووە
شێعری کام شاعیر بەقەد من شوعلەیی و شەیدا بووە
داخەکەم هیچکەس وەکوو غەم موشتەری ناخم نەبوو
بۆیە خۆزگەم بەو کەسەی لەم ڕێیەدا ڕیسوا بووە
هەر بەهاریٚ دیٚ لە ترسی پاییزی زەرد هەڵگەڕان
هاودەمی شیعرم گوڵانە و هەر دڕووم هامڕا بووە
هێندە هەستی ناهومێدی هاتە هۆدەی هیممەتم
چاو لە هەر دەشتیٚ دەکەم هەر زەردەیە و پەیدا بووە
هۆ کراس زەردی غەریبە چوویتە تاراوگەش بەڵام
کوانیٚ ڕۆژاوا بەقەد ئێران ئەوینی تیا بووە
ناهومێدی ماڵی شێویٚ هەر دەزانیٚ ماڵی من
کیٚ بەقەد من حاڵخراپ و وەرشکەستەی چا بووە
دڵ شکاو و پیٚ شکاو و مەستە خەستار و زەلیل
کاتی کوێستانە و لە دڵما شۆڕشیٚ بەرپا بووە
نووری هیوایێ بە دڵما دیٚ و دڵی پیٚ خۆش دەکەم
تیشکی ئاواتە و سەرم بەو نوورە پڕسەودا بووە
سووری کولّم و سپیەتی چاو و وڵاتی سەرسەوز
ڕۆژی دەم«ئاسۆ»ش دەڵیٚ کورد خاوەنی ئاڵا بووە

خورماڵ ۱۳۸۸/۲/۱۱

# تەماشای خەس

هێندە بێ ڕوحمودڵە جوابێ بە هیچ کەس نادا
بۆ منی مات و هەژار تاقە نمێ پەس نادا

خۆ بە شۆخیش بێ دەبێ جوابی سلاوم دەیەوە
سەیرە ئەو دڵڕەقە هەر جوابێ بە ئەنقەس نادا

هەر دەڵێی بڕکەشەمامەن یێخەکەت بێ خەم بە
باغەوان ئاوی گوڵی میوەیی نارەس نادا

کوشتەیی تەختەیی سینەت بە هەوای جووتی مەمت
شانس و نەردێکە بەلام بۆ هەموو کەس دەس نادا

دووقەرەم پێیە ئەمن ساحەبەکەت چوار ئاسە
ئەوکەسەی چواری هەبێ دەوری بە سێ و پەس نادا

من تراون تەمەشام چونکە بەرەو پیری دەچم
خۆ دەنا سەد قسە تامی نیگەهێ خەس نادا

لێوی شیرین نەبێ زۆر مات دەبێ فەرهادی دڵم
شیرینی گەر هەبێ کەس خۆی لە مەزەی گەس نادا

سپیەتی کوڵم و ڕوخە ڕۆشنی «ئاسۆ»ی دڵمە
کەس دڵی خۆی بە ڕەشایی دڵی قەقنەس نادا

بۆکان ۱۳۸۸/۱۰/۲۹

# گریانی بەکوڵ

ئەو دەمەی تین و تەوژمی دڵی تۆ دێتە لەشم
هەڵدەقرچێم و کەچی بەو گڕە شاد و نەشەشم
خەمی سەوزت کە لە سەر کۆڵی شیعر کۆوە دەبێ
وەکوو شەولەرزە دەلەرزێنێ هەموو بەندی لەشم
ڕوحی سووکت کە وەنێو خوێنی خەیاڵم دەگەڕێ
لە بەهار تازەترن مێرگی خەیاڵاتی گەشم
ڕاستە وەرزی تەمەنم پاییزە ئەمما بەخودا
بە کەشاوی خەمی شیعرێکی تەڕت هەر لە کەشم
تاکوو دێم شەونمی سەر پەلکی گەڵای کوڵمی گەشت
من لەوێ ڕۆژەوە زانیومە کە فرمێسکە بەشم
هەموو ئێوارە بە یادی شەوی جێژوانی چەلان
کوڵی گریانی بەسۆز دەمگرێ تا دەڕژێ خەشم
هەرکەسێ هات و بە ڕای خۆی بووە هاوڕێ دەگەڵم
نەبوو ئاگا لە دەروون و لە دڵ و بەختی ڕەشم
یەک دەڵێ سۆفیە پێم، یەک دەڵێ ڕندی وەتەنە
سوێند بە خاکی وەتەنم هەم ئەمەشم، هەم ئەوەشم
کوتم ئەی خاڵی ڕەشی کوڵمی گوڵم چۆنی؟ کوتی:
نیشتەجێی ڕۆژم و کەچی خەڵکی وڵاتی حەبەشم
کوتم ئەی «ئاسۆ» ئەتۆ چۆنی لەگەڵ دەردی دەروون؟
پێی کوتم: کاکە مەپرسە لە من و کەشمەکەشم

بۆکان پاییزی ١٣٧٢

# له دووره‌وه ماڵاوایی

بۆ شاخه‌وان: موقبلی هونه‌رپه‌ژووه

ســازی ئــه‌م شــیعره گــه‌لێ ناســازه
یــادی هــاورێی هه‌میشــه هــه‌ورازه
داخه‌کــه‌م ژینــی وه‌کــوو گــوڵ کورتــه
ئــه‌و کەســه‌ی به‌رزییه‌کــه‌ی ڕێبــازه
وه‌ک هــه‌ڵۆ دونــدی چیــای هێلانــه
قــه‌ت مــه‌ڵێن ژینــی هــه‌ڵۆ بــێ نــازه
ئاســمان ژوانگه‌یــه بــۆ کــاک موقبــل
فه‌ڕشــی هــه‌وری لــه‌بۆ پایه‌نــدازه
بــه‌رده‌زه‌رد جــوانی لــه ئــامێزی بگــری
چــونکی «گاشــرپبرۆم»ی هــاوڕازه
خاکی بۆکــان بــه تــه‌نێ ڕه‌شپۆش نێ
گــه‌لی کــورد پــاکی لــه بــۆی بــێ‌وازه
کۆنــه‌زامانی کــه‌ژان هاتنــه‌وه ســوێ
ئێشــی زۆر ســه‌خته برینــی تــازه
داخه‌کــه‌م مــوقبلی دۆســتی کــه‌ژه‌وان
ئێســته میــوانی بــه‌رێز «ئــه‌ورازه»
لــه گلێشا لــه پــه‌نای یــه‌ک دووبــه‌دوو
یــاد بکــه‌ن لــه‌و غه‌مــه بــێ ئه‌ندازه
مــن خــه‌یاڵم هه‌یــه بــۆ کــه‌س نــه‌گریم

مـەرگی تـۆ کاکـە خـەمێکی شـازە

مـــەرگی نـــاوادە برینـــی ســـەختە

زامەکـەی هـەر وەکـوو مارانگـــازە

«ئاسۆ» زۆر سەختە لەبیر چێ کۆچی

مـــوقبلێ بـــۆ گەلەکـــەی مومتـــازە

مەهاباد، ١٣٨٦/٨/٢٤

# ئومید

هەست ئەکەم هەرچی غەمی دونیایە لای من کۆ بووە
هەر دەڵێی قەیتانی هەستی عاشقیم لۆلۆ بووە
سەد گرێ کەوتۆتە کارم دانەیەک ناکرێتەوە
هەر منم وا بووم لە ئەووەڵ ژینی کێ ئەوتۆ بووە
دڵنیام تا دەرد نەچێنی شادی قەت نادوورێەوە
پێکەنین پاداشی لێوی وشکی دەس ڕۆڕۆ بووە
ئێستە زۆرن ئەو کەسانەی شادمانی ڕاو دەکەن
گەرچی پێشتر هەشتیان هەر دایمە لە گرەو نۆ بووە
تۆ بچۆ نێو ڕیزی شایی وەحشەتی ناوێ کەسم
عاقیبەت چاوکاڵێ هەر دێ، دەستی کێ بێ دۆ بووە
گەر غوباری دەرد و مەینەت گرتی بەر نووری دڵم
تیشکی تاوێ دێ و دەبینی تێکەڵاوی تۆ بووە
ڕیش و پەشم و کۆنەیاسا با فریوی تۆ نەدەن
خۆ ئەوان تا بوون، بەگەڵ ئیشیان هەمیشە درۆ بووە
ئێستە ئەقڵ و مەنتقە ڕێگەی سبەی دیاری دەکا
چاوی تیژی کۆنپەرەستی چاوکە چەن بێسۆ بووە
دیم دڵێ بە دوای ئەوین و ئاوەزا ئاوارە بوو
هەرکەسێ دیتی کوتی؛ حەتمەن دڵی «ئاسۆ» بووە!

بۆکان ١٣٨٨/١٠/٢٠

# خاڵ

هەر هەتاو هەڵدێ و گەڵاوێژی شەوێ دەکوژێتەوە
هەر بەهار دەڕوا لە پاییزدا درک دەڕوێتەوە
ئەم خول و تیکرارە تاکەی هەر درێژەی پێ دەدەی
ئەی ئەگەر تیکرارە هەر لاوێتی بۆ نایێتەوە؟
خوا دەکا ئەمجارە گەر دووبارە عاشق دەبمەوە
نایەڵم ئاوێ ئەوینی تیا نەبێ بخورێتەوە
ئاوی لێوانی گوڵ و غونچەی نەبێ دەم وشک ئەبێ
شەونمی وەک لۆکە باری لێوەکەت دەسڕێتەوە
هەر بژەی لێوێ کە بۆنی عاشقی لێ بێ کەسم
نووکی پێنووسی ئەمن سەد شیعری بۆ دێنێتەوە
خۆزگە بەو کاتەی کە چاو تیری لە چاوێ گرتبا
قەت نەبوو چاوێ بە کاڵیش جوابی پێنەدرێتەوە
کوا لە عۆدەی ئەو هەموو بێعەدڵیەی دەردێ دڵم
هات کە سێڵاوی ستەم حەستەم کە زوو بکشێتەوە
ئەم ژیانە هێندە بێنرخیش نییە بەد بوگزەرێ
کوا عەقڵ دەیکا قوبووڵ شمشێر بە دەستی شێتەوە
ڕاستە من ئەو شاعیرەم قەت ناحەزی ناهۆنمەوە
پەنجەرەی شیعرم بەرەو باغی بەهار دەکرێتەوە
قەت مەترسێ کۆنەیاسا هەر بەشی رووخاندنە
قفڵی ژەنگاوی بە مستێ دەسبەجێ دەکرێتەوە
شیعری «ئاسێ» وا بە سووکی هەڵمەسەنگێنن چەلێ
دڵنیام ڕۆژێ دەبێ کورد فاڵی پێ دەگرێتەوە

ساروقامیش ۱۳۸۸/۵/۹

# قەرار

هەر چەندە بەهارە و چلەشە نەوبەهاری من
تۆی تیشکی هومێدی دڵەکەی بێقەراری من
فەسڵی بەهار و وەشتە بە گوێی بای سەبا دەڵێم
باوەشتە لەم بەهارە یەکەم جێهەواری من
من چۆلەکەیەک بێ پەڕ و بێ باڵ و بێ کەسم
سەد خۆزگە بە خۆم کاکە ئەتۆ بی تەواری من
فەرموو ئەوە شیعرێک و دڵ و هەستی ئاگرین
لێم وەرگرە تۆ بیت و خودا یادگاری من
هاواری ئەمن بۆ دڵ و بۆ عیشق و بۆ گەلە
چاوێ کە لە کەشکۆڵ و لە شیعر و شیعاری من
لەم رێگە ئەگەر لادەم و رێم هەتلە بێ کەمێ
یا رەببی قەڵەم کەی قەڵەمی ئاسەواری من
جا شەرتە لەمەولا لە مەی و نەی نەکەم بە یاد
تا کووچەکەتان بێ چەمەن و جۆکەناری من
سوێندم بە نیگاهێ کە شەمی شیعری لێ دەهات
«ئاسۆ»ی دوو چاوی تۆم و ئەمەش بێ قەراری من

ورمێ، بەهاری ١٣٧٠

## امید

من نه مرغم که مرا از قفس آزار رسد
خوش برآنم که چه آن وصلت دیدار رسد

عاشق و ترس و غُل و چوبه و زنجیر و طناب؟
او در آن فکر که کَی مژده‌ی دیدار رسد

تلخی کام مرا شهد وفا می‌ریزد
تا که از کشتی ساقی مَی سرشار رسد

عمر آن نیست که در لانه خزی تا دم مرگ
خرم آن کو که به داد دل بیمار رسد

صرف شد عمر گرانمایه بدان بو که گلی
خبری خوش ز لب محرم اسرار رسد

عشق ورزی و فداکاری و خدمت شرط است
ورنه هر بُلبُلَکی بر دَرِ گلزار رسد

اندر این سکوت خالی ز عمل چند خزی
عاقبت نوبت تهدید دل‌افگار رسد

از افق سر بزند نور حقیقت روزی
صبحدم در پس نفرت ز شب تار رسد

بوکان، ۱۳۸۸/۱/۲۵

# حەسرەت

قەت بووە لەو هەموو ئەستێرە یەکت بەرنەکەوێ
ئەو بریسکەی بێ و ئەتۆش دەسبەسەری تاری شەوێ
بزەیەک نایەتە سەر لێوی کەسێ تۆش نەشە بێ
شێخ دەڵێ زۆر بگرین ژەنگی دڵی پێ دەڕەوێ
هێندە بێزاری گرین و غەم و دەرد و کەسەرم
دەک قەزای خەندەیەکی لەو هەموو گریانە کەوێ
هەر دەڵێی شادی ئەگەر ساڵێ کەسی ئەم گەلە بێ
عاسمان گڕ دەگرێ و پشتی بە جارێ دەنەوێ
زۆر لەمێژە بووە گەیوم ئەگە دڵداری نەبێ
دڵ لە چاڵی ڕەشی بێ‌هەست و خەمۆکی دەکەوێ
سواری وام دیوە لە سەر پشتی محەندەک دەچەقی
ئێستە بێ هێز بووە لاقی و شلە دەستی جڵەوێ
خۆ منیش کز بووە چاوم کە دەبینم کچی کورد
دوودڵم خوایە ئەوا ئافرەتە یان خاسەکەوێ؟
دەرکی باخچەی بەی و سێو قفڵە لە دەستی گەلی پیر
تازە «ئاسۆ» وەکوو لاوی گوڵی لاولاوی دەوێ

بۆکان ١٣٨٨/٤/٢٥

## پەیامنێران

زوڵفت ڕێحانەی قەندیلە و

بەژنت داری ئاڵای گەلم

لە بەر قرمژنی

بارانەکەی خەمی دووریت

وەک مەڕێکی لاق پەڕیوی بناری هەڵگوردێ شەلم

دڵگوڵی جوانم

سیلەی چاوت لە چاوانم قەت مەگرەوە

هێشتا ئەمە نیوەی ڕێیە

لێم مەپرسە کوا شیعرەکەت

شیعرەکانم هەشت گریلان پەیامی ئاشتییان پێیە

بۆکان ١٣٨٨/٨/٨

# سجیل

له نێو بازاڕی ژینێکدا که بۆخۆت تیا دەخیل نابی
سەدان تاجت له سەردا بێ که سووڕا چۆن زەلیل نابی؟
ئەگەر تەورێ نەکەی پەیدا و بوتی ئەم نەفسە نەشکێنی
نەکەی ئاگر به جاڕی گوڵ به شۆرەت وەک خەلیل نابی
بەڵێ بەرز ڕاگری نەفست لەحاندی دۆستەکەش خاک به
ژیانت بەندیخانەش بێ، به دڵ سەربەستی، دیل نابی
ئەتۆ هەر خۆت لەبەرچاو بێ هەتا موحتاجی هاوڕێ بی
که سەرکەوتی نەپرسی لێی برالە بۆ وەکیل نابی
ژیان بەیتێکی سامناکە پڕی دەرد و خەمە و شادی
هەمیشە شامیلی شاباڵی فریای جوبرەئیل نابی
دەمێ قاقا دەمێ گریان، زەمانێ شین و جارێ سوور
قەرابێک مەی بکەی پەیدا ئەدی موحتاجی نیل نابی
ژیان هەر عەینی شەترەنجە دەمێ کیشی دەمێ ماتی
قەڵای هیوات که مەحکەم بێ زەلیلی دەستی فیل نابی
ئەگەر وەک باڕی کەو هێشتاکە ڕەنگی نین پەڕ و باڵت
مەترسێ گەر تەمەن یار بێ ئەتۆش بێ خاڵۆمیل نابی
وەکوو «ئاسۆ»بە فرمێسکت بنووسی شیعری دڵداری
له کن دەوڵەت نەبێ ناوت لەلای گەل بێسجیل نابی

ئارەنان ۱۳۹۰/۱۲/۱۹

# لە سەر چۆم

چاو لە چۆم دەبڕم؛ لە چاو فرمێسکە دێ بێ ئیختیار
باسی ڕابردوو دەکەن بۆم شۆڕەبی و پەلک و چنار
دەنگی با سۆزی کزەی گۆرانی لاویم بیر دەخات
دووکەڵی شوان لەوبەری چۆم چاو دەکا تاریک و تار
دووکەڵی ئاهی منە یان ئاگری ئەو شوانەیە؟
ڕاست بەرەو عاسمان دەچێ وەک دەستی دۆعای تۆبەکار
ئەم کەژ و چۆم و دەراو و شەخسە پاکی ئاشنان
کێوەکان هەر چەشنی جاران ماونەوە زۆر ئوستوار
بەفری زستانی ئەوانە مووی سەری ئێمەیشی گرت
ئێمە دۆڕاوین دەنا وان سەوز ئەبن کاتی بەهار
پیری کێو زۆر سادەیە؛ هەر بانەمەڕ هات لاوە هەر
بێریەکەی من چەشنی جاران تازە بۆم نایێتە یار
کوانێ ئەو یارەی لە ڕێی هاوینەڕێ وەک خاسەکەو
لەنجەکەی پەنجەی منی فێر کرد بە هەڵبەست و شیعار
تاکوو دەمرم هەرچی چاوجوان چاو لە چاوانم دەکەن
مەشقی عەشقی ئەو دەکەن پێم بێ غورووور و بێ دەمار
بەسیە «ئاسۆ» تۆ لەچی دڵمەندی، نازانی مەگەر
گەر گەڵاش دەرکا شنەی با نایچەمێنێ پیرەدار

سارۆقامیش ١٣٩٠/١٢/٢٦

# مستی عشق

از مستی عشق خوابم نمی‌برد
دیوانگی به سوی کتابم نمی‌برد

جز چشم یار که آن هم نهان شده است
دارویی پی به حال خرابم نمی‌برد

آن لطف‌ها که ز یزدان کنند نقل
رنگی ز روی عذابم نمی‌برد

منصوروار لاف أناالحق هم می‌زنم
حتّا به سوی طنابم نمی‌برد

ترسم شکسته ز سنگ و طناب و چوب
پیری به خوابگاه شبابم نمی‌برد

بسیار پرسش از این درد در دلم
شخصی به سوی جوابم نمی‌برد

عشقم سبک نمود بیا جویبار وصل
سنگین دردم و آبم نمی‌برد

رنج افق آن نیست به شعری شود بیان
کس پی به حال سینه کبابم نمی‌برد

بوکان، ۱۳۸۹/۱۲/۱۷

# پاتەخت

شوێنی شوولّی زاڵمان هەر دیارە بەم پەنجێرەوە
ڕەش وەکوو پەردەی هەتاوە شەو بە چاوی کوێرەوە
ئەوپەڕی دەشتی خەیاڵی کارەساتی ئەم گەلە
چاوی دووربینت هەبێ جوان دیارە لەم هەولێرەوە
ئەی خودا نەفرەت قەباڵەی خۆشی ئەم خاکەی دزی
تا لە ژێر خاکا ئەویش نەبڕژاوە زوو بینێرەوە
دەنکە تەزبێحێ نەماوە بێ چپەی ناوی ئەتۆ
خۆ ئەتۆش وەک حاکمان نیت ئەم گەلەش بژمێرەوە
تا بەکەی بێچووی خەزاڵی شادمانی ئەم گەلە
بێتە هەڵلەرزین بە بەرچاوی تەماحی شێرەوە
گوڵ لە پشکووتن پەشیمانە لە سەر یەک پێکەنین
پەڕ پەڕی کەڕ بوو بە چەهچەی بولبولی بێ خێرەوە
ڕۆژهەڵات تاکوو هەژار و هێمن و هێدی هەبێ
ترسی تاریکی لە کوێ بوو بەم هەموو ئەستێرەوە
هۆ سوهەیلی مووتەلایی دەرکەوە شەو کۆچی کرد
غوربەتی تاراوگە تاکەی؟ بەستە ئیدی بێرەوە
چیتە «ئاسۆ» ئێستەکەش هەستت بە قاچاخی دەڵێی؟
ئێرە پاتەختە مەترسێ ڕوک بڵێ و مەیشێرەوە

هەولێر، ٢٠١٢/١/١٠

# بۆ کێوی شایەمەردان

ڕوو بە قیبلە ڕادەوەستم چەشنی نوێژ دەستەونەزەر
داری شیعرم بەم چلەی زستانە خۆش‌خۆش دێتە بەر

کێو وەکوو خۆیان و چۆم بێ ئاو و کانی ویشکەڕۆ
هەر تەڕی دڵمانە ئێستاکە لە چاوان دێتە دەر

گەردی یادی ئەو ئەوینانەی کە یادیشیان نەما
بوونە بەفر و ئێستە خاڵ‌خاڵ بوون بەوان کوێستانی سەر

کێوی شایمەردان شەقاری بەست لەحەیبەت بێ‌کەسی
بۆ ئەوان کیژ و کوڕانێ لای نەماون یەک نەفەر

ئەم کەژ و کێوانە زۆر وەک ئێمەیان پەروەردە کرد
بوون بە خاک و ڕەنجی شان و پیلەکەشیان ما هەدەر

چەندە بارانە و هەوای حەیران لەوێدا بوون بە خاک
ئێستە وا بێدەنگ و مات نووستوون لە قەبرا بێ هەتەر

چاوکەژاڵێکم هەبوو لێوی ختیلکەی دڵیەدا
کاتێ چاوم لێ دەکرد عەینی پەری بوو نەک بەشەر

ئێستە تاڵ‌تاڵ مووی سپی وەک لاپەڕەی یەک مەکتەبە
فەلسەفەم پێ خەتم ئەکا و مەنتیق دەخاتە بن چەپەر

دەرفەتە ساقی ژیان بۆم تێکە ڕابوورا تەمەن
تاوەکوو «ئاسۆ»ش نەبێتە پیرەداری بێ‌سەمەر

باخچە ۱۳۹۰/۹/۱۱

## لەیلا

لەم خەزانەیدا گوڵێ چاوگەش لە من پەیدا بووە
هەرچی دەردی بێکەسی و پیریمە پاک پێی چاک بووە
دڵنیام قەت قەیسی عامر هێندی من عاشق نەبوو
لەیلەکەیشی کوا بە قەت لەیلای ئەمن لەیلا بووە؟
کێ دەڵێ ئادەم فریوی خوارد و فیردەوسی فرۆشت
سووکەتاوانێ هەبووبێ هەر لە بەر حەووا بووە
بێردوە حەووای لە نێو خاکی وەتەندا دەرکراو
مانگی زوڵم و زۆر شوکور لەم خاکەدا ئاوا بووە
ئەی زەلیلی دەستی تاریکی مەترسێ عاقیبەت
رۆژی روون هەڵدێ شەوان کوا کەنگێ هەر یەڵدا بووە؟
ئەو کەسەی یەڵدا بە نێوی رۆشن و نێودێر دەبێ
پاش لە مەرگی زیندووە هەر تا بووە هەر وا بووە
سووری کوڵمی تۆم لەلا پیرۆزە وەک خوێنی شەهید
داخەکەم باسی شەهید ئەورۆکە بێمەعنا بووە
حەقمە مەعنای شیعرەکانم پێچ دەم و بیشارمەوە
چونکە هەر خێڵی بقە لەم خاکەدا کوێخا بووە
کەس نەڵێ «ئاسۆ» شیعار و شیعری تێکەڵ کردووە
باسی عیشق و نیشتمان لای کام گورۆ بێجا بووە؟

بۆکان، ١٣٩٠/١٠/٢٠

# بۆ پەیکەرەی شەهریار

وا تەمەن پەنجای بەجێهێشت و قەتت دڵبەر نەدی
یاوەر و یارێکی وا بۆت بێتە تاجی سەر نەدی
عاقیبەت تۆش دەبیە بەرد و چاو لە ئاسۆی دوور دەکەی
گەرچی ئێستا سەد یەکی ئاواتەکانت هەر نەدی
حەقتە وەک تورکی لە دوودین بوو بە یاری خۆت بڵێی
دلبرم! یاندرمَ آخرا! بو قَرات ایللَر نَدی؟
زولفی قەترانی و ڕەشت زۆر دی و نەهاڵا گەردنت
قەت مەزەی ماچێ لە دڵدا بێتە کاریگەر نەدی
ڕەنجی زۆرت دی لە دەستی حاکمانی دڵ سیا
حاکمێکی وەک هوما بێ و باڵەکەی سێبەر نەدی
شهریارن ملکیده ترکی غزل ایستیر منه
قیبله میزا! حیدربابا بوو قضیه‌ی حیدر نَدی
حەیفە لەو خاکەی کە هەر بستێکی گەنج و گەوهەرە
ئێسکی بێقیمەت بەشت بێ وتۆ قەتت گەوهەر نەدی
ئەی ئەسەف بۆ لەم ولاتە دیمەنێکی غەمبەزێن
بێتە ئاهەنگێ خەفەتلابەر لەبۆ بیسەر نەدی
تۆ لە عیشقی یاری خۆت «ئاسۆ» بە دوو لەهجەی دوای
بۆچ ڕفیقێکت لە بۆ تۆ بێتە خاکی دەر نەدی

میاندواو، ١٣٩٠/٣/٢٤

## له وان

جاری وایه مه‌جلیسی سۆدره و سیوادەم خۆش دەوێ
لەودەمەشدا بار و دیسکۆی پڕ لە بادەم خۆش دەوێ
بەسمە تانەم لێ مەدەن بۆ هاوەڵی گشت کەس دەکەم
بێ‌ڕیا من هاوەڵی ئەم خەڵکە سادەم خۆش دەوێ
گەر ببەستن چەشنی بەفری چاو و گوێم چوار وەرزی ساڵ
هەر کە دیم کیژێکی سادە بێ‌ئیرادەم خۆش دەوێ
وان و خۆشاب و جەزیرە ڕاستە خۆش‌ئاب و هەوان
خاکی ئاوا و خەڵکی ئاوا بێ‌ئیفادەم خۆش دەوێ
ئەزبەنی و یایە و ئەفەندی لێرە گشت بیر چوونەوە
ئەم وشانەیشم بە ڕادەی کاک و دادەم خۆش دەوێ
نێرومێ لێرانە ڕووتن دانەدانەش پۆشتەشن
دوور لە پارسی فارسەکان ئەم تیپە مادەم خۆش دەوێ
ڕاستە دەریا خۆش و بژوێنە هەواکەی دڵگەشێن
من شنەی کوێستانی لەندی پڕکوڕادەم خۆش دەوێ
ڕژد و ناهەمواره «ئاسۆ» لێرەکانەش جادەکان
شار و دێی ئەم خاکە بێ ئیسفاڵت و جادەم خۆش دەوێ

وان ۱۳۹۰/٦/۳۰

# خاکی باشوور

خاک و خۆڵی کوردەواری دژ بە خانەخوێ نییە
غەیری جوانی و خۆشەویستی هیچ شتێ دی لێ نییە
ڕۆژهەڵاتی مەرکەزی چاوجوان و کەولەنجەن بەڵام
خاکی باشووریش دەبینی بێ هەنار و بێ نییە
خوایە ئەم چاوانە چین سەد هێندی دەریا قووڵترن
دەچیە هەر شارێ لە بەر تیشکی نیگایان ڕێ نییە
دوێنێ تیرێکیان لە شاری چەمچەماڵ هەڵکرد لە من
ئەم نیگای هەولێرییەی ئەوڕۆ لەوەی دوێنێ نییە
چاو لە هەر چاوێ دەکەی غەرقاوی دەریای عەشق ئەبی
گەر بەحاڵ عاشیرەتیشی پێ دەکەی بێجێ نییە
قەد بە پێنووس و بە ڕێنووس و بە ئەلف و بێ
نییەمەکتەبێکی شازە عەشق و خۆشەویستی چاوەکەم
نوێژی دڵ باسی ڕکاتی چوار و دوان و سێ نییە
من هەتا هەم نوێژی خۆم هەر ڕوو بە قیبلەی دڵ دەکەم
ترسی دەسنوێژی ئەوینت گەر لەوێ بشکێ نییە
کێ لە نێو مزگەوتی دڵدا هەست بە دڵتەنگی دەکات
شەرتە تا «ئاسۆ» هەبێ هەر مەدحی باغی سینە کات
چونکە هەر چوار وەرزەکەی قەت بێ بەهێ و هەرمێ نییە

هەولێر، ٢٠١٢/١/١٥

# غوربەت

هێندە غـەمناکم بـە دەسـت ئـەم غوربـەتی شـارانەوە
وەختــە ببمــە قەترەیــەک و بچمــە نێــو بارانــەوە
کـەس نـەبوو بێژێ ئـەرێ تـۆ لـەم ژیانـەت چـی دەوێ؟
دایمـە عـەودالّی بـە سـەر کێـو و چـەم و وارانـەوە
جارێ عاشـق بـووی دەمێکـیش ڕۆحـی میللـی قیبلەتـە
خۆزگــە دەمزانــی چ کــارت داوە بــەم کارانــەوە
سـاتێ شـیعرت یـادی بەغـدای لـێ دەبێتـە مووخـورە
جــارێ ئانکــارا دەبــوغزێنێ بــەڕووی تارانــەوە
هـەرچی یـارت بـوو وەفایـان بـوو بەنەقشـی سەرشـەپۆل
هـەرچی شـیعرت بـوو لـە کووچـەی دەفتـەرا شـارانەوە
بەسـیە ئیـدی داکـەوە ژیـن پێـنج و دوو ڕۆژە و ئـەدی
دەبیــە لاســکێک و دەچیتــە جــاڕی گوڵزارانــەوە
سـەد گوڵـت کـۆ کـەن لـە دەورە کامیـان زارگـوڵترە
دێتـە گوێـت دەنگـێ وەکـوو ماکـەو لـە کۆسـارانەوە
شێخی سەنعان هـەر وەکـوو تـۆ بـوو فڕێـی دا خەرقەکـەی
نـەچووە ژێـر میحرابـی فیکـری تەکیـەیی جارانـەوە
نـا مەترسـێ هـات و ڕۆژێکـیش وەدەر کـەوت ڕازەکـەت
دەبیــە شــیعر و دەچیــە نێــو چیرۆکــی دڵدارانــەوە
پاش لە مەرگت پێت دەڵێن «ئاسۆ» خـەتای خۆشـی نـەبوو
تیـری چـاو لێـی دا لـە ئـەبرۆی تیپـی نازدارانــەوە

مەهاباد، ۱۳۹۰/۷/۲۰

# مەرحەبای سیگناڵی

حەسرەتی سینەت لە حەوشەی دڵ غوباری گرتووە
لێوی شیعرم بۆ قوەمێ لەو ئاوە باری گرتووە
تۆ کە پەنجێرەی دڵت قەت ڕوو بە من ناکەیتەوە
بۆیە ئاوێنەی دڵی ئەمنیش غوباری گرتووە
شەرمەکەت ئاوی ئەوین و خۆشەویستین بۆ ئەمن
شێوەکەی ساکاری دێت بۆ ڕەنگی شاری گرتووە
وایە ئێستا خۆشەویستی سینەمایی و مەقتەعین
بولبولیش ـ دوور بێ لە ڕووت ـ خاری بەیاری گرتووە
مەرحەبای سیگناڵی و نووکەی تەلەیفوون و مەسێج
تازە جێی جێژوانی زیندووی کۆنەیاری گرتووە
پەنجەیەک هەڵبێنە یانی ها سڵاو لەم عەسرەدا
چون زمان بەسراوە یان ئەخلاقی ماری گرتووە
عەیبەکان ناشارنەوە عیسمەت کەمێ کەمڕەنگ بووە
وردەجاسووسی و ڕیا جێی ئیفتخاری گرتووە
چۆلەکەی ئاوەز هەتاکەی خاکنشین بێ بەسیە بەس
چاوکە باڵی خۆزگە چۆن ئەوجی تەواری گرتووە
ئاگەدار بە تۆڕی ئەنتەرنێت فریوی تۆ نەدا
چونکە زولفی تۆ وەکوو من سەد شکاری گرتووە
تۆ وەرە نێو باغی شیعری دەسنیای «ئاسۆ» کەسم
چونکە تێیدا جوانییە ڕێز و قەتاری گرتووە

سنە ١٣٩١/٣/٧

# لە بەر قەڵای ئامێد

بەربەیانـە و چـاوی ئاسـۆ هێشـتە لێڵـە بـۆ خـەوێ
کەس بەقەت تیشکی هەتاو جوان نایبڕێ جەرگی شەوێ
وا قـەڵای ئامێـد سـجیلی کـوردە ئـەمما داخەکـەم
حەیفـە وا بێ‌قـەدر و ڕێـزە و خـەڵکی خـۆیی نایـەوێ
بەربـەیانی بـەر قـەڵای ئامێـد بـەیانێکی تـرە
ئـەم بەیانـە زۆرە مـەعنای بیـری وردی پـێ دەوێ
جاربەجار دەنگی مەلێ هەستم لەشیعرم دوور دەکات
خوێندنم دێ چەشنی قومری گەر کچێ جوان دەرکەوێ
خـاڵومیلـی ڕشـتووە پرچـی ڕەش و زەردیـش ڕەهـا
وەی قەزای ئەم حاڵەتە لـەو فێـس و چارشێوەی کـەوێ
مـن لـە ناڵەشـکێنەوە هێـزی چیـا هـاوردمی
هێمنـی ئێـرە وەفـاداری بـە قەنـدیلی دەوێ
چۆمی دەجلە هەر وەکوو فرمێسکی ڕوون جاری بووە
حەقیـە هـەرچی چـۆم و ڕۆبـارە سـەری بـۆی دانـەوێ
من کە «ئاسـۆ»ی ڕوونی شـەوگاری گـەلی کـوردم بـرا
تـا دیاربـەکرم هـەبێ حاشـا لـە تـەورێز، نامـەوێ

دیاربەکر، ١٣٩٠/٧/١

# پێت وایە ئاوا چا دەکەی

ئێستە ناپرسی لە من پێت وایە ئاوا چا دەکەی؟
خۆزگە دەمزانی ئەتۆ بۆچی لەسەرچی وا دەکەی؟
ڕەنگە بۆت سەلمابێ تا کەمتر بپرسی حاڵەکەم
هەر عەزیزی شیعرەکانمی و زۆرترم شەیدا دەکەی
داخەکەم ئەو ڕازە نازانی نەرمتر بێ دڵت
وا ژیان ئاسانترە و ئاوا پتر غەوغا دەکەی
من دەزانم تۆ گڕی قەت ئاهی ساردت پێ نییە
بۆ چلەی زستانی خەم عەینی شەماڵی وا دەکەی
بەم چلەی هاوینە پووشپەڕ ئاهی ساردی میللەتە
دەرکی دووکان دابخەی پێم وا پتر پەیدا دەکەی
گەر وەکوو من دڵپڕی ئەم حاڵە بێ هاتۆتە پێش
سەدهەزار لەعنەت لە یاسای دەوڵەتی نەما دەکەی
عەشقی تۆ قاچاخ و دەستم بەند و خۆشم دەسبەسەر
هەر دەبێ هوشیاری یەک بین ئاخە بۆ کوێ ڕادەکەی
ڕاستە من دۆڕاوی عەشقم مووم سپی و نامەم ڕەشە
هەر بە تەنیا تۆی دەگەڵ ڕۆژی ڕەشی من تا دەکەی
تاقە ئاهێکی نەما «ئاسۆ» لە سەر ماچێکی تۆ
ئاه و ناڵەش ئێستە قاچاخە بە چی سەودا دەکەی

بۆکان ۱۳۹۰/٤/۲۲

# هەدیە

خۆزگە بەو چۆپی‌گرەی قەت‌قەت دەسی بێ دۆ نییە
بۆ ئەویـنـداری مەبەسـتی دوێنەکـە و ئـەورۆ نییـە
سـارد و گـەرمی ڕۆژگـارم چەشـتووە سـاویلکە نـیم
دڵڕفێنـی خـۆ بـە ڕەنگـی ڕووسـەری و مـانتۆ نییـە
یاری جوان دوور بێ ئەگەر بـەرگی ڕەشیشـی کردەبەر
جوانیەکـەی کـارێ دەکـا کـەس دوژمنـی ڕۆ ڕۆ نییـە
تۆ هەوێنی شیعرەکانمی حەقتە مـەغروور بـی کـەمێ
هەستی من فەرقی هەیە کوا شیعری مـن نـایلۆنی‌یـە
خـۆ هـەموو فەرزانەیـەک بـە قسـەی زلـە زانـا نییـە
هەر کەسـیش نـاوی سـماییل بێ ئـەدی سمکۆ نییـە
ئەو کەسەی مەستی ئـەوین بێ عـاقڵی پێ شـێتییە
شێتی کووچەی ماڵی یار عـەوداڵی دەشـتوکۆ نییـە
مـن بڵـێم چی خاکەکـەم خـاکێکی عاشـق‌پـەروەرە
نیشتمان‌پەروەر مەبەسـتی لەنـدەن و موسـکۆ نییـە
ئەی گـوڵی جوانم دەزانـم ڕەمـزی چاوت چی دەڵـێ
هـەر نیگاییکت لـە چاو دەشـنێتەوە بێ هـۆ نییـە
هەر گوڵێک دەنگێک و هەر گیاییکی بۆنێکی هەیە
ڕاستە ڕێحـان بـۆنی خۆشـە ڕەنگـی وەک هێـرۆ نییـە
موڵک و ماشی ئاشقی یەزدان بە «ئاسۆ» هەدیە کرد
چاو لە هەر چاوێ دەکا قەت‌قەت نیگـای نـامۆ نییـە

کامیاران ١٣٩٠/٤/٢٤

# مەرتەبەی ئەفلاکی

پێوەم کە ئەدی هاوەڵی غەمناکی نەکەم من
تا کاوە هەبێ هاودەمی زەححاکی نەکەم من

پێوەم کە ئەدی گوڵوشەکانی غەزەڵی خۆم
پامالّی جەفای گوێگری ناپاکی نەکەم من

ئاخر کەسەکەم لێوی ئەتۆ کانی بەهەشتە
جا چۆن دەبێ تا مردنێ مێلاکی نەکەم من

هێند قەرزی ئەوینم لە سەرە کاتی جەوانی
بەم پیری و ڕیسواییە بۆ پاکی نەکەم من

خاکی وەتەنیش چەشنی حەوا دایەنە بۆمان
چۆن خۆم بە فیدای میللەتی وا و خاکی نەکەم من

یارانی زەویم یەکیەکە جێمدێڵن ئەدی چۆن
هەر مەدح و سەنای مەرتەبەی ئەفلاکی نەکەم من

هەر دۆستێ نەخۆشینی پلە و پارە لە خۆی گرت
پەیمان بێ کە عیساش بم ئەدی چاکی نەکەم من

ئەو کەڵپە بە خۆراکی حەرام فێر بووە شەرتە
بەر گازی حەلاڵی دەم و میسواکی نەکەم من

«ئاسۆ»ی خەمی کوردم لەوە دەرچوو کە بترسم
بۆ ساندنی حەق چۆن دەبێ بێباکی نەکەم من

کەماجار، ١٣٩٠/٢/٨

## تشنه‌ی جام

ساقی به حدّی تشنه‌ی جامی لبالبم
برده‌ست ز دل هوش قلم دردِ مطلبم
از بس که زدم حول گدایی به دور دین
افزون ز قول دراویش گشته یاربم
سیمرغ وفا را ز قاف صفا مرده یافتم
ای وای بر امید همه روز و هر شبم چون
بانگ غول هم بود بلند و ناپدید
آن قصّه که گویند ز اقبال و کوکبم
ساقی گذشت دور بیاور پیاله را
تا پرده براندازم از این شغل و منصبم
جز مهر مهرخان ندهم دل به هیچ چیز
جز حمد گُل‌رخان نبود وِرد بر لبم
ای مهر تو کُلهِ تاجدار خاک
من عاشقم تو چه پرسی ز مذهبم؟
تا نور تابد از افق ملّت تبریز
من تا ابد به خدا شاد این تبم

تبریز، ۱۳۸۰/۵/۲۴

## هەندەسەی ئەوین

لـە بیـرم دێ چـەنێ لـەم گۆشـەوە لـەو تاقـەم ئـەڕوانی
نـە گۆشـەم زاویـە و تاقـەش بـە نیـو بازنـە و کـەوان زانـی
لـە بازنـەی دەستی یـار ئەوکاتـە گووشـیم دایـەرەم ناسـی
موحیتیم جوان حیساب کرد بەو شوعاعی نـووری کوڵمانی
سووروشت وای هەندەسە فێر کردبووم بێ خەتکـەش و پـەرگار
لـە دڵدا نەخشـی ئـەبرۆی یارمەکێشـا هـەر وەکـوو مـانی
گـوڵی جوانم لـەبیرت دێ کـە سـەیری بـاغی سینەم کـرد؟
لـە بـەر چـاوم بـووە سـەحرا هـەموو باغـاتی سـۆرانی
دەزانـی چاوەکـانی تـۆ بـوو ئـەمنی فێـری شیعران کـرد؟
لەوێـدەڕا کـە تێـتڕوانـیم لـە ئاوکێشـانی سـەر کـانی
مـنم نیمـای زەمـان ئێسـتەش بـە ئـاواتم لـە پـەنجادا
دەوارێکـم هـەبێ و چـەن مـەڕ ئـەتۆ بێـری و مـن شـوانی
بەڵام سەد داخ تماشای مووی سپی تۆ و خۆم دەکـەم دەگـریم
چ زوو وا باریـە سـەر گـردێ سـەرمان بـەفری زستانی
گـوڵم ئێسـتەش وەکـوو جـاران بـەهاران چـۆم پـڕی ئـاوە
بـەڵام چـۆڵچۆڵـە جێژوانمـان نـەماوە شـکڵی جـارانی
منـیش شـیعری تـەڕم وشـکاوی هـاتوون هێنـدە بێـزارم
لەوێـدەم سـووک کـرا شـیعر و کلیپـیش بۆتـە گـۆرانی
بە شیعری خۆش دەڵێن کۆنە بە «ئاسۆ»ی چاوی تـۆ قـەستەم
حەقیقـەت ئاشـکرا دەکـرێ حەشـار قـەت نـادرێ جـوانی

سارۆقامیش، ١٣٩١/٣/٢٨

## سووکباری

کەسێ هەستی هەبێ لەم ژینە نابێ هێندە ڕاڕا بێ
ئەگەر کابراش خراپەی کرد دەبێ هەر تۆ دڵت چا بێ
ئەوین گەربوو بە دەسمایەی کەسێ کەی چاوەڕێی سوودە
کە یۆسف بێ لە چاڵایە هەتا جوانی زولەیخا بێ
ئەگەر بازاڕی بەدبەختی هەبایە نیونیشانێکی
لە سەر دەرکەی دەیان نووسی ئەوەی عاشق نەبێ نابێ
خەمی زۆر و کەمی بۆچی؟ ئەوەی زۆرخۆرە زۆر ناژی
ئەجەل سەرقاڵە با تۆش هەر مەکانت لای سوورەییا بێ
لە ترسی مردنێ مەمرە، نەمرد بۆ ئەو کەسەی ترسا؟
دەبێ ڕۆژێ پرێنتی کەن حیسابت هەرچی تێدا بێ
هەزار خۆزگەم بەوەی سووکبارە لەم هات و هەڵاتەی ژین
بەغەیرەز قورسەکان نەمدی کەسێ لەم ڕێگە جێمابێ
پشووت قەت سوار نەبێ بە قسەی ئەوەی وا تۆ دەبوغزێنێ
بە هێواشی مەبە حەتتا ئەگەر شەخسی مەسیحا بێ
ئەوانەی خۆشەویستی مەقسەدی ڕێیانە ناگۆڕێن
خەمی ئاوسەرکەمیش ناخۆن ئەگەر عالەم هەموو شا بێ
خودا جوانی دروست کردووە دەڵێن سەر داخە مەیبینە
لە مەجنوونی نەترسا قەت کەسێ عاشق بە لەیلا بێ
لە شیعری ئاشقانەی من بە چاوی کینە مەڕوانن
لە «ئاسۆ»ڕایە جوان دیارە لە بەرزی هەرچی پەیدا بێ

مەهاباد، ١٣٩١/٣/٣١

# دەردی نەبوون

وەی کە یارەب چۆن ئەوینیشم لە بەر چاو ڕەش بووە
چۆن دڵم ئاواتی وەک خاکی بە پێنج و شەش بووە
دەردی ژین چاری بە دەرزی و حەب و شەربەت ناکرێ
دەچیە هەر خاکێ خەمی نان تێکەڵاوی لەش بووە
خۆ نیاز قەتقەت بە ڕەنگی پێست و شکڵ و موو نییە
زۆر سپیم دیوە لە برسان چاو لە دەستی ڕەش بووە
خۆزگە دەست بشکێ بەڵام قەت ڕانەگیرێ بۆ نیاز
هەر نیاز ژێر پێی دەخا ئەو شەخسە جێیباوەڕ بووە
قورس و بێوەزنی بەشەر سەنگی زەمان باعیسیەتی
کێ دەزانێ خۆڵ لەشی کام پیاوی گەردەنکەش بووە
تا گوڵێ سوور شین دەبێ بولبول گەرووی لێ زەرد دەبێ
چاوی هەوری ڕەش سپی بوو وا کەمێ گوڵ گەش بووە
بەرد لە جێی خۆی قورسە کاکە ڕاستە قەولێ کۆنەیە
سافی ئاوێنەی دڵم بەم غوربەتەی پڕ غەش بووە
پێکەنین و شین بە نۆرەن ناهومێدی هەر نییە
ژین لە ئاش کەمتر نییە تا ئاش بووە نۆرەش بووە
تا لە «ئاسۆ» نووری هیوا دەرکەوێ پەروانەییم
هەست دەکەم تەیری دڵم ئاشق بە ئەم شارەش بووە

سلێمانی، ١٣٩١/٤/١٢

# ئاهەنگی خاک

تا تەمەن سەرتر دەچێ دەردی ژیان پڕ ڕەنگترە
دەرد هەبوو چاو ڕاوی ناکا کامە شۆخ و شەنگترە
ئەو کەسەی جوانی نەبێ قەت چاوی نەیدی ناحەزی
کەوتە گێژاوی نەبوون چاوی لە قەلبی تەنگترە
شیعری تازەی چی برا؟ کام دەردی ئێستا تازەیە؟
لەم زەمانە هەر درۆنووسینە پڕبەردەنگترە
دەستەڵات گەر کەوتە بەر دەستی چنار بەو ڕاستیە
لاقی پامالّی حەقی یەکجار لە تەیموور لەنگترە
نان و ئاو و شوێنی خەو گەر دەس بدا تۆ ئادەمی
خاکی ئافریقا لە ئەفرەنگیش بەزەبروزەنگترە
بۆچی شێتی هەندەرانی و خاکی خۆت لا سووک بووە
هەر کەسێ وا بێ تەرازووی عەقڵەکەی لاسەنگترە
کورد دەڵێ ڕێوی گەڕاو چێتر لە شێری نووستووە
زۆرگەڕان خۆشە بەڵام هەر خاکە خۆشاهەنگترە
ئەو سەرا و زانکۆیە وا جێی فەخری هەر چوارپارچە بوو
قەپ لە قاچی خۆی گرێ بۆ نێو بەڕاستی نەنگترە
ناڵەی «ئاسۆ» دێ لە خاکی ناڵیا بۆ سەرچنار
چون لە غوربەت ناڵەناڵی دڵ لە نەی پێشەنگترە

سلێمانی، ١٣٩١/٤/١١

# بێ دەستەڵاتی

چ دەردێ سەختە شار چۆڵ بێ لە یاران
ئەوەی خۆشم دەویستن پاکی تاران
لە ناڵەی بێکەسی من شین دەگێڕێ
لە پووشپەڕ گەر هەور دایکاتە باران
چ سەختە گەر نەوێری شین بگێڕی
لە ترسی زاڵم و خێڵی نەیاران
حەیا و عەشق و وەفایان کردە پووشوو
درۆ و بوغز و ڕیا ئەمڕۆ لە کاران
هەزار ساڵ پێم بڵێن تۆ کۆنپەرەستی
دەڵێم ئاخ بۆ ئەوینی جاری جاران
وەکوو کوردی زەلیلی بێ وەڵام
چ بێقەدرم لە کن بەغداد و تاران
چلۆن هەنگاو هەڵێنم کێ دەوێرێ
بە پێی خاوس بچێتە شاری ماران
بەڵام سوێندم بە خاکی پاکی کوردان
هەمیسان دێتەوە وەرزی بەهاران
لە فیتەی شوان و قاقای شەنگەبێری
•پڕاوپڕ پڕ دەبێ خێڵ و هەواران
لە «ئاسۆ» سەر وەدەر دێنێ هەتاوێ
کە تینی بێتە نێو ماڵی هەژاران

# ئاو ڕۆیی نایەتەوە

هەر دەڵێی شیعریش لەگەڵما خاکە ئاشت نابێتەوە
تا چەلێ دێ سەد بەهانەی بێ‌دەلیل دێنێتەوە
بۆچی شیعریش وەک کچی جوان مووی سپی ناخۆش دەوێ
تازە پێم زانی کە ئاو ڕۆیی ئەدی نایێتەوە
دێم سەر و ڕووی مووی سپیم ڕەش کەم کەمێ تەڕ ببمەوە
بەشکوو بەم فێڵە ئەوەی چاوجوانە نەپرنگێتەوە
داخەکەم ئەندامی لەش وەک کۆنەخانووی خۆڵەپوت
تاکوو ئەملای سواغ ئەدەی ئەولای‌تری دەڕمێتەوە
دەچمە داواتیش کەچی هیچ دۆیێ دەستم ناگرێ
ناحەقیشیان زۆر نییە کێ دێتە دەستی شێتەوە
پیاو مەگەر شێت بێ دەنا داوات و پیری و مووی سپی؟
جا مەگەر جارجارە بۆ وەی لاوی خۆی بیر بێتەوە
خۆزگە بەو ڕۆژەی کراس‌زەردێکی کاڵم هاتە دەست
وەک یەدی بەیزا دەسم ئێستەش هەر ئەدرەوشێتەوە
هۆ سوهەیلم من لەبەر تۆ مردنم پێ خۆش نییە
سوور دەزانم تەیری گەرمێن ئاخری هەر دێتەوە
تۆ بڵێی ئەو ڕۆژە کەی بێ دابنیشین دووبەدوو
گوڵپەڕی لێوت بە خەندەی شیعری من بشنێتەوە
ئەودەمەی دەستم بە ڕێنەی قاشەماسی گۆمی چۆم
دێتە نێو مەوج و شەپۆلی چۆمەڵی بەروێتەوە
شەرتە ئەو دەم بێت و پیری گەر لە «ئاسۆ» دەرکەوێ
چەشنی پایەندازی بووکێ بیخەمە ژێر پێتەوە

۱۳۹/٥/١٤

# ڕۆمانی خەزان

هەمیسان وەرزی خەزان هات و گولان پاکی وەرین
دەر و دەشت سەوزی نەبێ ئیدی لە هەر ڕەنگێ بەرین
جاربەجار قۆپەنی سەوزی نەبێ وەک خاڵی لە ڕوو
سەوزەکانیش هەموو قاچاخە بەوێنەی عومەرین
لاسکە وشکی گوڵە سووری کە بەحاڵ گیانی هەبوو
دوێکە پرسیم چیە حاڵت لە قسەم کەوتە وەرین
کوتی پێت وا نەبێ تۆش ئەم تەمەنەت تا ئەبەدە
گوڵ و گیا و دار و مرۆڤ کاکە هەموومان سەفەرین
گوتم ئەی سوورەگوڵی دوێکە تەڕ و ئەمڕۆ وشک
ئێمە کوردین لەوەتی مێژوو هەیە دەربەدەرین
یان بە ڕێبواری لە ترسی هەرەس هاواری دەبەین
یان لە ئەشکەوتی هەزاران شەبەقی کوێرەوەرین
گوتی لێم لادە لە ئەم فەلسەفە ڕابوێرە برا
گەورەکانتان هەموو ئێستا دژی عیلمی نەزەرین
تا وەکوو من خەتی ڕوخساری ئەتۆش زەرد نەبووە
عاشقی ڕووی ئەوێ جوانان بە کە وا چەشنی پەرین
دەست دە ئەو پیاڵە شەرابە و مەڵێ چ بووە و چ دەبێ
موبتەدا بووین و کەچی ئێستە هەموو بێخەبەرین
وەکوو «ئاسۆ» بە؛ بە شیعرێک و هەوایەک نەشە بە
هەموو لەم باغ و گوڵستانە سبەی بێئەسەرین

بۆکان ۱۳۸۸/٦/۱۲

# بابەگەورە

بابەگەورە و ڕیش سپی بوون هەستی خاسی خۆی هەیە
گەرچی بۆ من نیمچە هەستێ کورتەباسی خۆی هەیە
هەر گەلاوێژ دێ دڵم پێی شادە بەو بیستوشەشەی
دیارە هەر وەرز و عەیامێکیش شناسی خۆی هەیە
قاشی ئەبرۆی یار نەبێ کەس بنجی غەم نابڕێتەوە
هەر درەختێ تەوری خۆی، هەر گیایێ داسی خۆی هەیە
من لە مەوجی فەلسەفەی کانت و هێگڵدا گێژ نەبووم
مەوجی دەریای خۆشەویستن گێژوکاسی خۆی هەیە
مام «چیا» بۆوەی یەکەم ڕۆژ وێنەکەی گرتووی «دیار»
تا بزانی هەر دەم و عەسرێ کلاسی خۆی هەیە
خۆ هەموو زەنگێ لە بۆ جوابدانەوەی نابێ گوڵم
ئەو کەسەی وا گوێبەزەنگە هەر تەماسی خۆی هەیە
سەد گوڵم کۆ کەن لە دەورە هەر بە لاولاو خۆشە دڵ
بولبولی دڵ کۆنەلانی ئیختساسی خۆی هەیە
بۆ خەزاڵی کورد بە مانتۆ و میقنەعە حاشار ئەدەن
ئەو شەدە و پشتوێند و دەسماڵ و کراسی خۆی هەیە
کوانێ خانزاد و خەزاڵ و میربوداق و میرعەزیز
هەر دەم و عەسرێ عەزیزم کورتەلاسی خۆی هەیە
کێ دەڵێ «ئاسۆ» بە پیری یار و هاواڵی نییە
هیچ نەبێ هەر حەفتە جارێ وردەئاسی خۆی هەیە

١٣٩١/٥/٢٦

# روزه

ای قـوم دهـن‌بسـته نخندیـد چـو خوانیـد
ممنـــونِ زلوبیـــای شـــبان رمضـــانید
در روز دهـــن‌بســـته و بـــوکرده و عبّـــاس
در شـب شـکم‌آکنـده ز احسـاس نهانیـد
ایـــن اســـت مگـــر فلســـفه صَـــوم بـــرادر
در شـام و سـحر سـفره بـه کـردار شـهانید
لب بستن و امساک و نخوردن به امیدی است
تـا رزق پـس‌انـداز شـود، حـال چنانیـد؟
صـف‌هـای طویـل از برکـت نیسـت بـرادر
هـر سـاله شـما شـاهد هـر جـنس گرانیـد
آن کس که بود روزه بـه حـق روزه‌ی خـود را
تقـدیم فقیـران بکنـد تـا کـه بدانیـد
بـت را چـو شکسـتی تـو خلیلـی دم آتـش
گلـزار شـود بـر تـو نـه گـر عبـد بُتانیـد
صَومت شده سور و حـج تـو گشـته تجـارت
سـودی کـه نکـرده همـه در راه زیانیـد
دیـوار پرسـتیدن و قبـر اسـت حقیقـت
گر بهـر مقـام اسـت چـه بگسسـته عنانیـد
موسـا و شـبان یـاد بیـاور بـه صـباوت
«ئاسو» بـه خـدا کمتـر از آن علـم شـبانید

بوکان، ۱۳۹۰/۵/۱

## پیر عشق

تو رفتی و من ماندم و ایـن صـندلی خـالی‌ات
بی‌حال گشته‌ام از آن همه باحـال و حـالی‌ات
آهوی دشت خیـالم شـدی امشـب گریزپـای
ای وای بر مـن و بـر آن نفس کـم‌مجـالی‌ات
مـا را بـه یـاد نـاوری در سـلک عاشـقان
یا رب همه تسـبیح تـو کـنم و ذوالجلالـی‌ات
مـن پـی عشـق تـو شـده‌ام ای جـوان‌روش
خوردم قسـم بـه حسـن ده و چـار سـالی‌ات
یـک بوسـه‌ای کـرم کـن از آن سـاغر لبـان
مـیلان تـرا و عمـر خـوش‌اقبـالی‌ات
«ئاسو» به رندی شد افسانه‌ی آن پایتخت شوم
همچـون ادب کُـردی شـیدا و نـالی‌ات

تهران، پاییز ۹۱

# فکر پروین

زندگی با همه تلخی‌اش بسی شیرین است
چونکه میراث رفیقان صف دیرین است
زندگی عاطفه و عشق به هم زیستن است
نه عناد و ستم و قهر و عذاب و کین است
زندگی دید فروغ است و نگاه سهراب
زندگی بارقه‌ی چشم ادب پروین است
در جوانی تو اگر صرفه ز عشق نبری
عهد پیریست به زیر کف پا چون مین است
حیف از آن چشم و رخی رشک گل نسرین بود
زیر رگبار زمان صاف چروک و چین است
آنکه در تخت پر قوی نمی‌بردش خواب
خوابش اندر تشک خاک چرا سنگین است؟
شاعری کاو خبر مرگ عزیزان شنود
محتوای غزلش خشک و به خون رنگین است
حلقه زد اشک به چشمان قلم چون پروین
آخرین منزل هستی به خدایت این است
عاقبت میوه‌ی این زندگی مرگ است و فنا
تا نگویی که افق در غزلش بدبین است

بوکان، ۱۳۹۱/۵/۷

## مەیخانەی مەسیح

خۆزگە بەو ڕۆژەی منیش دڵداریٚ غەمخوارم هەیە
سوێندی ناویٚ گەر بڵێم من جوانترین یارم هەبوو

گەر پەپوولە بۆ شوعاعی شەم دەسووتیٚ باڵەکەی
شەمعی من عەینی پەری بوو نووری بیٚنارم هەبوو

ئەو سوهەیلی بەربەیان بوو گرپەهاویشت چاوەکەی
من لە چاوی ئەو چرای ڕوون بۆ شەوی تارم هەبوو

وەک مەلی کۆچەر شەویٚ هات نیشتە سەربانی دڵم
خۆ بە لای خۆی تەجرەبەی پاییز و کەوبوارم هەبوو

کەی بە سەر دەرد و خەم و پیری و نەداری و ترسەوە
قەد لە بەر توغیانی عیشقی زەڕڕەیەک کارم هەبوو

ئەو لە ترسی وشکەڵی دین باغی دڵمی هەڵبژارد
من لە نێو باخچەی ئەوا جێژوانی گوڵزارم هەبوو

ئەو لە ترسی داری حەد حەدد و حودوودی ڕادەگرت
من لە سای زولفی تەنافی ئارەزووی دارم هەبوو

ڕۆژ لە بادەی لێوی ئاڵی مەجلیسم شاهانە بوو
شەو لە مەیخانەی مەسیجی جامی سەرشارم هەبوو

تازەمان کۆنتر دەبوو بادەی خەیاڵمان کۆنتر و
چونکە من تەبعیٚ لەچەشنی فەڕشی هەوشارم هەبوو

داخەکەم ئەو باڵی نووری بوو بەرەو «ئاسۆ» فڕی
من بەجیٚمام چونکە لاقێکی شەل و خوارم هەبوو

بۆکان ١٣٩١/٦/١٤

# مەگەر نەتکوت

لە بیرت دێ کوتت تۆ ماسی و من چەشنی دەریاتم
کوتت ماڵی دڵم چۆڵە و منیش بێ‌سێ‌ودوو هاتم
ئەتۆ دەستی دڵت گرتم ئەلەرزێ تا لە پیریدا
ئەتۆ دەتکوت لە دانیشگای ئەوین هاودەرس و هاوتاتم
ئەدی بۆ ساڵە جارێکیش پەیام و نامەیەک نایە؟
مەگەر نەتکوت ئەتۆ مەجنوون منیش تاقانە لەیلاتم
بە قوربانی ئەوینت بێ ڕەدیف و قافیەی شیعرم
بە سووکم هەڵمەسەنگێنە ئەگەر موحتاجی دەرگاتم
لە بازاڕی موحیببەتدا هەمیشە سواڵکەری عیشقم
لە نێو شاری ئەوینداری بە وێنەی شای کش و ماتم
نزیکەی نیوەقەرنێکە خەریکی دەسکەنەی دەرسم
کەچی ڕۆیی بە فیڕۆیی هەموو دەسڕەنج و داهاتم
ئەتۆ وەک تەیرەکەی گەرمێن لە وەرزی شەختە جێت هێشتم
منیش هەر چاوەڕێی وەرزی بەهار و فەسڵی گەرماتم
دەڵێی ئازادی کوردانی کە وا لێم بوویتە ئەفسانە
ئەمن وەک یاوەرانی گەل بە ڕۆح کڕیاری سەوداتم
پەرپووەی دووروڵاتانی و لە یەکتر دابڕان گیانە
دەڵێی دۆکوڵیوی پوورمانە دەڵێ هەرچی دەکەی پاتم
ئەمن «ئاسۆ»ی خەمی کوردم بە ئاسۆی چاوی تۆ قەستەم
نزیکە گەل ئەجاتی بێ و بگەم ئەمنیش بە ئاواتم

بۆکان ١٣٩١/٦/٢٤

# دەزووی کۆلارە

زۆر لـەمێژە لێـڵ بـووە چـاوی دڵـم لـەم شـارەدا
کـێ بـەهیوای دەرد نییـە لـەم شـارە پـڕ ئـازارەدا
یـەک‌بەیـەک تـاری پەراسـووم هـەر وەکـوو سیم دەرکـەوت
کـەس نـەبوو جارێـک بهێنـێ پەنجەیـەک بـەم تـارەدا
ڕەش بـووە پـەردەی خـەیاڵی پەنجـەرەی شـیعری تـەڕم
ناهومێـدی دێ و لـە پشـت ئـەم پـەردە خـۆی حاشـارەدا
مـاڵی پیـری ئـاوەدان، ڕووی مـووی ڕەشـی کـردم سـپی
خـۆ دەنـا ڕەش‌بـین دەبـووم لـەم خاکـە چـوارپێنج پـارەدا
هەر کەسـێ دێ باسـی مـافی گـەل بکـا وەک گـورگی هـار
دەم دەنێنـە حەنجـەرەی، کـێ حـەق بـە گـورگی هـارەدا
تـاقمێ دۆڕاو بـڕێ گـۆڕاو گـەلیش بـێ‌دەسـتەڵات
بێ‌هـەدەف دێـن و دەچـن لـەم نـاو خـەتی پـەرگارەدا
ئەسپی ئاوەزیان بە تـەنیا لنگ ئەدەن وەک کـەس نـەبێ
مـافی گـەل پێشـێل دەکـەن بـەخودا فەقـەت لـەم غـارەدا
هـەر بـە تـەنیا عاشـقانی دڵبـەسـۆن پەروانـەوار
دەوری شـەمعی خـاکی کوردیـان داوە لـەم شـەوگارەدا
گـەرچی هـەر سـووتانە دەسـڕەنجی پەپوولـەی عاشـقیش
یـان بەشـی تاراوگەیـە لـەم خاکـە پڕئـاوارەدا
چ بکەم ئەو تیشکەی کە «ئاسۆ»ی ڕوون دەکرد نووری نەما
نـوور چلـۆن دەکشـێ بـە سـەر بـاڵی دەزووی کـۆلارەدا

ورمێ، ١٣٩١/٦/٢٤

# سەوزەدار

ئەگەرچی زاهیرەن لەم شارەدا شەخسێکی ناسراوم
وەکوو ئادەم لەسەر دەنکێ گەنم پابەندی سەد داوم
دڵم باغی ئەوینێکی تەڕ و سەرچاوە ویشکاوە
کزەبای پاییزی پیری گەمارۆی باغەکەی داوم
کە زریان دێ هەوای پاییزە لێدا من سەراسەر گوێم
کە یاریش لێوی پشکووت چەشنی گوڵ من سەربەسەر چاوم
دەڵێی مەحوی لە باخچەی شیعری پیریم دا هبووتی کرد
کە وا ئەمنیش بە پیری هەڵوەدای یەک دڵبەری لاوم
دەڵێم بگریم هەتا بکوڵێم بە تینی ئاگری ئەسرین
کەچی تا چاو لە چاوی دڵ دەکەم هێشتاکە هەر خاوم
لە پاییزدا گەڵای زەردم لە ژێر پێ جوانترە چ بکەم
لە سەر ئەم ڕوانگەیە دایم فەقیر و سووک و بێدراوم
لە بەینی زێڕ و زێو و پووڵ و پایە لەم جیهانەیدا
قوماری عاشقانەم هەڵبژارد و دایمە دۆڕاوم
عەجایەب سەیرە ئەم زانکۆی ئەوینە کەس قوبووڵ نابێ
ئەگەرچی زاهیرەن وەستای ئەوێنم و ڕێگەیان داوم
دەیان ساڵە لە بەر دەرکەی بە مەشرووتی و بە مەردوودی
بە تاسەی مەرحەبایێکی دەڵێی بۆ نمرە وەستاوم
دەسم ناگاتە داوێنێ و دەمم ناگاتە سەر لێوێ
کەچی بەم حاڵە تا مردن بە یادی لێوی لاولاوم
هەتا بای خۆشەویستی ڕابژێنێ داری سەر«ئاسۆ»م
لە وەرزی ویشکەساڵیشدا ئەمن هەر سەوز و تێراوم

بۆکان ١٣٩١/٧/٢٥

## دەرفەت

غـەیری جـوانی نییـەتی بـاغی ژیانمـان سـەمەرێ
کێ ئەقڵدارە ئەگـەر بـەهرە لـە ئـەم جوانیـە بـەرێ
چوویە گوڵزار بەر و باخەڵ دەبێ پڕ کەی بە پەلە
عومری گوڵ کورتە لە پاش حەفتەیەکی هەڵدەوەرێ
کێ دەزانێ گـەڕی گـەردوون بـە چ بـارا دەگـەڕێ
غەمی داهاتوو لە سەر دەر کە لە غەم بێرە دەرێ
گەلێ کەس بیری بەیانی لە سەرا بوو کە خەوت
بەربەیان هات و کەچی لەو نەبوو شوێن و ئەسەرێ
ژیـن وەکـوو مەدرەسـەیە چەرخی زەمـان مامۆستای
دەرسی ئەمڕۆکەتە پایەت کە پلەت بچتە سەرێ
بـۆچی ئەمڕۆکـە ئـەدۆڕێنی زەمـان زێـڕە بـڕا
دوێکە ڕابورد و لە سبحاش نییە لای کەس خەبەرێ
گـوێ لـە تـاری دڵـی ئاشـق بگـرە و سـۆزێ بڵـێ
تـا بـە میزرابی غـەمی ژیـن تـەلی قـەلبت نەلـەرێ
هەرکەسێ هاتـە سـڵاوت تـۆ مەڕەنجێنـە دڵـی
گـەر بـە چـاو عاشیرەتی کرد بـە زمـان بێژە ئـەرێ
من کە تا هەم جگە لە جوانی نەبوو قیبلەیێ بۆم
غـەزەلم بـۆچ بکەمـە پێشکەشی هـەر بێهونـەرێ

وەختێ ڕادەبرێ تەمەن فەرقی چییە زۆر و کەمی
هەر کەسێ ڕاینەبوارد تەپلەیەکی چۆتە سەرێ
سینگی «ئاسۆ» مەکەنە کونکونی تانە و تەشەران
وەرزی پیریش بەخودا بێ دڵ و گوڵ ناگوزەرێ

بۆکان، ۱۳۹۱/۷/۲۵ نەورۆز

# ئاوابوونی عیشق

خۆزگە بەو ڕۆژەی نەکا ڕازی من و تۆ دەرکەوێ
ئەو دەمەی گەر ببمە ئاوی زیندەگی کەس نامیەوێ
چونکە من لەم عەسرەدا لافی ئەوینم لێ ئەدەم
عاشقی تاوانە خەڵکی کوشت و کوشتاری دەوێ
گەر کچێ مووی دەرکەوێ تاوانە ماچ هۆی قەتڵیە
خۆتەقاندن فەرزی عەینە و عاسمان پێی نانەوێ
سەد ئەنیشتەینت بە قوربانی دۆعای کۆمەیل کرا
کارەبا و تەکنیک و فیزیک لایەلایەن بۆ خەوێ
کەشفی تی‌ئێن‌تی لە بۆ بەرد بوو نەوەک کۆمەڵ‌کوژی
ئێستە دینامیت لە قەبریش‌دا خەوی لێ ناکەوێ
قوڕ بەسەر ئەو عالەمەی بۆ جەهلە بەهرەی عیلمەکەی
ڕۆژی گەل تاریک ئەبێ پێی هەر وەکوو نیوەی‌شەوێ
جا لە عەهدێکا ئەتۆم قاچاخە بۆ ڕۆشنگەری
خۆزگە بەو عەسرەی شەڕی ساردی ئەمیرکە و مەسکەوێ
سیفر و یەک دونیای لە یەک هاڵاند و کاک و دادەکەم
تازە لە سپێدە و مەلای نەشکانی دەس‌نوێژی دەوێ؟
هێندی‌ئاسا دەفتەرم پڕ کردووە و لێم ڕوون نەبوو
ڕەوتی کچ لام جوانترە یان ڕەوت و ڕۆی سوێسکە و کەوێ
حاجی نەقدی خۆی بە قەرز ئەفرۆشێ، «ئاسۆ»! وا مەکە
ئەو بەهەشتەی گەر بە پووڵ و پارە بێ من نامەوێ

بزکان ۱۳۹۱/۸/۱۹

# ژن

ڕاستە مانای خۆشەویستی عیشقە، عیشقیش سووتنە
هیچ دەزانن مەنبەعی ئەم سۆز و عیشقە هەر ژنە؟
ژن لە نێو شیعری منا کوا جیسمە؟ ڕۆحە پاکییە
من بڵێم چی ڕۆح لە نێو چارشێوی ئەندامدا ونە
تاوەکوو غونچەن بە نازیان بولبولان شەیدا دەکەن
هەر کە پشکووت دایکە ئیدی ژین لە لای ئەو شیرنە
تا کچە جەرگت دەکا جنجن بە شمشێری مژۆڵ
بوو بە دایکیش جەرگی خۆی بۆ ئێشی کۆرپەی کونکونە
تا بزەی دایکێ نەبێ هیچ قارەمانێ پیاو نییە
باوەشی دایک نەبێ منداڵ لە کام جێ ساکنە
زۆر لە نیوەی زیاتری کۆمەڵ ئەوانن داخەکەم
مافی ژن پێشێل دەبێ کوا سووچ و تاوانی منە
هەر کەسێ هەستی ئەوین و گەورەیی ژن هەست نەکا
ژینی خۆی تاریکە هەر وەک خانوویی بێ ڕۆچنە
تای تەرازووی ژین هەتا مەحشەر وەها لاسەنگ دەبێ
ژن لە مەکتەب دەرکەی و بیکەیتە مەسئوولی پنە
بۆ ئەوین و خۆشەویستی نەرمە گەر سینگ و دڵی
گەر دڵی بشکێ لە شیشەش تیژترە وەک ئاسنە
شیعری «ئاسۆ» هەر وەکوو گوڵزارە باسی گوڵ دەکا
بۆیە پاکی بووەتە لاولاو و گەزیزە و سوێسنە

بۆکان ١٣٩١/٦

## چەپگەڕی گەردوون

غەمی ژین نایەڵێ ئاسوودە بژین ساقی وەرە
ژەنگ و ژاری دڵەکەم بەو مەیە ئاوڕێنە بەرە
مەی نەبێ کوانێ دەروونمان لە درۆ خاڵی دەبێ
مەی نەبێ داری وەفا و عەهدی ژیان بێسەمەرە
بە خەویش وەسڵی گوڵ و دڵ نییە مومکین ئێستا
چت دەوێ کاکە لە ئەم ژینە کە هەر دەردیسەرە
کچی شاخواستنە ئاواتی چەلێ مەجلیسی خۆش
دەنگ و ڕەنگیش ئەگە دەگری پڕی ناخۆش خەبەرە
لە فەڕانسەش کچی کورد گوڵلەیە مافی، چ دەکەی
لە وڵاتێ کە مەکۆی لەززەت و مافی بەشەرە
یان دەبەستێ وەکوو باز چاوی بە چاویلکەیە ڕەش
چاو بقونجێنە ئەتۆش شێخە چ وادەی نەزەرە
ساردەبا گەرمی لە نێو دڵ بە قەدەر ئاهێ نەهێشت
عەقرەبە ئەورۆ گەماڕۆدەری بورجی قەمەرە
لێی گەڕێ با گەڕێ گەردوون بە چەپا هەر بگەڕێ
دڵی ئەم میللەتە خۆ هەر پڕی خۆفە و خەتەرە
ئەوە چەن ساڵە ئەوینمان هەموو قاچاخە برا
باغی ئاواتی گەلی مە هەموو داری ئەگەرە
فورسەتە ساقی لە بادەی غەزەلی «ئاسۆ» کەمێ
تێکە بۆ ئەهلی دڵ و کیژ و کوڕی ئەم دەڤەرە

بۆکان ۱۳۹۱/۱۰/۲۸

# رازی بن پەردە

لە هەر شوێنێکی دەڕوانم وەکوو دڵ پڕپڕی دەردە
پەنام بۆ هەر دڵێکی برد لە خاندم هەر وەکوو بەردە
کەچی بەم حاڵەوەش هێشتا دڵم پاییزی پێ جوانە
بەڵێ عومریش لە پاییزدایە ڕەنگی سەوزەکان زەردە
تەماشای هەر وڵاتێکی دەکەی هەر جوانیە و جوانی
ئەگەر سوورە، ئەگەر سەوزە، ئەگەر جووتە، ئەگەر فەردە
بەڵام ئەی داخی‌داخانم نەیارم حاکمە ئەمڕۆ
ئەوی موحتاجی میهری بووم هەمووی نامەردی نامەردە
لە تارانا ئەگەر مووسای کەلیم بێ مووسەوی‌ئاسای
دڵی کەرڕووبیانی لای خوداش پڕخەوش و پڕگەردە
چەڵێ تورکی ئەناتۆلی دەڵێ لە زمانی تۆ ناگەم
چەلێکیش لای جەبەل‌حەمرین گەلی ئەعرابی هاوەردە
منیش چاوم بەغەیری جوانی یار هیچ ڕەمزێ نابینێ
کەچی مەیلی دراوسێکان لەحاندی من هەمووی سەردە
نزیکەی نیوەقەرنێکە دڵم غەمباری ڕازێکە
دەڵێم ئەمشەو لە تارانا لە ڕازم هەڵگرم پەردە
دەسێ نەتوانی ماچی کەی برالە بۆ بڕین باشە
هەتا کەی شەشدەری و ماتی لە نێو شەترەنجی ئەم نەردە

هەتا کەی جوانپەرەستی و مافی ئێمە ئاشکرا نەکرێ
هەتا کەی دۆستی دوژمن بین و هاورێی تاقمی جەردە
دەبێ رۆژێ کە رووناکی لە «ئاسۆ»ی ئێمەشا هەڵبێ
بڵێن ئەی غەم برۆ ئیدی دە دەست لەم میللەتە بەردە

تاران ۱۳۹۱/۹/۱

# غەریبی نیشتمان

هەرچی دەعبای کێوییە گشت گورگ ئەناسن مەڕ نەبێ
دز خشەی پێی هەر دەناسرێ بێت و کابرا کەڕ نەبێ

بەردی بنچینەی هەموو ئەو دەستەجاتە تێک دەچێ
گەر بە گوفت و کردەوەی خۆیان بە دڵ باوەڕ نەبێ

وا لە شاری هەڵمەت و قوربانی تەنیا و بێ‌کەسم
ئەو هەموو خەڵکەم لە کن نائاشنان ئەزمەڕ نەبێ

چون ئەوەی شاخ و چیای ئەم خاکە پاکەی خۆش نەوێ
سەیر نییە بەم گشت گەشە چاوی لەخۆشیان تەڕ نەبێ

دەچیە هەر شوێنێ برایی و هەستی یەکڕیزی دەکەی
ڕۆژبەڕۆژ قایم‌ترە گەر هەستی زێو و زەڕ نەبێ

وا هەمیسان لەو بەیانیانەن کە تینووم بۆ غەزەل
ناشکێ تینوویەتیم ئیللا بە شیعری تەڕ نەبێ

ڕامیاریش بەهرەیەکی عیشقی تێدا هەر هەیە
هەر یەکن عیشق و سیاسەت پیاو دەبێ بەدفەڕ نەبێ

سەرچنار بانگم دەکا و دڵ باغی گشتی لێم دەوێ
چاو دەبێ لێڵ گەر تریفەی سینگی وەک مەڕمەڕ نەبێ

خۆ دەزانم خاکی من ئەمدیو و ئەودیوی یەکە
گوێی دڵم زۆر سووکە «ئاسۆ» گەر سەدای سەگوەڕ نەبێ

سولەیمانی، ۱۳۹۱/۹/۲۹

## حەسرەتی رابردوو

هێندەمان حەسرەت بە دەورانی لەوەو پێش خواردووە
دڵ لەگەڵ خۆشی بە جارێ خەتتی خۆی هەڵبواردووە
سەرشوماری عاشقانی بێبەشی کرد شای ئەوین
دیم لە پێشدا نێوی منیان بەر لە گەل ئەژماردووە
شەو ڕەشی وا ڕشتە سەر نامەی هومێد و عاشقیم
سوورەگوڵ سەد قاقەزی بۆ ناهومێدیم ناردووە
تۆ ئیلاهەی خۆشەویستیت بۆ لە هەستم ڕەو دەکەی؟
حەزرەتی حەز خۆی دەزانێ خۆم بە وی ئەسپاردووە
خۆشەویستی دەرسی دانشگای دڵی بێچارەمە
دوژمنی و کینەش لەمێژە خۆی لە من داشاردووە
زۆر لەمێژە ڕەنگی سوور و شین فریوی دڵ ئەدەن
ئەو دڵەی من خوێنییە و قەت ڕەنگی خۆی نەبواردووە
پێتی دەبژێرم دەڵێ کەم کەی لە باغی من گوڵێ
گوڵچنی باغیم کەچی یەک دەنکی پێم نەبژاردووە
تا قیافەی تۆ دەبینم لێم دەشێوێ قافیەم
قافیە خۆی موشکلێ بوو دیارە هی ئەمجار دووە
ڕۆشنی «ئاسۆ»یە وا ڕەش هەڵگەڕا وەک ڕەنگی خۆم
هێندەمان حەسرەت بە دەورانی لەوەو پێش خواردووە

مەهاباد، ۱۳۹۱/۱۰/۱۳

## هوای هجرت

امشب دلم گرفته و هجرانم آرزوست
خشکیده‌ی هجران یارم و بارانم آرزوست
قلبم گرفته در این خاک مهربان خویش
یک‌دفعه قصد هجرت تهرانم آرزوست
از بس غم بی‌نظمی اوضاع خورده‌ام
آن جلوه‌ی موزون جالب میلانم آرزوست
دیری است شعری پر از شور دوگوشم نکرده حس
آن شعر تر و تازه‌ی راژانم آرزوست
از بس ز چشم فریبای جهان چشم داشتم
ترک لذایذ هر دو جهانم آرزوست
قند دلم نزد آب به قند و گلاب و شیر
یک جام تلخ بوسه‌ای از آن لبانم آزوست
هرچند موی سفیدم به سکوتی بخواندم
اما جوان عشقم و میدانم آرزوست
همچون گدایی است طلب کرده‌ام دراز
آن چیز کنی مرحمتم آنم آرزوست
اما به یکی شرط به «ئاسو» بگویی تو
من هم غزل شاعر بوکانم آرزوست

بوکان، ۱۳۹۱/۱۱/۲۲

## غروب دلداری

خنده‌ها بر لبم ز اجباری است
بی‌تو حتّا بهار تکراری است
ابرها هم سَتروَن گشته‌اند
کار اسحاب هم ز بیکاری است
رفته رنگ از رخ بوته‌ی گل‌ها
بلبلان نوایشان ز بیزاری است
سایه‌ی عمر ما دراز شده است
صبح عقل و غروب دلداری است
تو در آن سوی آب‌های شعری
ماندنت در خفا ز بی‌عاری است
پای‌بند خاک غریب خودم
مرزهایم به زیر پا ماری است
اگر از انحطاط می‌ترسی
بدان که دوره عصر بیداری است
من نیایم تو خواهی آر، برگرد
دوری از آب و خاک بیماری است
گر بپرسی هنوز عاشقمی؟
پاسخ رگ رگِ دلم آری است

## مژده

قاصدی داد به من مژده که او می‌آید
لب پر از خنده و با جام و سبو می‌آید
چه کسی باور این امر مُحالی می‌کرد
آبِ از جوی شده باز به جوی می‌آید
راز ما را نتوان کرد نهان ای رفقا
چونکه افشاگرِ اسرار مگو می‌آید
همچو سهراب ربوده است همه خواب و خورم
آن نسیم که از آن سبز پتو می‌آید
قلمم رقص‌کنان شعر تر و تازه دهد
گلِ تهرانیم آن غالیه‌مو می‌آید
تا کی اندر قفس هجر غم و غصّه خوری
دود شد ماه سِفند و سمنو می‌آید
صله‌ی شعر تو یک بوسه‌ی تَر زآن دهن است
که از آن زمزمه‌ی ضدّ عدو می‌آید
غم «ئاسو» نه غمی است که درمان نشود
شادمان است که آن عربده‌جو می‌آید

بوکان، ۱۳۹۱/۱۲/۸

# شیعری پتەو

خۆزگـە بـەو ڕۆژانـە وا مـابوون گـەلی سـوارەی بـدەو
شـەپکە تـا تونـدتر دەبـوو شـلـتر دەبـوو دەسـتەی جلـەو

خۆ چەلان چابوو لـە کوێـستاندا بـە ڕاوێ نەشـئە بـووین
ئێسته کوێـستان چـۆڵ و هـۆڵـە و تیـا نـەماون خاسـەکەو

یـادی ئـەو یارانـە ڕۆیـین ئێسـتەمان لـێ تێـک دەدا
خـۆ دەنـا ژیـن بەردەوامـە هـەر وەکـوو خـۆی ڕۆژ و شـەو

هـەوری ڕەش هـەوری بـە سـەر پەلکەی چنـارا دا بـە زۆر
دەست و لاقی ئەسـپی ئـاوەز هـەر سـەقەت مـاوە و جـدەو

لێـرە سـوڵتانی ئـەوین قـۆڵبەسـت کـراوە و بەندەیـە
هەر وەکوو شـامی دەفـەرمێ مـوڵکی بێسـوڵتان خـەدەو

چـۆن دڵـم خـۆش بێ بـە فێـڵ و فەرتەنـەی قـەومی درۆ
تیـپی لاویـش هێنـد خـەواڵوون تـازە هەڵناسـتن لـە خـەو

یـا دەبێتـە حـەزرەتی زولـرپیش و بنیـادەمتـەقێن
یـان دەبێتـە هـەڵوەدای پـاریس و بلفاسـت و ژنـەو

گەر دەڵێی مـەحوی لـە نێـو ڕۆحـی غـەزەلیا چی دەڵـێ
ئـەو دەڵـێ بـودلێر و یاکوپسـن دەناسـم مـن نـە ئـەو

وەی کە یارەب چەندە بێکەس ماوە دونیای شیعری کـورد
بۆیـە «ئاسـۆ» ڕوو دەکاتـە سـەر زەوی شـیعری پتـەو

## کرمی خۆیی

خـەو لــە چاومــدا گسـک دریــاوە ســاقی بــا دەوە
ماری غـەم ئاڵقـەی لـە سـەر دڵ داوە بـەم گشت یادەوە
دەورە بــا هــی مــەش نــەبێ ئـەم دەورە جـامێ تێکـەوە
تــا ســەمای سـۆفی ببیـنن زار بـە فـووی ئـەوڕادەوە
چەرخەکە هەر چەپ لـە بۆ چینی هـەژاران سوورِ ئـەدا
چاوەڕێی چـی تـۆ لـە نێـو ئـەم قـاتی عـەدڵ و دادەوە
کەی وەفای بـۆ کـێ بـووە دەوران لـە کەیخەسرەو گـەڕێ
شـیرینی عیشـقە بــە تـاڵی ڕەنجەکـەی فـەرهادەوە
تاکوو یەکڕەنگ بێ ژیان تـۆ هـەر بـە یـەکڕەنگی بژی
لێـی گـەڕێ سـەددەنگەکان بـا بچنـە ئەوبـەر جادەوە
کوا ئـەوان دەسـتیان دەگـا هـاوڕێی دەمێـکی ئێمـە بن
دایمـە سـەرگەرمن بـە دەسـتی دایـەرە و ئەسـنادەوە
ڕۆژ لەسەر بەرماڵی نوێژ دەستیان بـەرەو ئاسمانە هەر
شـەو لەگـەڵ سـاقی ئەسـیر مـاون بـە جـامی بادەوە
گەل لەنێو حەڵقەی هەڵە هەر گێژ دەخۆن و دێ و دەچن
سـەر لـە گـەل زۆرتـر دەشێوێ بـەم هـەموو ئیرشادەوە
کرمــی داری هــەر لــە خۆیــە ترســی بێگانــەت
حـاڵی «ئاسـۆ»ش حاڵـەتی ئـەو ئاسکەیە هـاڵا لـە داو
کـەس گرێـی ناکاتـەوە حـەتتا لـە کـن سـەییادەوە

سولەیمانی، هوتێل پەرێز
٢٠١٣/٣/١

## ساڵیادی موقبیل

شەپۆل کاتێ لەسەر چۆمی دەڵێ قامەت بە گوێی دارا
دەبێ سوجدەی بەری بۆ کێو لە زەردی خۆری ئێوارە
ئەوەی لەو کێوە سەربەرزانە ڕووی داوە هەتا ئێستا
قەڵەم بۆ شەرحەکەی کۆڵە دەبێ هەر بێ بە سەر زارا
دەبێ فەرهادی کوردی بی و لە کێوی بێستوونی غەم
بکێشی نەقشی شیرینت لە سەر سەفحەی دڵی خارا
دەزانی بۆچی کەژوان عاشقی ئەو شاخ و کێوانەن
هەزاری وەک سکەندەر لەشکەری بەو تاشەوە تارا
لە شاری ئاسن و سیمان و هاڕە کەڕ دەبێ گوێچکە
کەچی لەم کێوە قاسپەی دەچێ بە گژی هەرای شارا
لە بن بەرد بەردی ئەم کێوانە هەڵدەقوڵێ زنەی یادێ
کە دەستیان دا بە یەک چۆمن بەوان تێراو دەبێ سارا
بە ئەو کەژوانە لاوەی سوێند کە لۆتکەی لا وەکوو گرد بوو
دەبێ مەشهوور بێ ئەم خاکەش وەکوو تاڤگەی نیاگارا
خەمی ئەو کۆچە ئاسانیش نییە چارەی بکا شیعرێ
وشەم سرکن بەڵام چ بکەم دەیانگۆڕم بە سەد بارا
هەتاکوو ببنە مووروو بیکەمە گەردانە شیعرێ سوور
بە دەستی خۆم هەڵیواسم بە بەر سای گەردنی یارا
کە «ئاسۆ»ی ئەم کەژ و کێوانە دەبنە قیبلە بۆ شیعرم
منیش بۆ لووتکە هەڵدەکشێم لە کێوی سەختی ئەشعارا

ساروقامیش ۱۳۸۷/۸/۲۰

# عیشقی پیری

هەمیسان ماتم و پوورەی خەمێ کۆن دەورەیان داوم
نە هێزی پێکەنینم هەن نە سۆمایی چەلان چاوم
وەتی من دێتە بیرم پاییزە وەرزی جودایی من
ئەرێ توخوا لە دەست ئەم گشتە جەورە چۆنە هەر ماوم
بە یادی چاوی یارێ چاوەڕێ بووم بۆ پشوو سالان
تەواوی کاتەکەم ئێستا پشوون ئاخ عومری فەوتاوم
دڵم چەشنی چەلان قەت جەزبی چاوی عاشقی نابێ
ئەرێ توخوا بڵێی بۆ وام بە سەر هات؟ یانی پیراوم؟
قوماری ژینی دونیاییم بە دەرزی و دوگمە دەست پێکرد
یەخە و بەرویی لە من داخست و من نەمزانی دۆڕاوم
وەرە با من بە شوعلەی چاوی تۆ ڕۆشن بکەم ڕێگام
جەحەندەم پیری‌یە و ڕیسوایی خۆ من تازە بەدناوم
ئەگەر زوقمی دەمەو زستانی مەزرای مووی سەری گرتووم
بەچاوی تۆ قەسەم ئێستەش بە دڵ پێم وایە هەر لاوم
لە کاتێکدا تەمەن پاکی بەشی یەک عاشقی ناکات
لە نەفرەت چۆن نەکەم خاڵی خەیاڵی خاو و شێواوم
هەتا بەژنی ئەتۆ چەشنی چنارێ بێتە بەر چاوم
منیش بۆ تێوەهالانی بە عەینی عەینی لاولاوم
بەلام لەم عەسردا دەورەی قسەی بێ‌وەزن و بێ‌تامە
ئەمن چ بکەم قسەم قورسە و لە ئەو سووکانە جێ ماوم
لە نێو بازاڕی کوێران ئایەنەم داناوە بیفرۆشم
چ سەوداییکی بێ‌سوودە؟ بە پیریش ئێستێ هەر خاوم
ئەتۆ ڕووناکی ڕێگەی شیعری «ئاسۆ»ی خۆت بە سووک مەگرە
ئەمن مەزرایەکی ویشکم بە هەستی تۆیە پاراوم

سەقز، بەهاری ١٣٨٧

# زمانی گوڵ

لە مەزرای چاو و باخا چاو کە دیتی باخ و چاوە و دار
خورەی ئاوی شەتاوان دەبنە ئاهەنگ بۆ دڵەی خەمبار
ئەدی بۆ هیچکەسێ لەو باغ و ئاو و چیمەنەی نایێ
لە دار و باخ و ئاو و گوڵ بکا وەک نابەڵەد پرسیار
بڵێ سونبوڵ! ئەرێ چەند وەرزە هەر ساڵ لێرەدا شینی
گوڵاڵە! تۆخودا چەند ساڵە دەبیە شەوچرای گوڵزار؟
ئەتۆش شیلان! چەنای چەن ساڵە ملوێنکی ملی باخی
ئەرێ گێوژ! چیە ڕەمزت لە پاییز دەبیە خاوەنبار؟
ئەرێ کانی! ئەتۆ فرمێسکی چاوی کامە مەجنوونی؟
لە ڕۆژێکدا کە لەیلایان بە شوو دا و تێکی نا کۆچبار
لە سووری ڕووی گوڵاڵە و سپیەتی کانیاوی ئەم خاکە
لەگەڵ سەوزی دەر و دەشتی دەڕسکێ پەرچەمی دڵدار
هەتاوی ڕوونی دوارۆژیش لە عاقڵ چاو دەقرتێنێ
لەسەر ئەو ڕەنگە سێ برالە لە سابڵاغ چوونەتە سەردار
بە عیشقی نیشتمانم سوێند ئەوین گەر بوو بە دەسمایە
لە سەر تا پا زەرەر بێنی بە چاوت دەبیە گەوهەربار
گوڵی جوانم بەهەشتی جاویدانی خاکی کوردانە
لەبەر جوانی سروشتی دەیکەنە دووقاش و سیان و چوار
منی «ئاسۆ»ی لە دەسما گەرچی بایە بوومەتە سولەیمان
زمانی گوڵ دەزانم نەک زمانی تەیر و موور و مار

ئارەنان ١٣٩٢/١/٢٣

# لۆتکەی غەزەل

ئەودەمــەی دەروازەکــانی گاڵــە دەدرێــن شــاری دڵ
تێـکدەشـێوێ و نایەتـە سـەر بـاری ڕاسـتە کـاری دڵ

ڕێگـە هـەر دوورتـر دەبـێ و لارێ دەبێتـە ڕاسـتە ڕێ
وا لـە کـۆک خـاریج دەبـێ ناکۆکـە دەنگـی تـاری دڵ

چەشنی بەرخی دوور لە دایک و ڕان لە شیوێکدا بە شەو
گـوێی فریشـتەش کـپ دەبـێ بـۆ بیسـتنی هـاواری دڵ

ئەی خدر! کوا دەستی نـەرمت بێتە هاوڕێی پیلی مە
تـا نەبێتـە پـووچ و ئەفسـانە لـە نێـو ئـەفکاری دڵ

مـن دەزانـم تـا نیگـای چاوێکی یـاری جوان نـەبێ
ڕۆشــنی قــەت ناکەوێتــە تیرەگــی شــەوگاری دڵ

دەردی وام دیـوە کـە دەرمـانی لـە کـن عیسـاش نـەبوو
عاقیبـەت چابوو لـە سـایەی سێبەری سـەرداری دڵ

وەی خوداوەنـدا ئەگـەر دەرمـانی وەک هـی وا نـەبا
ناهومێـدی چـۆن دەکەوتـە گـوڵوشـەی ئاسـاری دڵ

گوڵ نەبێ و بولبول نـەبێ ساقی نـەبێ و مـەی بێ مەزە
کـوا جیلـوە و جریـوەی تـێ دەزێ گـوڵزاری دڵ

نـا مەترسـێ تـا ئـەوین مـابێ و کـچ و لێـوی قەڵـەم
نەخشـی ناحـەز نایەتـە سـەر قاقـەز و پـەرگاری دڵ

غـەیری نێـو لۆتکـەی غـەزەل «ئاسـۆ» پـەنایی دی نییە
ئـەو دەمـەی غـەم مـەوج ئەخاتـە بـەحری بێلێـواری دڵ

سنە ١٣٩٢/٧/٩

## هەمیسان پووشپەڕ

سەرکوتی کەن هەستی هەر کەس فێری بێعاری دەبێ
دەرد ئەگەر دەرمان کرێ کوا دەردی کەس کاری دەبێ
تا دەبینم چاوێ تامەزرۆی نیگای چاوی ئەوین
گڕ لە هەستم بەر دەبێ و کانی غەزەل جاری دەبێ
لەم وڵاتە گەر ئەوین زیندانی بێ هەستی نەکەن
جێگە شمشیری زمان کوا هێندە ئازاری هەیە
خۆزگە بەو ئامێزە وا بۆ خۆشەویستی ئاوەڵان
خۆزگە بەو چاوەی لەگەڵ دڵ فێری هاوکاری دەبێ
چاو دەبینێ و دڵ دەناڵێ و حەیفە بەندی بێ زمان
گەر زمان ئازاد نەبێ گەل تووشی بێزاری دەبێ
دەردێ سەختە گەر زمان گوفتی دڵت لێ تێک بدات
پیاو لەگەڵ خۆی ڕاست نەکا کوا فێری دڵداری دەبێ
قەت مەترسێ لەو شەتاوەی ڕوو بە دەریای دڵ دەچێ
دڵ هەتا ئاشق نەبێ کوا هەستی ڕۆباری دەبێ
باسی نامەردی و هەزاردەنگی حەسوودان هەر مەکەن
یان مەچۆ نێو شاری ماران یانە مار ژاری دەبێ
وا هەمیسان مەوجی تاوی پووشپەڕە و خوێن هاتە کوڵ
تینەکەی هێند سەختە تا کورد مابێ ئاساری دەبێ
هێند بە ئاسانی هەموو شت بۆ دەڵێی «ئاسۆ»! مەکە
حەنجەرەش وەک لوولە وایە لازمەی خاری دەبێ

بۆکان ١٣٨٨/٤/٢٢

# خەون

ورده ورده خەونــەکانم بــۆنی ڕاســتی لێــوه دێ
شـەو دەڵێـی دوا ساتەکانیە و وا سـەڵای چارشـێوه دێ
داخەکـەم میـوەی تەمـەن لـەم باخـەدا دەنگـی نـەما
ڕووڕەشـی بـۆ بـاغێ پـاییز دەنگـی خێـوی لێـوه دێ
چۆم بـووه مزگـەوتی ماسـی و دارەکـانیش چـاو لـە ئـاو
ڕوومـەتی سیسـی چنـارم بـۆنی وەک دارسـێوه دێ
مەیکەشـان کـۆڕ بـن لـە ژێـر سایەی درەختـی بێ گـەڵا
گـوێ گـرن وا دەنگـی ئـازادی لـە نێـو ئـەم نێـوه دێ
نوێژکـەران ڕیـز بـن لـە سـەر بـەرماڵی مزگـەوتی دڵا
بـانگی ئـازادی کـە بـدرێ قامـەتیش بـەم شـێوه دێ
کێ دەڵێ مەعشووق دەبێ یادێ لە ئاشق هـەر نـەکات
ئـەی پەیاپـەی ئـەم پەیامانـە لـە خزمـەت کێـوه دێ
کـوانێ تـەقوا بەرگـە دەگرێ تـاکوو چـاوی جـوان هـەبێ
کـێ یـە ناترسـێ لـە تیـرێ لـەو برۆئـەنگێوه دێ
چـاوی تـۆ بـا میقنەعـەش داپۆشێ هـەر دەڕفێنـێ دڵ
دڵـڕفێنتـر ئـەو نیگایانـەن لـە بـن چارشـێوه دێ
گەرچی «ئاسۆ» پیر بووه و مووی سەر ڕەشانگی تیا نـەما
تـا ڕەشـی نـەڕوا شـەفەق کـوا ڕەنگـی سـووری پێـوه دێ

سارۆقامیش، ۱۳۹۲/٦/۲۹

# خۆزگە بێ بە بێباڵ

تـا تەمـەن سـەرتر دەچـێ هەسـتی ئـەوین منـداڵتـرە
تـاکوو دڵ گەشـتر دەبـێ دوو چـاوی ئیشـتیا کـاڵتـرە
چۆم هـەتا مزگـەوتی ماسـی بێ و گـوڵیش قیبلـەی نـوێژ
باڵ بە ئەستۆم ڕاست دەکات سوهراب کـە دەشت بـەرماڵترە
لای خـودا هەرکـەس کـە خـۆی ناسـی قوبـووڵی دەرکەیـە
لای عەبـد تـا تێگەیشـتوو بـێ بەشـەر خوێنتـاڵتـرە
ئـەو کەسـەی جێژوانـی بـن بـەژنی چنـارێکی هەیـە
لـەو ڕەبیسـە خوێرپییـەی ئێسـتاکە خـۆش‌ئیقبـاڵتـرە
پێت بڵێم کـام لێـوە ئایـەی حـەق دروست مـەعنا دەکـات
ئـەو کەسـەی لێـوی لـە سـەر حـەقوێـژی سـوور و ئـاڵتـرە
ئـەو خەتیبـەی ڕاسـت نییـە و خیـزێ لـە کەوشـیدا هەیـە
زۆر لـــە تاوانبـــاری کـــن قـــازی زمـــانی لاڵتـــرە
ئـەی گولاڵـەی سـوور و ئـاڵ و جـوان خـۆش‌ڕەنـگ و لـەتیف
حـوکمی جـوانی تـۆ بـە سـەر شـیعری ئـەوین‌دا زاڵتـرە
بـەس نییـە عەشـق و ئـەوین بـاڵی چـەپ و ڕاسـتی نییـە
ڕاسـت و چـەپ هـەوتای یـەکن خۆزگـەم بـەوەی بێبـاڵتـرە
لادە لـەم دەسـتوورە «ئاسـۆ» فەلسـەفە هـەر بـۆ سـەفە
ئـەو کەسـەی وشـک و تـەڕی لا وەک یەکـە قـرژاڵتـرە

بانە، ١٣٩٢/٥/٥

# لە خانەباغی عەزیز ئەمیری

دەشت و جادە و کێو و ڕێگەی بەردەزەرد شین بۆتەوە
ئەو کەژەی جاران سپی یەکدەس بوو ڕەنگین بۆتەوە

چاوی کانی وا چەلان بۆ چۆڕێ ئاو چەرموو ببوو
ئێستە وەک دوو چاوی عاشق پڕ لە ئەسرین بۆتەوە

لالە بەو گوێچکەی گرانی عاشیرەی وات لێ دەکات
نێو دڵی داغە و دەڵێی سەرگۆپکی ئاورین بۆتەوە

هەر دەڵێی خوێنی شەهیدی بێسەروشوێنی گەلە
ڕاست لە سەر جەرگی برینداری ئەوان شین بۆتەوە

قەت کرۆجەم[1] وا نەدیبوو نزم و ڕەش لەم گۆشەوە
تێر لە سەیری جادەکەی لای ماڵی نەسرین بۆتەوە

حەیفە لەم سەر حەوز و ماڵ و خانەباغەی کاعەزیز
جامێ وەرنەگری هەتا ساقی لە سەر قین بۆتەوە

من بڵێم شیعرێک بە یادی کاتی لاوی و لاوەتیم
جا دەبینی چۆن فەتاح[2] ئیحساسی پڕتین بۆتەوە

زاربەخەندە و لێو لەسەر جامی ئەلەستی مەستی مەست
غەرقی مەعنای شیعری دووپەهلوو و نەمادین بۆتەوە

جومعەکەم چوو، چاوەکەم خێل بوو حەمەش هەر دەرنەکەوت
بۆیە «ئاسۆ» وەک عەجەم دەستی لە دوو دین بۆتەوە

بەردەزەرد، ١٣٩٠/٢/٩

١. کێوێکە لە نێوان ئاوایییەکانی ئەحمەدئاوا و دەرزیوەلی و بەردەزەردی بۆکان
٢. مەبەست کاک فەتاح دادخای هاواڵمە

# دڵبەرێکی شێتە دونیا

جاری وایە دڵ دەناڵێ دڵبەرە ئاگای نییە
جاری وایە دڵبەریش دێ، دڵ سەری سەودای نییە
دڵبەرێکی شێتە دونیا چاوەڕێ چیت لێی هەیە؟
جاری وایە قەندی هەن هەر لەودەمەیدا چای نییە
بۆ دڵۆپی ئاوی باران زۆر وڵاتن چاوەڕێ
لەوسەری دونیاش لە بەر سێڵاو کەسی ڕێگای نییە
لابە سۆفی کەم بکە باسی بەهەشت و شەکر و شیر
چۆن بەهەشت دەکڕی بە ڕۆژوو خوا سەری سەودای نییە
تۆ گەدای بەر دەرکی یار بە جا دەزانی ئەو دەمەی
یار کە دەرکی کردەوە کەس ئارەزووی لای شای نییە
ئەوکەسەی دەستی لەنێو دەستانی یار بێ کوا خەمی
وای بە حاڵی زاری ئەو بەدبەختە گەر جێگای نییە
سەختە ژینی ئەو قوماربازەی کە دۆڕا ڕۆی شەوێ
داری تۆڵەی سازە بۆ ئەوشۆکە ئەمما پای نییە
تاڵی زولفی یار بەسە بۆ بەستنی دەستی ڕەقیب
زاڵی زنجیر بە دەست قەت زولفی وا تاتای نییە
گەر تروسکەی چاوەکانی دەرکەوێ «ئاسۆ» ئەدی
ترسی عازاب و گومانی پردەکەی ئەولای نییە

بۆکان ١٣٩٠/٢/١٥

## خەتی سەر ڕوومەت

دەسخەتێ کەوتۆتە سەفحەی ڕوومەتم نایناسمەوە
شکڵ و شێوەی دەنگی هەن تێکەڵ بە دەنگی خاسمەوە
نەسخ و سوڵس و چینی و لاتین و عیبریم دیتبوو
ئەم خەتەم بۆ قەت نەدیبوو وا بە گۆنای ڕاسمەوە
ئەم خەتە هین هیچ زمانێ نین و گشت کەس تێیدەگەن
هەر دەڵێی جێی توولەمارە وا بە ڕێی ئیحساسمەوە
شەرتە ئیدی وەحشەتی ئەم خەتتە نەحسەی نەمگرێ
من لە مانای کەس نەترسێنم لە دەنگ و باسمەوە
عاشقی پێویستی پێست و دەربەسی مووی ڕەش نییە
خۆ دەزانم گیر دەکەم ڕۆژێ بە دەست ئیخلاسمەوە
بۆ دەبێ لەم باغەدا وا پێکوڵی زۆرتر هەیە
هەر شەڕابی خۆشەویستی بێتە ناو گیلاسمەوە
دوازدە مانگە چاوەڕێم بۆ جووتشەشێ لەم نەردەدا
تا نەکوژرێم نایە، هەر مردم بە دەستی تاسمەوە
شاد بەوەم ڕووناکە «ئاسۆ»م عاقیبەت داهاتووان
دێن بە هاواری هەناسەی ئەم گەلە پێخواسمەوە

مەهاباد — بۆکان ٩٠/٢/٢٧

# پیرە تاران

من دەزانم نێو دڵی بەردیش کەمێ ئاوی هەیە
شەمشەمەکوێرەش لە تاریکی کەمێ چاوی هەیە
خۆزگە بێ بەو دارچنارەی ڕاست و پاک و بێ‌گرێ
ڕووی لە ئاسمانە و ڕفێقیش بنجێ لاولاوی هەیە
ئەو کەسەی ماڵی بە کۆڵی خۆوەیە ئاسوودەیە
وەک سەمەد قوڵ بوو کەسێ کوا ترسی سێلاوی هەیە
ئەو کەسەش قەت‌قەت بە هاوەڵ مەگرە هاودەردت نەبێ
دۆست نییە ئەو شەخسە وا هەر ئارەزووی خاوی هەیە
چاو بپارێزە لە تیشکی جازیبی بن زولفی یار
دانەدانەی ئاڵقەکەی وەک ڕاوچیان داوی هەیە
شێو و وەردم کرد شەقامی فاتمی و تۆم هەر نەدی
پیرەتارانیش لە بۆ خۆشی فەقەت ناوی هەیە
شێری ئەم شارە لە برسانا پەراسووی دیارە گشت
خێڵی ڕێویشی لە تێری دایمە بەرماوی هەیە
مانگی چاردە لێرە دایم دیلی داوی دووکەڵە
خۆم فیدای ئاسمانی کورد بم بەس نییە ساوی هەیە
خۆزگە بەو لاوەی لە نێو مەیدانی مینیش بێ‌ترس
فەرقی بۆ ناکا لە بەر دڵ دایمە شەوڕاوی هەیە
شیعری «ئاسۆ» چونکە دەردی خۆی و گەلیە چاوەکەم
عەسری نوێ‌ترخوازەکانیش دایمە هەر باوی هەیە

تاران ١٣٩٢/٣/٢٨

## بۆ حوسەینی مامڕۆستەمی[1]

شیعرەکەی مامڕۆستەمیم کاتێ بە هەستێ زارەوە
خوێندەوە قرچا دڵم بەو شیعرە جەوهەردارەوە
کاکە تۆ شیعرت لە بۆ من دانەنا؟ بۆ پێت نەدام؟
تۆ سەری پاشای غەزەل کێ پێی کوتی بیشارەوە؟
چۆن دەبێ بۆ یەک چەلیش بێ چاو لە شیعرێکت نەکەم
بیدەمە بەر چاوی دیقەت جوان لە سێ چوار بارەوە
شەرتە وام حاڵی دەکردی غەش لە شیعرتدا نەبێ
تاکوو ببیە شاعیری گەل بەم هەموو ئازارەوە
من هەتا هەم خاکی بەر پێی شاعیرانی پێشترم
هەر ئەوەش کردمیە خۆڵ و وام بە سەر هەر دارەوە
شاعیری ئەورۆکە بابم زۆر حەسوودن وا مەبە
هەڵوەدا ماون بە دەستی سەبکەکەی ئەغیارەوە
خۆ لەوانیش نیت ئەدی بۆ یەک چەلیش ئەمنت نەدی
بتکەمە وەستای غەزەل لەو سەری قەڵای سەردارەوە
شاعیری وەک تۆ دەبێ زۆرتر لە نێو گەلدا بژی
شیعرەکەی زۆرتر «حەسەن»[2] بیڵێ بە نەغمە و تارەوە
لێم نەتۆرێی بەم گلە و گازندەیەی ئەمنی هەژار

---

[1] حوسەینی مام ڕوستەمی شاعیرێکی زۆر باشی بۆکانیە. غەزەلێکی بۆ من کوتبوو بەڵام من هەر نەمدیت تا چاپ کرا. ئەتیش منی نەدی. ئەم غەزەلەم وەک نامە بۆ نووسی.

[2] گۆرانی «سەوزە»ی کاک «حەسەن دەرزی شیعری ئەم کاک حوسەینەیە.

دڵپڕم خێڵی حەسوود نامیان بە کوورەی نارەوە
ئەم کتێبە وردەڵانە نابنە دەرمان بۆ گەلت
شیعرەکانت کۆ کەوە یەکسەر بە ڕاست و خوارەوە
مامە هێمن پاشی ٥٢ خولی ژین چاپی کرد
تاوەکوو حافز چووە ئاسمان نەهاتە خوارەوە
نا برام! مامۆستەمی قەتقەت ئەوان دۆستت نەبوون
دۆستی تۆ «ئاسۆ»یە کاکە بەو دڵەی غەمبارەوە

## ناهومێدی

وردەوردە باخـەڵی ژیـن بـێ هەناسـەی گـوڵ دەبـێ
بولبـولی ئاشـق تـەڕەی لێـوی خونـاوەی چـڵ دەبێ
ئەو گوڵەی جاران تررووسکەی کـوڵمی وەک پشکۆ دەچوو
داخەکـەم ئێسـتا لـە ژێـر تـۆزی تەمـەندا شل دەبـێ
قـەت مـەچۆ نـاو حـاڵی ئـەو یارانـە وا سـارد و سڕن
چونکـە هـەر گۆشـەی دڵـی پڕسـۆزە بـۆ مـەنزڵ دەبـێ
پـاکـترین واژەی پەسـەند لـەم عەسـرەدا پـووڵ و پلـەن
بۆیـە سـەربالّی پەپوولـەش پـڕ پەڵـە و پۆخـڵ دەبـێ
یـەک دوو ساڵ پێش ئینقیلابیش تـا بـە ئـەمڕۆ چاوەڕێم
هـەر نـەهات ئـەو مەڵهەمـەی وا بـۆ برینـی دڵ دەبـێ
هەر درۆ بوو، هـەر ڕیـا بـوو، هـەر جنێـو بـوو، هـەر قسە
قوڕ بە سـەر ئاشق کـە وا هـەر ژێـر دەسـەی عاقڵ دەبێ
کـوا لـە کـوێی ئـەی شـاپەڕی ئاسمانی شیعری ئاشقیم
بـەدری مانـای شـیعرەکانی مـن بـە تـۆ کامـڵ دەبـێ
گـەرچی خۆناسـینە سـەرحەددی مـەداری ئـاقڵی
خۆپەرەسـت بـی گیانـە دەسـتنوێژی دڵـت باتـڵ دەبـێ
تاکوو هەی هەر گوڵپەرەست بە و خاکی خۆتت خۆش بوێ
کاکە «ئاسۆ» چۆن بەشەر دوشمن بـە خـاک و گڵ دەبـێ؟

بۆکان ۹۲/۵/۱۸

## لە سەر گڵکۆی بابە

باوە گیان وا هاتمە سەر قەبران و دەنگی تۆم نەبیست
زۆر سڵاوم کرد و هەرگیز یەک جەوابی خۆم نەبیست
ئێستەکەش بانەمەڕە و هاتوومە سەر گڵکۆت کەچی
هیچ هەواڵێکم لە پیری و شیر و جام و چۆم نەبیست
دەوری منداڵیم هەتا لاویم لە باوشی ئێوەدا
هێندە ئاشنا ڕابرا قەتقەت وشەی نامۆم نەبیست
چاوی هەر چاوبازێ بانگی چاوی کردم چوومە لای
گشت پەنایان دام لە هیچیان قەت مەکە و لاچۆم نەبیست
ئێستە مووی ڕەنگی کفن وای بۆز و ناحەز کردووم
چوومە سەرچۆپیش لە داواتێک خشەی یەک دۆم نەبیست
لایەلایەی خۆشەویستی وای خنی بوو گوێچکەکەم
من بە پیریش غەیری سۆز ئاهەنگی شین و ڕۆم نەبیست
جەژنی ئەمساڵ کۆچی ئازیزان وەهای تاڵ کرد لە من
لەو قەناتانەش بە غەیری شینی کاک «شێرکۆ»[1]م نەبیست
چوومە سەر گۆڕێژەش بە شاباڵی غەمی ئەو شاعیرە
چەندە بیری «ناسرم»[2] کردبوو لەویش لالۆم نەبیست
فەیسبووک و ماڵپەڕ و یوتیووب نەما گوێ شل نەکەم
غەیری شیعری تازە قاڵب کۆنەکەی «ئاسۆ»م نەبیست

سارۆقامیش، جەژنی ڕەمەزانی٩٢

---

١. مەبەست شاعیری گەورە کاک شێرکۆ بێکەسە

٢. مەبەست کاک ناسری ڕەزازیە

## نامە

بیستبووم کوتیان نەخۆشی دەردی من زۆر زۆرترە
کێ لە نامەی شاعیرانەی عاشقێ خەمخۆرترە؟
سەد پەڕۆی شینم لە شان دروا لە سەر وەسڵی ئەوین
گەرچی ئەم وەسڵەم لەوانەی دیکە زۆر ناجۆرترە
ئەو کەسە کۆستی کەوێ وا تۆی لە من کرد بێ خەبەر
ئاوی عیشقی تۆم لەوانەی دیکە یەکجار شۆرترە
ڕۆژبەڕۆژ تینووترم چۆڕێکی دیم بۆ تێکەوە
چون قەباڵەی عیشقی تۆم پڕشاهید و پڕمۆرترە
کەی قەرار وابوو منی مەجنوون بە بێ لەیلا بژیم
شانسی من ئەم زامە چی بوو ڕۆژبەڕۆژ ناسۆرترە
ئەو هەوەسبازانە وا ڕەشبین و ڕەشبیرن کەسم
هیچ کە جێی متمانە نین دڵیان لە بیریان بۆرترە
هەر منم شیعرم لە ڕاستیدا دڕاوە کڵاوەکەی
ڕووی دژانیشم لەوەی قەزوێن گەلێ پاشۆرترە
ژین لەوەش بێتینترە تاوێ کە «ئاسۆ»ت ڕوون کەوە
چون گلۆڵەی ژین لە لێژی پیرییا خللۆرترە

# حەڤدەهەمین فستیواڵی گەلاوێژ

هەمیسان ئاگری حەسرەت لە داخی تیپی بێهەستان
وەکوو بەردی ڕیا تەقەقەی لە شووشەی وسکوتم هەستان
ئەوەی عەقڵی لە چاویایە نەشە و دڵخۆش و پڕفامە
ئەوەی عەقڵی لە مێشکایە سەری لێی گێژە وەک مەستان
ئەوەی وا خاوەنی بەهرە و ئەوین و سۆزە بێدەنگە
ئەوەی ئەهلی ڕیا و خوارین مەقامیان وا لەسەر دەستان
خودایا چەن گوناحن ئەو کەسانەی تالیبی حەققن
کە دەبیینن لە باتڵ شۆر و شادی و سەروەرن پەستان
ئەرێ ئەی ئاشنایان ئەی ئەویندارانی ئەم خاکە
بە قەد ئەهلی ڕیا خێرتان لە زانین دیوە یەک کەستان؟
ئەرێ کامتان لەبەر پووڵ و پلە کڕنۆش و سوژدەو برد
ئەرێ کامتان لە بەر دەرکی تەواغیت لەحزەیەک وێستان؟
کەچی ئائەم ڕیاکارانە هەر ڕۆژ ڕەنگێ دەنوێنن
بە ڕاستی ئەم نەزانانە لە فێڵ و تەفرەدا وەستان
ئەوا لەم فستیواڵەشدا شیعر هەر سووک و بێقەدرە
لە هیچ کوێ ڕێگەیان نادەن ئەوانەی وا لە نێو شەستان
ئەوا چاوی ڕەشی «ئاسۆ» وەها کاڵ بۆتەوە دیسان
بە دڵیا نایێ چاوێکیش بکا لەو تیپی چاومەستان

سولەیمانی، ٢٠١٣/١١/٧

# زمستان مو

بیا که تلخکام نقش‌های پیریم ای دختر
در گلدان شعرم ببال و همچنان تر و شاداب
تکرار کن پاییز را
و بهار را
به زمستان مو منگر
که این حدیث ناآشنایی است
تو را
و عشق را
در روان قطرانیش خنده‌ام میگرفت از آسیابان طبیعت
و اکنون منم آن زمستان موی ژولیده احساس
که خلوت تو را بی چتر عاطفه
زیر سرپناه باران می‌طلبم
و چه بیهوده است این میقات
و چه دیرهنگام این دیدار !
بدرود ای لحظات خوب عاشقی
بدرود ای بهار حُسن
زیرا که عشق در سرزمین من بیوه‌ای است
که سالها است فراموش کرده است
هم‌آغوشی را !

بوکان، ۹۲/۲/۲۸

# هەستی شاعیری

کـاتێ هەسـتی شـاعیریت بەنـدە بـە دەسـت و پاتـەوە
کـاتێ شمشـاڵی گـەرووت بینـی خەفـەت دەخواتـەوە
کاتێ گوڵ ویشک و خەزانی و مات و بێشەوق و کزە
بولبـولی خنکـاوی دووکـەڵ خـەونی خـەم دەیباتـەوە
کاتێ هاژەی بـای شـەماڵ نـایێ و ڕەشـی بـای مەینەتی
تـۆزی تـرس و ڕەنـج و فـەقری کـرد بـە سـەر سیماتەوە
تـــۆ تـــەمایاری چ خـــدرێکی وە فریامـــان کـــەوێ
حـــاکمێ عـــەدڵی نـــەبێ ڕەببـــی خـــودا بیباتـــەوە
شـادمانی بۆتـە سـیمورغ و لـە دونـدی کێـوی قـاف
غـەیری تیپـی گـوێلـەمستان جوابی کـەس ناداتـەوە
بـۆ دەوێـری پـەیکێ هـەڵباوی و بـە ئـازادی بلێـی
ئـەو سـپیسـوارەی درۆزن لا لـە کـەس ناکاتـەوە
خوایـە گـەر گۆشـەی سـەرابێک و دڵـۆپێ مـەی نـەبا
کێهە کەس نەشئەی دەمـا بـەم هـەمووە کیش و ماتـەوە
جا کەسێکیش بێت و عـومری هەڵکشابێ بـۆ سـەرێ
هـیچ کەسـێ لای خـوارەوەش تۆزقـاڵێ جێـی ناکاتـەوە
وەی کە یـارەب چـی بەسـەر هـات ئـەم وڵاتـە جوانـەمان
چـی بنووسـێ ئیـدی «ئاسـۆ» بـەم هـەموو ئاواتـەوە

بۆکان، ٩٢/٤/٥

## بۆ ئەردۆغان

هێندە بێ ڕەحمانە مەدوێ کوانێ شەڕ باوی هەیە
ئەو کەژ و کێوانە مەکوتە دار و بەرد چاوی هەیە
کێوی قەندیل گەمیەکەی نووحی لە سەر نا ئەو دەمە
ئێستە کوانێ وەحشەتی چەند داری سووتاوی هەیە
ئەو کەسەی دار و نەداری وا بە کۆڵی خۆیەوە
کوانێ ترسی ئاگر و تۆفان و سێلاوی هەیە
کەی لە مەرگ و ژینی کورتی خۆی دەترسێ ئەوکەسەی
گەر لە بۆ ئەستاندنی حەق ئارەزووی ڕاوی هەیە
نانی با تێدا نەبێ خۆ گەرمە تەندووری خەبات
ژینی کورتیشی هەبێ قەیناکە خۆ ناوی هەیە
پێی بڵێن خاڵۆمەلاش هیوای بە نوێژی شەو نەبێ
چون بە ڕۆژی ڕوون لەبەر فێڵ نوێژی فەوتاوی هەیە
کوا بە ئەسپی ئاسنین «ئاسۆ»! کەژی کورد تەخت ئەبێ
ئەو کەسەی دوژمن بە کوردە ئارەزووی خاوی هەیە

سنە ٩٠/٥/٣١

# سەفەر و زەرەر

خۆزگە بەو لاوە گراوێی لە ڕەفیقانی سەرە
چش لەوەی دەردی ئەوین عاقیبەتی دەردیسەرە
گوتم ئەی بولبولی بێچارە درووی زۆرترە گوڵ
گوتی چ بکەم بە خودا خۆی دەڵێ پێم زووکە وەرە
جا ئەگەر عاشقێ مەعشووقێ پەنای بێ چ غەمی
گەر لە سەر ڕیشی بهاوێن دژەکانی تەگەرە
سەفەری کورتە ژیان حەیفە بڕەنجێنی دڵێ
محەکی باش و خراپی بەشەریش هەر سەفەرە
سەد ڕکات نوێژی ڕیا قیمەتی پووشێکە بەڵام
بەخودی کابە بڕەنجێنی دڵێکی خەتەرە
چییە قازانجی ژیان غەیری نیگای چاوی ئەوین
ئەو کەسەی ئەشقی نەبێ ژینی هەمووی بێسەمەرە
لێی گەڕێ تاقمێ شەڕیانە لە سەر خواردنی یەک
کەسێ خۆخۆر بێ یەقین گورگە لە پێستی بەشەرە
کردەوەی پێ دەوێ هەر واژە لە زار دێتە دەرێ
شەخسی بێ کردەوە چەشنی قەڵەمی بێئەسەرە
بەشەری وا هەیە ساتێکی لە قیمەت نایە
بەشەری واش هەیە وەک گردەملی سەر چەپەرە
کەیفی خۆتە بە جگەرگۆشەیی شیعرم چ دەڵێی
لە عولوومی نەزەری هەر نەزەرێکیش نەزەرە
وەکوو «ئاسۆ» بە لە ژێن خاکی و هاواڵی هەژار
ئەو کەسەی خاکی فرۆشت دوایێ دەزانێ زەرەرە

بۆکان ۹۰/٤/۱۲

# مێرگی خاشخاشە

چاو لە هەر شوێنێ دەکەی دەردێکی تازەی پێوەیە
دەرکی ئاواتیش دووسەد قوفڵ و قەرازەی پێوەیە

هەر من و تۆ و حەقتەعالا بووین کە ماچم کرد دەمت
ئێستە هەرچی شیعرە بۆنی ئەو نیازەی پێوەیە

ناحەقی کرد شێخ کوتی قەت چاو لە چاوی جوان مەکەن
ڕووی سپی بێ ئەو کەسەی ئەو چاوە بازەی پێوەیە

لێی گەڕێ یەزدان دەزانێ کامە کێو بەفری دەوێ
بۆیە پێیدا چاوی جوان ئەو غەنج و نازەی پێوەیە

ڕازی ماچێک ڕاگرە خاک زۆر دەمی قورسە و گران
کێو کە وا بێدەنگە زۆر لەو باس و ڕازەی پێوەیە

بانەمەڕ قەندیل دەبێتە مێرگی خاشخاشەی شەهید
ئێستە بەم هاوینە هێشتا سەد جەنازەی پێوەیە

ئاوپەرەستی و تاوپەرەستی و گوڵپەرەستیم بیستووە
خاکپەرەستی دەرد و ژانی بێئەنازەی پێوەیە

دەفتەری ئەشعاری «ئاسۆ»م دوێشەوێ چاو لێ دەکرد
غوربەتیم هەستا کە دیم ئەم شیعرە تازەی پێوەیە

بۆکان ٢٨/٥/٩٠

## پیری و مەعرەکەگیری

ژین بە لەز دێت و دەچێت و شلە هێزی دڵەکەم
چاوی من کزتر ئەبێ و سوورترە لێوی گوڵەکەم
سەد شوکور خوایە ئەوا دیم گوڕوگاڵی نەوەشم
سەوزە وەک چاوی «دیار»م کەژ و کۆی نێو دڵەکەم
پیری و مەعرەکەگیری کە دەڵێن نەسلی قەدیم
بە نیگای چاوێ من ئەو فەلسەفەیەی باتڵ ئەکەم
کوشت و کوشتاری نییە جەنگی دڵ و گوڵ ئەخەوان
هەر بە مەستی دەکرێ باسی گوڵی سەرچڵەکەم
یۆسفی میسری؟ لە نێو چاڵی ئەوینی زلەخای!
وەکوو مورسی مەکە مە! زار بە دوعای قاتڵەکەم
نەو و کۆنەی نییە ئۆخژەنی چپەی لێوی ئەوین
دڵی پیرم بە چپەی ماچی کچێ کامڵ ئەکەم
من لە مەیدانی ئەوین شێری وەهام کردووە ڕام
زولفەقار نووکی زمانمە و قەڵەمیش دوڵدوڵەکەم
داری دڵداری فەقەت شێتیە میوە و سەمەری
ئەوە مەجنوونە دەفەرمێ لە عەقڵ من سڵ ئەکەم
خاڵ بە خاڵی خەتی شیعرم خەمی ڕازێکە ئەگەر
ئاشکرا بێ خەمە بۆ دەفتەرە بێحاسڵەکەم
گوڵ و باڵندەیە هێمای غەزەلی «ئاسۆ» کەسم
گولوبالیزە فیدای سونبول و پۆڕی شڵ ئەکەم

ساروقامیش، ۹۲/٤/١٤

# جۆزەردان

مـانگی جـۆزەردان ئـەوا هـات وا بـە زەردی جۆیـەوە
بێخەکـەی خـۆی دادڕیـوە گـوڵ بـە ڕەنـگ و بۆیـەوە
زەردی دەردی ئاشقی گەر نیشتە سەر ڕووی مووی سیات
لێـی گـەڕێ بـا لێـی بنیشـێ قـەت نـەچی بیشـۆیەوە
ژیـن قـەتارێکی نەوەسـتە ئیسـت و بیلعەکسـی نییـە
ئـەو سـەری گەرمـە بـە دوێنێکـە و سـبە و ئەوڕۆیـەوە
دوێکـە ڕۆیشـت و سـبەی نـازانی چۆنـە چاوەکـەم
بـێ تـرس ئـەوڕۆ بـژی و بیـدە لـە تـان و پۆیـەوە
شـەربەتێ تاڵـە ئەجـەل سـاقی ئـەزەل تێـی کـردووە
جـا بـە پیـری یـا بـە لاوی هـەر دەبـێ بیخۆیـەوە
داوەتـی شـاهی گـوڵان بـێ و بولبـولیش قامبێژەکـەی
خـوا بـە تـاوانی دەنووسـێ نەچیـە دەسـتی دۆیـەوە
ئـەی گـوڵی لاولاوی پیـریم تـۆم هـەبی قـەت نابـەزم
بـاغی گـوڵ نـاچم بـە شـەوقی شەشـپەڕ و شـەوبۆیەوە
چـاوی تـۆم مەیخانەیـە زولفـت دەڵێـی ڕێحانەیـە
بەژنەکـەت سـەوڵی خەرامانـە بـە دوو لیمۆیـەوە
تا شلەی پشتوێندی تـۆم بـێ قـەت بـە ژیـن نـادەم شلی
گـەر تـەنافیش بێتـە ئەسـتۆم بـەو قـەف و لۆلۆیـەوە
چوومـە جێژوانـی فریشـتەی شیعری تـەڕ «ئاسۆ» کـوتی
لێـرە بـوو هـەور و هـەڵای هێنـا و لـە ترسـان ڕۆیـەوە

مەهاباد، ٧٨/٣/٨

## تۆ مامۆستای منی

شەرتە تا مانم لە ژیندا بێ ئەوین و گوڵ نەبم
عاقڵی گەر بێدڵی بێ، شەرتە قەت عاقڵ نەبم
یارەبی چاوم بە ڕووی جواندا نەبێ قەت هەڵنەیێت
شەرتە ئیدی باغەوانی باغی بێحاسڵ نەبم
ڕووت گوڵ و زولفت وەنەوشە و دوو هەناری نەورەسیش
خوا بکا لەو باغ و گوڵزارەت وە بێ مەنزڵ نەبم
یەک بە یەک گوفتە و قسەی چاو و بزەت بزوێنەرن
حەیفە بۆ مەدحی ئەوانەت شاعیرێ کامڵ نەبم
نا ئەمن ئوستادی تۆ نیم تۆی کە مامۆستای منی
بمکە شاگردی ئەوینت با ئەوند غافڵ نەبم
قەت نەبوو جارێ بە دڵ سفرەی دڵم ئاواڵە کەم
وەحشەتی تانە و تەشەر دێڵێ ئەوندە سڵ نەبم؟
ئاوی عیشقی من لە کانی عیشق و شەیدایی درا
ئیدی چۆن بۆ ڕووی گوڵی تۆ بولبولی سەرچڵ نەبم؟
دێتە یادت ئەو دەمەی چاو و زمان بو دووبەدوو
هاوتەمەن نین قەیدی ناکا، حەیفە گەر هاودڵ نەبم
ڕاوی چاو و داوی زولفت چۆلەکەی ئیحساسی گرت
چۆن لەگەرمی تاوی عیشقت وەک جەرەی نێو گڵ نەبم
یادی چاو و نارتە شیعرێ بە «ئاسۆ» خەلق ناکات
جا بە چی مەعلووم لە سەر وەش تووشی سەد موشکڵ نەبم

مەهاباد، ۷۸/٤/۲

## ئەختەری پووشپەڕ

ڕاستە وەرزی گوڵ کەم و کورتە وەفاشی هەر نییە
هاودەمی خۆشە لەگەڵ بولبول بەڵام تا سەر نییە
ئەختەری هێمن کە فیشەکدانی کردە گەردەنی
شیعری پێشکەش کەی دەبێ خۆ هەر کچێ ئەختەر نییە
من زمانی سوێسنە و هێرۆ و گەزیزەم خوێندووە
هیچ کەسێ دەرسی گوڵانی هێندی من ئەزبەر نییە
داخەکەم ڕەمزی وەفاداری لە گوڵزار ون بووە
حەقیە بولبول لێی بتۆرێ عاشقە خۆ شایەر نییە
جێی برینی تیغی بوختان زۆر درەنگ سارێژ دەبێ
هەر برینێکت کە دی خۆ جێی دەمی نەشتەر نییە
هاوزمانی خۆشە ئەمما داخەکەم بۆ هاودەمێ
گەر سەری سەودات هەبێ هیچ بەرگرێ لەمپەر نییە
هەر گوڵێ بەردڵ نییە هەر ڕەنگی سووریش گوڵ نییە
هەر سەرێکیش لەم جیهانە لایەقی ئەفسەر نییە
تا بەرزتر بی وڵاتێ زۆرترت لێ دیار دەبێ
کوچکەڕەش پیرۆزە ئەمما قەت بەقەد ئاویەر نییە
من سەرم سووڕما لە بەرزی دەرکی دووکانی قوفوڵ
مەوجی مانگی پووشپەڕە هی گێژی ئەسکەندەر نییە
زۆری وا هەن جووت دەکەن واژە و بە شیعری ناو دەبەن
دیارە «ئاسۆ» هەر شتێ دەریایی بێ گەوهەر نییە

سنە ٨٧/٤/٢٤

# پلار

لـە سـەرمدایـە هـەوای هەڵبەسـتێ
سـۆبەئاسـایی گـڕی لـێ هەسـتێ
ڕازی دڵ نامـەوێ دەرخـەم بـەخودا
مـاڵی چـاو شـێوێ تکـەی ناوەسـتێ
وەرە هـاوڕێی غـەمەکـەم بـا بگـرین
کـوا بـە تـەنیایی تەقـەی دێ دەسـتێ
کێ دەڵێ دەرکی بەهار داخـە لـە چاو
کـێ عـەیب دەگرێ لـە کـاری مەسـتێ
دڵنیـام مـن نییـە تـاوانی کەسـێک
تـوێژ بـەرەو قیبلـەی ئـەوین دابەسـتێ
غـەم مـەخۆ کاکـە بـە گوفتـەی ناکـەس
کـوا دەبـێ سـووک بـە پـلاری پەسـتێ
تـاوەکوو کەعبـەیی دڵ قیبلـەت بـێ
سـەد بـەناو حـاجی بـە تـۆ ناوەسـتێ
بۆیـە «ئاسـۆ» دڵـی پڕخوێنـە لـە ژیـن
بێـزی لـەو هـەمووە ڕیـا هەڵدەسـتێ

بۆکان هاوینی ۸۷

# له حەوشەی سەعدیە

تا لە حەوشەی ماڵی سەعدی ئەم هەموو جوانانە بێت
کەس نەکا مەنعم ئەگەر واژەم هەمووی شێتانە بێت
عاشقی و شێتی بە وێنەی دوو برالەی دائیمین
فەرموو ئەی عاقڵ بە یەک شێت تۆ بفەرموو وا نەبێت
کێ دڵی دێ سەروەت و ماڵی فیدای ماچێ بکات؟
هەر کەسێ عاشق بێ دەیکا جا مەگەر سەودا نەبێت
شیعری تۆ کرمان و شیراز و سپاهانی تەنی
سەیر نییە شەیدای شعووری شیعری تۆ لای بانە بێت
پیری حەفتا سالە جوونی مێ‌کنە فەرمووتە خۆت
ناحەقی مەگرە هەتا پەیغامێ لەو چاوانە بێت
پیری من بێستان و گوڵزارن وتەت هێند دڵگوشان
سەوزی عەرزی حەوشەکەت یەکسەر بەقەد عاسمانە بێت
هەر فریشتە و حۆریە دێن و دەچن لەم باغەدا
مالکیش ئاورم بدات بۆ حەسرەتی ڕزوانەبێت
ئەی سەراپا شیعر و عەشق و شاعیری و شەیدایەتی
سیلە چاوێکت لە تەبعی شێتی ئەم بۆکانە بێت
تا بە ودمی هیممەتت «ئاسۆ» غەزەل وا ڕوون بکات
دانەدانەی میسرەعی شانازی ئەم کوردانە بێت

شیراز، ٩٢/١٢/١٤

# لە حافزیە

تۆ کێی کە قسەت کردە هەتاو، نوورە کەلامت
من کێم؟ کە بە گریانەوە هاتوومە سەلامت
نامناسی، من ئەو شێتە ئەویندارەیی کوردم
عاشق بە قسەی فارسی ئەتۆ و ڕەمزی پەیامت
هاتوومەتە سەر توربەتی پاکت بکە هیممەت
تا دەرکی بکەم هەست و وشە و سۆز و کەلامت
کێ پێی کوتی ڕەندانی هەموو عالەمە شەیدات
ئەی خۆم بە فیدای ڕەبتی قسە و بادە و جامت
تۆ چوویتە ترۆپکی لقی سدرە و لە عەرشدا
قودسی بە هومایوونی دەڵێن شیعر و مەقامت
هەر قومرییە نالانە لە سەر داری مەزارت
هەر بولبولە شەیدایە لە بەر سیحری کەلامت
ئەو نەشمیلە چاوکاڵە دەبینی لە پەنامدا
چۆن دەگری لە بۆ فەلسەفەکەی چەشنی خەیامت
خۆی لێوی دەڵێی بادەیە فرمێسکی وەکوو دوڕ
دەڕژێتە سەر ئەم مەرقەدە ئەی کوانێ قیامت؟!
هەستە وەرە ئەم گۆڕە گەلێ چووکەیە بۆ تۆ
بشکێنە بە ئەم میسرەعە سەوتی دەر و بامت
دل در بر و می بر کف و معشوقە بە کام است
«ئاسۆ» بە فیدای شیعری نەشەی جەژنی سیامت

شیراز، حافزییە، ٩٢/١٢/١٢

# در شیراز در اندوه حلبچه

تـــا رخ بـــا نمـــک گـــل‌نظـــران را نگـــرم
بزنـــد شـــور ســـرود غزلـــی خـــود بـــه ســـرم
این چه خاکی است که تا چشم برآن روشـن شـد
غیـــر زیبـــایی و شـــیدایی نیامـــد نظـــرم
هـــر تماشـــا غزلـــی اســـت ز دیـــوان نگـــاه
بهـــر درک نگهـــی گـــوش و ســـر و پـــا بصـــرم
شـــور سعدی بـــه ســـر و رنـــدی حـــافظ بـــه دلـــم
ایـــن دو پهلـــو کنـــد و وان تـــر و تـــازه اثـــرم
مـــن اگـــر بهـــر غـــم فاجعـــه‌ای آمـــده‌ام
خـــاک شـــیراز فرســـتد بـــه فضـــایی دگـــرم
چون شـبانکاره بـه شـب همچـو سـتاره اشـکم
در غـــم شـــهر شـــهیدم همـــه اختـــر نشـــمرم
کُردم و نیسـت بـه جز عشـق وطـن در دل مـن
تـــا بـــود قنـــد ســـخن شـــکّر شـــیرین نخـــرم
بیســـتون گـــر بـــه مـــن آموخـــت ره فرهـــادی
عشـــق شـــیراز نمایـــد خجـــل از هـــر شِـــکرم
افـــق رنـــج حلبچـــه بـــه قلـــم گریـــه کنـــد
تـــا کـــه یـــاد آورم از کفتـــر بـــی‌بـــال و پـــرم

شیراز، ۹۲/۱۲/۱۱

# زڕبرا

گەر لە شوعلەی نێونیگا دوور بم هەناسەم سڕ دەبێ
مەیلەکەت تا سارد ئەبینم قەلبی گەرمم پڕ دەبێ
گوێ مەدە ساردی هەناسەم کامە عاشق پێک گەیین؟
هەوری دووری تا نەدا چەخماخە کوا پڕگڕ دەبێ؟
کۆن و تازەی بۆ نییە وەک شیعرە عاشقبوون کەسم
بێوەفایی باعیسە چارشێوی عەشقت شڕ دەبێ
تۆ دەڵەی دەستم شکا لەم ڕێی ئەوینە، من دڵم
دەست و پێی ناوێ بەڵێ، خێڵی گورگ زگدڕ دەبێ
دیوتە زاروو چۆن لەخوێن تێر نابێ، تێر بوو خل دەبێ
لێی گەڕێ ئەو زاڵمەش عاقیبەتی هەر مڕ دەبێ
تاوەکوو مەنعم دەکەن لەم عەشق و سۆزەی نیشتمان
زۆرترم عەشق و ئەوین و حەز لە دڵدا خڕ دەبێ
کورد هەتا سەر وا بووە هەر ژێر چەپۆکەی خۆییە
چاوەکەم مێژووی چەواشە کوانێ بۆ ئاوڕ دەبێ
ئەو کەسەی ترسی هەبوو پەنجانی بشکێنن سەرێ
ئێستە خۆی ئالا دەسووتێنێ، برا هێند زڕ دەبێ؟!
کێ پەسەندی کرد لە نێو شیعر و سیاسەت وەرگەڕان
ئەو کەسەی زۆر توندە «ئاسۆ»! دیارە زووتر کڕ دەبێ

سەقز، ۸۸/۵/۱۱

## یادی یەڵدا

ماڵی شیعریش قسەیە باسی دڵم بەرمە ئەوێ
قەت بووە ویشکی دڵ ئەورۆ تەڕی شیعریشی نەوێ
هێندە بێزاری ژیانی دڵەڕاوکەی ستەمم
شیعر و عەشقم لەپەنای یەک بەمەسەل بوونە هەوێ
چاوی سەر چرکەبژێر بوو کە چەلان چاوی دەدیت
ئێستەکە چاوی دڵیشم لە نیگای هەڵدەکەوێ
داخەکەم ڕەمزی گوڵ و بولبولی ون کردووە دڵ
وەک سەعات وایە کە قورمیشی نەکەی زوو دەخەوێ
کۆکی دڵ سرتەیێ قاچاخیە لای یارەوە دێ
دەردی سەد کورتەپەیامی لە دووسەد نامە کەوێ
تۆ بەڵێنی شەوی یەڵداییکی دیم پێ بدەوە
عەهد ئەکەم باخی بەهەشتم بدەنێ هەر نەمەوێ
ناسکی لێوی ئەتۆم گرت بە قەدەر سوورە گوڵێ
گوڵ لە شەرمان شەبەقی سوبحی لەلا بوو بە شەوێ
تیپی گوڵ پاکی لەگەڵ نەرگسی شەهلا هاتن
دڵی من هیچی وەبەر دڵ نەکەوت گیانە لەوێ
بەربەیان بولبولی گوڵزاری عەرش بوو دەیکوت
دڵی «ئاسۆ» لە گوڵا هەر گوڵی لاولاوی دەوێ

بۆکان ٨٧/١٠/٦

## دیدار

سەبری وەرە بـا خـەڵکی بـە ئـەم ڕازە نـەزانیٚ
چاو فەرشی بەری پێتە قەدەم سووک لـەویٚ دانـیٚ
حەوت ساڵە کە وا تەبعی تەڕم ویشکە لە دووریت
ڕوونـی کـەوە یـا شیعریٚ بـە ئـەم وەسڵەتە دانـیٚ
ڕۆییشتی و نـەتزانی لـە دووت چۆنـە دڵـی مـن
پرسیم لە شنۆ و بانە لـە سەردەشت و لـە خانیٚ
دەمزانـی گـوڵم فەسڵی بـەهار دێتـەوە بـاوان
نـەمزانی ئەگـەر بـەم چلە بـۆم دێتـە ژووانـیٚ
یارەب بە حوسەینت قەسەم ئەورۆکە کە شیعە
خۆی بۆ دەکوژیٚ و پاکی دەکەن سینەکوتانیٚ
لـەم ڕۆژە پشـوودا گـوڵی مـن هاتـەوە بـاوان
زستان و مەحـەڕڕەم ئـەوە لـێم بـوو بـە گـوڵانیٚ
مـن پیـرم و تـۆ لاوی دەمـی زەوق و سـەفاتە
هەستی گـوڵی نێـو باغتـە دەمکاتـە جـەوانیٚ
یەکیەک لە سەرم موویی سپی ڕەنگی ڕەشۆ بـیٚ
ڕووی ڕەش بیٚ ئـەوەی قـەدری ئەویـنداری نـەزانیٚ
«ئاسۆ» کە ئەوین ڕێبەری ڕێی شیعر و قەڵەمیە
ماندووش کە دەبیٚ هەر بە ئـەوین دەگریٚ وچانیٚ

بۆکان ٨٧/١٠/١٧

# مەودا

حاسڵی ئـەم عەشـق و چـاولێکردن و یـەکویستنە
بوونە چەن شیعر و ئەمەش دەسکەوت و سەرمایەی منە
داخەکەم تا چـاو ئەمـەی زانـی دروست چـاو لـێ بکـات
داری لاوی بـەرگ و بـاری هـەڵوەری و نـەیما شـنە
کـێ لـە زریـانی خەفـەت پەنجـەی تـەزیبێ تێـدەگات
گەرمـەتاوی هێـزی ئـەژنۆ پەنجـە لێـک توندکردنـە
تـۆ بـە تیغـی تیـژی ئـەبرۆت داتـدڕی پـەردەی حیجـاب
بەسـیە قاچـاخی ئـەوین کـەی عەسـری تیـر هاویشـتنە
کـێ دەڵـێ حـەووا فریـوی خـوارد و ئـادەم دەرکـرا
قیبلـەی ئـاوات و یەکـەم فێرکـاری هـەر پیـاوێ ژنـە
بـۆ دەبـێ ئـاواتی دڵ لـەو نێـو بەهەشتەشدا نـەبێ
جـا ئەگـەر وا بـێ لـەوێش هـەر شـوێنی ئـازادی ونـە
ئـەی بـەیانم دەرکـەوە بـا تێـر بکـەم سـەیرانی ڕووت
شـەو هـەتا سـەر هـەر نییـە ئـاخری وەجـاخی ڕۆشـنە
ژانـی شـەوگاری ڕەشـە تێیـدا دەزێ کۆرپـەی بـەیان
چەشـنی لێـوت گـوڵ دەپشـکوون خێـرە ئـەم پشـکووتنە
ڕۆح کە نێزیک بێ لە یەک مەودا و سنوور ڕێگر نییە
دێنـە کـن یـەک فاسیلەی سەردەشت و سـابڵاغ و سـنە
ئەی شنەی سروەی سەحەر جارێکـە «ئاسـۆ»ت ڕوون کـەوە
تـا بـە تیشـکت ڕوون بکـەی هـەرچی دەوار و قوژبنـە

بۆکان ٨٧/٨/١٥

# چاوپشکووتن

ئاگرێ هەڵ بوو لە نێو دڵ بێ نوور و نەوت
وا لەسەر کەیکی تەمەن هەڵ بوو شەمی پەنجاوحەوت
مووم سپی، دەست چرچ و چاو بێ‌هێز و پشتیش پڕ لە ئێش
هەر بە تەنیا ئەو دڵەم منداڵە بۆم ناکرێ زەوت
هۆ چرای ژین و هومێدان ئەی ئەوین تۆم پیر نەبی
خۆم فیدای نووری نیگای جوانی‌پەرەستی سەرڕەوت
ئەی گوڵی سووری لە نێو بەفری سپی شوکری خودات
تۆم هەبی هەر بیست ئەبم قەستەم بە نازی ئەمشەوت
باغی سینەت پارکی شادی شیعر و دڵداری منە
چاوی تۆم قیبلەی مورادە و دەرکی ئێوەم مزگەوت
ڕاستە چەن بەیتی شەلن دەسکەوتی ئەم پەنجاوشەشەم
زەردەلیمۆت تیشکی ڕێم بێ کێ شتی وای دەس کەوت
شادمانیم نووستبوو هەستا بە دەنگی نەرمی تۆ
خەم هەتا سینەی سپی تۆی دی خرپ تێیدا خەوت
لێم گەڕێن ئەی ڕەخنەگر کەم باسی ڕۆژاوا بکە
کێوەڕەش نادەم بە پاریس و بە مۆسکۆ و وەرشەوت
یا لە مینای لێو شەرابێ یان لە شووشەی گەردنت
چاوەڕێی ئیحسانە «ئاسۆ» جا لەمت بێ یان لەوت!

بۆکان، ۹۲/۳/۹

## بۆنی بەهار

دەڵێن بۆنی بەهاری دێ ڕەبی گوێی دار و بەرد کەڕ بێ
لە ژێر خاک دێتە دەر لالە عەرز گەر بەردی مەرمەڕ بێ
کە گرمانـدی هەور گرتی بناری دڵتەڕی ئاسۆ
هەموو کەس چاوەڕێیە لێوی ویشکی نەوگوڵان تەڕ بێ
نەچی گەر داوەتی گوڵ بوو بە پیری گۆشەیەک بگری
بچۆ لای دەستی سەرچۆپی ئەگەر هەر تاقە یەک گەڕ بێ
دەزانی بۆچی پەیتووکە لە پاییز ماڵ بە ماڵ دەڕوا؟
ئەویش گوڵ بوو لەوە پێشتر ڕەبی پاییز بەختشەڕ بێ
بە ئەو بێهێزییەی فەرمووی بە شیلان و بە گوڵباخی
دڵی یەکتر مەئێشێنن دەبا سەد هێندە سەگوەڕ بێ
تەمەن پاکی بەشی یەک عاشقی ناکا کەسی کاکی
دەبێ بۆچی ئەتۆ بۆ تاک و پاکی خاکی خۆت زەڕ بێ؟
لە مەیدانی عەمەڵدا گەر لە فیکری خەزز و بەزدا بی
بە کار نایەی ئەوی ڕاکات دەبێ هێندێ کز و لەڕ بێ
بەرەو «ئاسۆ» کە هەڵدەفڕی لە تەپکە و تەختە مەحفووزی
لە حەڵقەی تەپکەدا گیرە مەلی بێ باڵ و بێ پەڕ بێ

ساروقامیش، ٩٢/٢/٢٢

## راه و رسم عشق

تـا نروبـی بـه مـژه خـاک در خانـه‌ی عشـق
نشـوی لایـق یـک بوسـه‌ی جانانـه‌ی عشـق
تو شبی تا به سحر چشم به ره بـاش و مخـواب
صـبحدم یـار شـوی بـا دل فرزانـه‌ی عشـق
رهـزن حـرص و طمـع بـاش و میـازار دلـی
تا شوی سالک و هـم طالـب مردانـه‌ی عشـق
ای کـه در نـاز و تـنعّم پَـیِ دیـدار دلـی
خـارج از بـاغ نـدارد ره کاشـانه‌ی عشـق
لذّت مسـتی و معشـوق کسـی خـوب چشـید
سـر نتابیـد ز پیمـودن پیمانـه‌ی عشـق
راه اگـر یافـت بـه کاشـانه‌ی دل نـور نگـاه
جای ده! آمده همچـون پـری از لانـه‌ی عشـق
پیـردل گشـته جـوان از هـوس آن نگهـت
تـا ابـد زنـده بـود حـسّ مریدانـه‌ی عشـق
بـر فکـن مقنعـه و بـاز نمـا خـرمن مـوت
زلـف آشـفته مرتـب شـود از شـانه‌ی عشـق
آه از این حسن خداداد کـه گـل یافتـه اسـت
هر صـبا میشـود آکنـده ز دُردانـنـه‌ی عشـق
هرکـه از موهبـت جـام تـو سرمسـت نشـد
همچو «ئاسـو» نشـود شـاعر رندانـه‌ی عشـق

غار قوری قلعه، ۹۲/۲/۲۹

## سۆنامی ئەوین

قــەت نــەبوو ســاتێ دڵــم خــاڵی لــە دەردی کۆنــە بــێ
دەردی تازە هەر هەیە جا ئیدی هی کۆن بۆ نەبێ
عیشــقە تۆفــانی بــەپا کــردووە تەنیویــە دەوروبــەر
چۆن لە سۆنامی نەخنکێی جا مەگەر دڵ سۆ نەبێ
دەردی بێ چاری گەل و عیشق و خەمی نان و ستەم
قــەت بــووە یــەکیان لەوانــە بــۆ دڵــم نــامۆ نــەبێ؟
ساقیا بــۆم تێکــە تــا ئــەو کاتــە چاو ڕەنگی دەبــێ
لێم گــەڕێ لــەم دەورەدا بــا دەوری هەشــت و نــۆ نــەبێ
نان و دۆ وا بوونــە پــەردەی چاوی جــوانبینی خــەڵک
من دەڵێم یا خوا لە شاییش دەستی نەرمی دۆ نەبێ
داخەکەم لــەم خاکــەدا عیشــق و سیاســەت هــەر یەکە
قەت بووە حەتتا بە شیعریش ئیزنی گفتوگۆ نەبێ
کێ دەڵــێ پیری و زەلیلی هاوکلاسی یەک نەبوون
مــن کەســم بە پیــاو نــەزانی و نەیبەزانــدم تــۆ نەبێ
شــیعری تۆیــە وا گرێــی دڵ بــاز ئــەکا چاوبازەکــەم
هیچ کەست هاوتــا نییــە لــەم چەرخــەدا «ئاسۆ» نــەبێ

بۆکان ڕەشەمەی ٩١

# نەكەم چ بكەم؟

كە تۆ ڕۆیشتی جێت هێشتم ئەمن هەر شین نەكەم چ بكەم؟
لەڕووی تاڵەی ڕەشم نامەی عەمەل ڕەنگین نەكەم چ بكەم؟
ئەونەدە كاڵ و مندالی ئەوینی تۆم لە پەنجادا
لە حوجرەی عەشقتا ئەمشەو كەمێ تەمرین نەكەم چ بكەم؟
بە دڵتەنگی لە فرمێسكم درووست كەم جەوهەرێ ڕۆشن
لە نووسینی بە دووڕەنگی ئەگەر نەفرین نەكەم چ بكەم؟
قەڵەمڕەنگینەكان ئەمڕۆ دەمێ سوور و دەمێ شینن
لە حەیفی وان ئەگەر تەركی قسە و نووسین نەكەم چ بكەم؟
گەزیزەم كەوتە بەر سەرمای چلەی بێڕەحمی زستانی
ئەگەر شینی شنەی شەوبۆ و گوڵ و نەسرین نەكەم چ بكەم؟
بەهارە و تازە كوێستانی سەرم خاڵخاڵی ناچێتۆ
لە حەیفی پاییزی پیری پەلەی هاوین نەكەم چ بكەم؟
هەتا خوێن نەڕژێ لەم خاكە ولآمی ویستی كەس نادەن
بە فرمێسكی دڵی خوێنم وشەم خوێنین نەكەم چ بكەم؟
گوڵی سوورم لە بەر تۆیە ئەگەر فەرهادی دەورانم
بە چێژەی عەشقی ئەم خاكە قسەم شیرین نەكەم چ بكەم؟
فیدای ئەو خاكە بێ «ئاسۆ» كە تۆی پەروەردە كرد بۆ من
دڵم بۆ خۆشەویستی گەل ئەگەر پڕتین نەكەم چ بكەم؟

بۆكان بەهاری ٨٥

## بۆ کاک «دیار»ی نەوەم

وا هەمیسان کەوتمەوە یادی بزەی لێوی دیار
لەم وڵاتی غوربەتە لەم شوێنە وا وەک لالەزار
سەوز و زەرد و لێرەواری پێنجوێن وەک پەرچەمە
وەک قژ و چاوی دیارم غەمڕەوێنە و شادیوار
تا دەبینم کۆرپەیەک یەک ساڵە دڵ وەک غونچە گوڵ
وەرزی پشکۆتنیەتی پاییز بێ زستان یان بەهار
بابەکەی بابم بە چاوی تۆ قەسەم زۆر دڵپڕم
لەو وڵاتەی گەر دەکەن سووکی بە شیعری مام هەژار
بێت و لەم وەرزی خەمە دەرچم ئەدی شەرت بێ بە دڵ
نەچمە خاکێ پێنەزان بگرێ لە زانا بەرد و دار
میللەتێ گەر دۆست و دوژمن چەشنی یەک بێنێتە ڕیز
حەیفە یەک دوو شەو زیاتر پیاو لەوێ بگرێ ستار
وام لە ناڵپارێز و یادی ناڵەشکێنەمە
یادی بۆکان و دیارم چاو دەکاتە ئابشار
دوێنێ ئێوارە لە ئاویەر[1] تاو چووە جێژوانی شەو
بەربەیان هەڵهات لە بۆکان و لە کەرکووک ڕۆیە خوار
شەمسی تەبرێزی زەمانە بابەکەم باپیری تۆ

---

[1]. شەوی پێشتر لە سنە بووم، هاتمەوە. سوبحانەم لە بۆکان خوارد و بەرەو هەولێر وەڕێ کەوتم. ئێوارە گەیشتمە کەرکووک و شەوێ لە هەولێر خەوتم.

داخەکـەم زانـین بـووە پێشـێلی ناسیاسـەتمەدار

مـن ئەگـەر شیعرم نەبایـە چی دەبـوو دەس مایەکـەم

گەرچی بەهرەی هەر نەدا بۆ من ئەبەد شیعر و شیعار

دڵنیـام ڕۆژێ دەبـێ قـەدری دەگیـرێ شـیعری مـن

قەت لە باخچەی شیعری «ئاسـۆ» ناحـەزی نـاگرێ قـەرار

هەولێر، هوتێل ولات، ٢٠١٣/١١/٢

# . فەرهەنگۆک .

(زۆربەی ئەم وشانەی لێرەدا هاتوون مانای تریشیان هەیە، لێرەدا ئاماژە بەو مانایە کراوە کە لە شێعرەکەدا مەبەست بووە)

ئاودز: کێم کۆ بوون لە زام و برینـدا

ئاوسەرکەمی: هاوسەرکەمی؛ کەمایەسی، کەمبود

ئەغیار: بێگانە

ئیستنساخ: لە ڕوو نووسینەوە، نوسخە لێ هەڵگرتنەوە

بابەگوڕگوڕ: کانگەیەکی نەوتە لە باشووری کوردستان، لە شاری کەرکووک

باڕەتۆڕ: کەوی یەکساڵەی نەگیراو

بای سەبوون: بای زۆر گەرم

بوغز: ڕق و قین

بەدر: مانگی چاردە، مانگی پڕ

بەدەو: جوانچاک، ئەسپی خۆشبەز

بەردەباز: ئەو ڕیزە بەردەی لە ناو چەمدا بەسەریاندا دەپەڕنەوە

بەردەزەرد: چیایەکی لە نزیک بۆکان، شاخەوان موقبیل هونەرپەژووهـ لە ڕەوەزێکی ئەو شاخەوە هەڵدێرا و هەر لەسەر ئەو شاخەش نێژراوە.

بەروێ: بەرۆک

بەیار: زەمینی نەکێڵراو، بوورە

بێ‌دەمار: بێ‌فیز

پرینگانەوە: سڵەمینەوە، سڵە لێ کردن

پلەوبەردە: گۆماوێکە لە نزیک ئاوایی ساروقامیش

پۆڕ: باڵندەیەکی لە مریشک زلترە (دُرّاج)

پەلکە: کەزی، پرچ

پەیتوکە: جۆرێ چۆلەکەی بچووکی تیژباڵ

پێکوڵ: دڕکێکی سێ سووچە گیایەکەی بە زەویدا پان دەبێتەوە

پێسیر: یەخە، بەرۆک

تاڵە: ئەسمەری مەیلەو ڕەش

تامەزرۆ: زۆر بەتاسە

تراو: ڕوون

توربەت: گڵکۆ، مەزار

تۆرەمە: نەژاد، ڕەچەڵەک

تەپکە: داوی ڕاوەمەل

تەپلە: کڵاوی لباد

تەتە: زنجیرە چیایەکە لە هەورامان دەکەوێتە نێوان مەریوان و پاوە

تەرلان: مەلێکی ڕاوکەرە

تەرە: ئاوارە

تەگەرە: کۆسپ و لەمپەر

تەنین: دەنگ دانەوە، تەنینەوە

تەوار: مێچکەی باز، بازی مێوینە

جەردە: دز و ڕێگر

جەز: گەنمی سوورکراوی سەر خەرمان

جەیب: باخەڵ

چارداخ: کۆخی ناو مەزرا

چەقەنە: دەنگ دەرهێنان بە لێکدانی قامکە گەورە و قامکی زەرنەقووتە.



چەرمەو: سپی

چەلەنگ: شۆخ و شەنگ

حەیتە: ئەندامی نێرینەی پیاو

خۆڵەپوت: خۆڵەمێش

خوناوە: شەونم، دڵۆپە بارانی زۆر ورد

خەرمانلۆغە: شێرینی خەرمان سوور بوون

خەس: خەست

خەش ڕژان: داخ ڕژان، داخ لە دڵدا نەمان

دڵەڕاوکە: دوودڵی، نیگەرانی

دەسنیا: چانراو، نانەوە (دار)

ڕسکان: ڕووان و هەڵچوون

ڕۆچنە: کونی ماڵ بۆ رووناکایی

ڕەحیمارا: گەڕەکێکی کوردنشینی کەرکوکە

ڕەشانگ: عەرزی بەفر لێ نەماو، تۆپەنێک لە زەوی کە بەفرەکەی تواوەتەوە

ڕەوت: جۆری ڕۆیشتن

ڕەوڕەوە: ئامرازێکە بۆ یاریدەدانی منداڵ بۆ پێ‌هەڵگرتن

زەل: قامیش

ژەرەژ: کەو

ستار گرتن: ئارام گرتن

سرک: قوشقی، ڕەوەک

سۆبە: زۆپا، کوورە

سۆدرە: برێتی لە خەڵکی سادە

سۆنە: نێرەمراوی، سەرسەوز

سوێسکە: سووسک، سویسکە، باڵدارێکە

سیخوار: زوقم، خووسار

سیوادە: برێتی لە خەڵکی سادە

شای‌مەردان: چیایەکە لە باشووری ئاوایی ساروقامیش

شل: ڕەنگی سووری کاڵی پنوکپنوک

بە کلک شەن کردن: برێتی لە کەیف ساز بوون

شەشدەر: شەش لا، جێگەی کایەی مۆرەی شەش خاڵ لە نەردیندا

شەتار بەستن: قەڵەشین، دادران

شیبا: سووکەبای شەوانە

غەنج: ناز و کریشمە

غیلمان: کوڕی جوانکیلەی بەهەشتی

شەن کردن: هەڵاویشتن و بە با دانی خەرمان

فێس: تەقیلە و کڵاوی قووچی سوور

تاشە ماسی: قەشە، جۆرێ ماسی زار گەورەی گۆشتخۆشە

قریوە: هەراوهۆریا لە خۆشیان

قلیچ‌قایە: چیایەکە نزیک ئاوایی ساروقامیش

قەرابە: دەفری گەورەی ئارەق و شەراب

قەدپاڵ: گەوە، ناوەڕاستی چیا

قەقنەس: باڵندەیەکی خەیاڵی دەنگ‌خۆشە گۆیا دوای عومرێکی درێژ چرپی و چاڵ کۆ دەکاتەوە، دەخوێنێ و باڵ لێک دەدا تا ئاگر دەکاتەوە و خۆشی تێدا دەسووتێ.

قەیرە: کچی گەراوە

قڕ بوون: قوڵت بوون، نابوود بوون و هیچ پێ‌نەمان

قەڵەم کردن: پەڕاندن (لاق)

کر: نەخش

کڕ: بێ‌دەنگ

کرژ: بەنی توند بادراو

کۆ: کۆگای سووری خرمان

کۆڵ: نووک پەڕیو، زبر

کۆلارە: بادەوەی کاغەزی، تەیارەی کاغەزی

کۆلکە: قدیم بە دەفتەری تۆماری ناو و نیشان دەگوترا

کەشار: ئاو لە زەوی نان بۆ ئاوەنیا، زەوی ئاو دان بەر لە جووت کردن

کەشمەکەش: کێشە و هەرا

کەلی کورتەک: چیایەکە لە باشووری کوردستان

کەوبوار: ڕێگەی گەرمێن کوێستان کردنی کەو

کەو کردن: سەرەند کردن و دابێژتن (کەو ئامرازێکی بێژنگ‌ئاسای کونکونە بۆ دابێژتنی دانەوێڵە کەڵکی لێ وەردەگیرێ)

گڕ: زبر، کوڵ

گراوی: یار

گردەمل: هێستانی ئەستۆ، پێشەی مل

گزلکە: گزلاوی بچووک

گەس: تامێک کە زار کۆ دەکاتەوە؛ وەک تامی میوەی کاڵ

لاتیل: تماشا کردن بە گۆشەی چاو

لانەواز: نازشیواو

لۆ: تاڵ (بەن)

لۆلۆ: چین لەسەر چین، توێتوێ

لەمپەر: کۆسپ

لەنگیزە: قورەچڵپاوی بارانی زۆر

مارانگاز: مارگەستوو

مڵک و ماش: دارایی

مۆز کردن: توند ڕا کردن

مەغموون: زیان دیتە لە سەودا

مەشکەی گاوس: مەشکەی دروستکراو لە پێستی گا

مێژوەرد: گیایەکە لەوەڕێکی خۆشی ئاژەڵانە

مێلاک کردن: زەواد کردن، لێ خواردن

ناسۆر: برینی تەشەناکردوو

نەقارە: جۆرە تەپڵێکە بە دوو دار لێدەدرێ

وار: جێگە ژیانی هاوینان لە ئێلاخ، هاوینەهەوار

وەشت: نەرمەبارانی بە کزەباوە

هبووت: دابەزین، هاتنە خوار

هۆڕ: جەواڵی زۆر گەورەی یەکتایی

هەرزاڵ: جێگەی کەل و پەل لەسەردانان لە ڕەشماڵ و لە ناوماڵدا

هەڵبواردن: خۆ لێ لادان، سرنج پێ نەدان (خەت هەڵبواردن: لادان لەسەر ڕێچکەی خۆ)

هەیاران: ئەی دۆستان!

هێڵ: خەت



(ئاسۆ)

١٣٦٩-١٣٩١

# نەورۆز

محەممەدسەعید نەجاڕی

انتشارات علمی کالج
College Scientific Publication
ISBN:978-600-8003-45-8